

د. کامەران یونس، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین:

## ڕیفراندۆم فێری کردین دەمرین، بەڵام تەسلیم نابین

# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٢٠)- (١٣)ی حوزەیرانی ٢٠٢٢

# خوێندنەوەی دیوێکی دیکەی هێرشە درۆن و مووشەکییەکان بۆ سەر هەولێر

ئامانجی ئەم هێرشە تیرۆریستییانە تەنیا هەرێمی کوردستان نییە بەڵکو لێدانە لە ڕۆڵ و کاریگەریی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان






# دامەزراندنی بەرەی (جود)

## ٢١

پارتی لە ساڵی ١٩٧٦دا لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی گوڵان هەوڵێکی تەواوی دا لەپێناو زەمینەخۆشکردن و ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی لەبار و گونجاو بە مەبەستی پێکهێنان و دامەزاندنی هەردوو بەرەی کوردستانی و عێراقی، بۆ کۆکردنەوەی هێز و لایەنە کوردستانی و عێراقییەکان و یەکخستنیان دژی ڕژێمی بەعس و فاشیستی عێراق. بۆ ئەم مەبەستەش پارتی لە پێناو دامەزراندنی بەرەیەکی بەرفرەوانی عێراقیدا، دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانیی بە زەمینەیەکی لەبار و گونجاو و پێویست دەزانی.

تەنانەت سەرکردایەتیی کاتیی پارتی لە دواکۆبوونەوەی خۆی لە ١٢ و ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥دا بڕیاری‌دا هەوڵ بدرێت بۆ یەکخستن و یەکگرتنی هەموو هێزە کوردستانی و ڕزگاریخوازەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتە شۆڤینییەکانی بەعس لە کوردستان و عێراقدا. لە کۆنگرەی نۆیەمیشدا، گرنگی و بایەخێکی تایبەتی بە پێویستیی دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی و نیشتمانی و عێراقی‌دا، وەک ناوەندی کۆکردنەوەی هێز و تواناکانی لایەنە بەرهەڵستکارەکانی ڕژێمی بەعس و بڕیاری تایبەت لەو بارەیەوە درا.

دوای هەوڵێکی زۆر لەگەڵ پارت و لایەنە دۆست و هاوپەیمانەکانمان، کاتژمێر دەی شەوی ٢٨ لەسەر ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠، لە (کەوپەڕ) بەرنامە و پەیماننامەی بەرەی سێ قۆڵیی (الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية) لە نێوان پارتی و حزبی شیوعیی عێراق و حزبی سۆشیالیستی کوردستان ئیمزا کرا.

دوای ماوەیەکی کەم لە دامەزراندنی بەرەی جود، پارتی سۆشیالیستی کورد (پاسۆک) هاتە ناو بەرە. دوای چەندین کۆبوونەوە و گۆڕینەوەی ڕا و تێڕوانینەکان لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٨٤دا سێ حزبی تری کوردستانی و عێراقی هاتنە ناو ئەو بەرەیەوە کە بریتی بوون لە::

* حزبی گەلی دیموکراتی کوردستان
* پارتی سۆشیالیستی عێراقی
* کۆبوونەوەی (التجمع) دیموکراتی عێراقی.

# چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی نامیلکەی (توظيف الماضي للمستقبل تذكيرات لا مذكرات) کە کۆبابەتی نووسراوی بەڕێز فازڵ میرانی تێکۆشەر و سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە بە زمانی عەرەبی کەوتە کتێبخانە و بەردەستی خوێنەرانەوە.

ئەم کتێبە بەڕێزان (خەلیل بەرواری و شامل مەردان) ئامادەیان کردووە، ناوەڕۆکی هەر (٢٠) ناونیشانی وتارەکان زادە و کاکڵی پتر لەنیو سەدە لەخەباتی سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسییی بەڕێز میرانییە، ئاوێتەی بەناوبانگترین قوتابخانەی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری بووە لە کوردستاندا، ئەویش قوتابخانەی سەربەرزی و بەرخۆدان و شکۆمەندی باوکی ڕۆحی و نەتەوەیی کورد مستەفا بارزانیی نەمرە.

بەڕێز میرانی کە نووسەری بابەتەکانی ئەم نامیلکەیە، بە درێژایی ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتیدا لە چەندین ئاستی سیاسی و خەباتی چەکداری و دیپلۆماسی کاری کردووە، ئەم بابەتانەی بە زمانێکی پڕ لە ڕەوانبێژی و ڕوون و پاراو دارشتووە، هەروەها بە تێر و تەسەلی و بە شرۆڤەکردنێکی سەرکەوتووانەی سیاسی خوێندنەوەیەکی هزری بۆ خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد لەڕێی بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی خستووەتە ڕوو. بەڕێزیان دەڵێت: ئەم چەند لاپەڕەیە هەموو ئەو ڕووداوانە نین کە لە یادگەماندان، سەرجەم وتارەکان وەبیرهێنانەوە و یاد کردنەوەی لاپەڕەکانی تێکۆشانی ڕۆڵەکانی کوردە لەنێو بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتیمانیی کوردستاندا. بۆ کەسێك کە بخوازێت بەکاکڵی خەباتی نەتەوەیی کورد ئاشنا بێت، ئەم نامیلکەیە کە خۆی لە بیست ناونیشان دەبینێتەوە، کورتترین ڕێ و پوختترین دەقی بەردەستە تا ئێستا، ناونیشانەکانی لە واقیعەوە هەڵێنجراون ئەزموونگەلی مێژووی کوردن. خوێنەر کاتێك بە ناوەڕۆکی ئەم نامیلکەیە ئاشنا دەبێت، بەراوردی دەکات لەگەڵ واقیع، بێگومان یەقینی زیاد دەبێت بەوەی کە (ئێستا) بەرهەمی تەوزیفی (ڕابردوو)ە، (ئایندە) یش دەبێتە بەرهەمی تەوزیفکردنی (ئێستا) کە بێ گومان سبەی بەرەکەی دەچنینەوە. ئەم نامیلکەیە ژیاننامەی تایبەتی نییە کە نووسەر وەك چیرۆك بۆ خوێنەرانی بگێڕێتەوە، بەڵکو بابەتەکان زیاتر لە کۆمەڵگا و کێشە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەکانی نزیکن، کە دوژمنان لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لایانداوە و زیاتر ئەم کێشانەیان قووڵتر کردووەتەوە تا گەیشتووەتە ئاستیماڵوێرانی و کارەسات.

دەستخۆشی لە بەڕێز سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین بۆ ئەم نامیلکە دانسقەیە و دەستی ماندووبوونی خەلیل بەرواری و شامل مەردان دەگوشین کە ئامادەیان کردووە.. بە هیوای بەرهەمی زیاتر..




موسا ئەحمەد :



**لە هەر پارێزگا و شوێنێک گرفتی کەمئاوی هەبێت، دەزگاکەمان ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین دەکات**

دکتۆر هەڤاڵ سدیق ئیسماعیل :



**٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەمدەرامەت و کرێنشین بە کوالێتییەکی باش و دادپەروەرانە دابەش دەکرێت**

فەتحی محەمەد :



**دەستپێکردنی پرۆسەی پێدانی پارەی گەنم دەستکەوتێکی گەورەی حکومەتە بۆ جووتیاران**

ئەلۆن بێن مایەر :



**چارەسەر بۆ کۆتاییهاتنی شەڕەکە ئەوەیە ئۆکرانیا ببێتە وڵاتێکی بێلایەن**


■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**رێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان رەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

د. عوسمان عەلی وەیسی :



**بێلایەنی لە بڕیاری دادگای فیدراڵی بەدی ناکرێت و سەربەخۆیی پێویست لەم دادگایەدا بەرجەستە نەبووە**

**ئیدانەی کوشتنی ئافرەتان و داوای بنبڕکردنی ئەو تاوانە دەکرێت**



عەبدوڵلا بەختیار:


**دەمەوێت لە ڕووی وەرزشییەوە وڵاتەکەم بەرەوپێش ببەم**



**هۆکارەکانی زوو بیرچوونەوە**



**داتاشۆی زیرەک**
**بۆ نیشاندانی 8K**



سۆنیا هیوا :

**ئامادەم هەموو ڕۆڵێک بەرجەستە بکەم بە مەرجێک لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا بگونجێت**





# خوێندنەوەی دیوێکی دیکەی هێرشە درۆن و مووشەکییەکان بۆ سەر هەولێر





ناکرێت هەرچەند هەفتەیەك جارێك پایتەختی هەرێمی کوردستان (هەولێر) بکرێتە ئامانج بۆ مووشەکی بالیستی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و کاتیویشا و مووشەکی گراد و...هتد، پرسەکەش لە چوارچێوەی ئەو بڕوبیانووانە بچووك بکرێتەوە، وەك ئەوەی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ پاکانەی مووشەکە بالیستیەکانی دەڵێت: «نووسینگەی هەواڵگریی ئیسرائیل (موساد) لە هەولێر بوونی هەیە. ئەوەی پێی دەڵێن «چەکدار و ملیشیای لە یاسا دەرچوو» بە حیساب موقاوەمەن و دەیانەوێت دژایەتیی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بکەن، لە بەرامبەرامبەریشدا کۆی دامەزراوە باڵاکانی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق بە «سەرۆکایەتیی کۆمار، سەرۆکایەتیی وەزیران، سەرۆکایەتیی پەرلەمان»ـەوە سەرکۆنەیەکی شەرمنانەی ئەو کردەوە تیرۆریستییە ترسنۆکانە دەکەن، پاشانیش بە بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی هەواڵگریی دەوڵەتی لەسەر بکرێت و ڕاستییەکان بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکرێت و، سنوورێکیش بۆ ئەنجامدەرانی دابنرێت، پەردەی بە سەردا دەرێت و بێدەنگی لێ دەکرێت، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی ئەو هێرشانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە گشتی و پایتەخت (هەولێر) بە تایبەتی بەردەوام بن.

لێرەوە ئەگەر هەڵوەستە لەسەر گوتاری پشت ئەو هێرشە تیرۆریستی و ترسنۆکانەیانە بکەین کە دەکرێنە سەر هەولێر، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هەموو بڕوبیانووەکانیان بۆ ئەو هێرشە تیرۆریستییانە بریتییە لە هەڵوێستی «سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان» لەسەر دووبارە ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق و دووبارە بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی لە ناو دەستووری ساڵی ٢٠٠٥دا، ئەم گوتارەش سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و بەشێك لە سەرکردەکانی «چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە»

نەیانشاردووەتەوە و بە ئاشکرا ڕایانگەیاندووە، گوشارەکانیش بۆ ئەوەن سەرۆك بارزانی سازش لەسەر ئەو هەڵوێستەی خۆی بکات، کە ئێستا بووەتە کۆڵەگەی ئەو هاوپمانییە سێ قۆڵییەی «ڕزگاریی نیشتمان» کە هەر سێ لایەنی سەرەکی «تەیاری سەدر، هاوپەیمانیی سیادە و پارتی دیموکراتی کوردستان»ی لە خۆی گرتووە.

لەم ڕاستەوە ئەگەر هەندێك لەسەر کاریگەریی «هاوپەیمانیی ڕزگاریی نیشتمان» وەك بەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ ڕابوەستین و ئەو چەمکانە دووبارە بکەینەوە کە بەشێکی زۆری پەرلەمانتارانی «چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە» لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنە عێراقییەکانەوە دووبارەیان دەکەنەوە و دەڵێن «ئامانجی ئەم هاوپەیمانییە بۆ ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی بکەنەوە و، دەیانەوێت یەکڕیزیی نێوماڵی شیعە پەرت بکەن و، ئەمەش وەك مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی ئێران لە قەڵەم دەدرێت». ئەوجا ئەگەر ئەم قسانەی پەرلەمانتارانی سەر بە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە لەناو واقیعی پرۆسەی سیاسیی عێراق و، هەوڵەکانی هاوپەیمانیی ڕزگاریی نیشتمان بۆ دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت و ئەو ئاستەنگانەی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بە ناوی «سێیەکی پەکخەر - الثلث المعطل»، خوێندنەوەیەکی سیاسییانەی وردی بۆ بکەین، ئەوا ئەو کات دەزانین وەك پەندە کوردییەکە دەڵێت «کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ ڕژاوە»، ئەمەش مانای ئەوەیە:

١. دەنگدەرانی عەرەبی شیعە سزای ئەو لایەنانەی «چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە»یان داوە کە ماوەی زیاتر لە ١٧ ساڵ دەسەڵاتی عێراقیان بە دەستەوە بووە و نەیانتوانیوە یەك خزمەتگوزارییان پێشکەش بکەن و، ئەوەندەی بەرژەوەندیی دەوڵەتێکی دراوسێیان لەبەر چاو گرتووە، ئەوەندە خۆیان بە عێراقی نەزانیوە، ئەم پەیامەی دەنگدارانی عەرەبی شیعە واتە کۆتاییهاتنی خۆری ئەو لایەنە وەلائییانەی کە ماوەی ١٧ ساڵە وڵاتەکەیان کاول کردووە.

٢. ئەو لایەنانەی لە هاوپەیمانیی ڕزگاریی نیشتمان هاوپەیمانییان گرێداوە، ڕاستە نوێنەرایەتیی زۆرینەی هەر سێ پێکهاتەی سەرەکی «کورد و سوننە و شیعە» دەکەن، بەڵام ئامانجێکی هاوبەش پێکەوە کۆی کردوونەتەوە، ئەو ئامانجەش دووبارە دروستکردنەوەی «ناسنامەیەکی هاوبەش بۆ دەوڵەتی عێراقە کە تیایدا وەك نیشتمانێکی هاوبەش هەر سێکیان هەست بە عێراقیبوونی خۆیان بکەن»، ئەم ئاراستەیە لەگەڵ بیروبۆچوون و ئاراستەی ئەو لایەنانەی شیعە یەك ناگرێتەوە کە بە ئاشکرا و بە بێ سڵەمینەوە داوای ئەوە دەکەن دەوڵەتی عێراق «کۆمارێکی ئیسلامی بێت، وەك فۆتۆکۆپی کۆماری ئیسلامیی ئێران»، ئەمەشیان بە ڕێگەی پەرلەمان و دروستکردنی هاوپەیمانیی «زۆرینە» بۆ مەیسەر نابێت، بۆیە پەنایان بردووەتە بەر هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لە نەیارانیان و «پارتی دیموکراتی کوردستان، هاوپەیمانیی سیادە (حەلبوسی و خەنجەر) و ئەندامانی تەیاری سەدر»یش بە نەیاری خۆیان دەزانن، لەمەش زیاتر پەنابردن بۆ بەناو «دادگای فیدراڵی» و کاری ترسنۆکانەی مووشەك و درۆن بۆ سڕینەوەی هەرێمی کوردستان.

ئەگەر لەسەر ئەم هەڵوێستە دژانەی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کە لە دژی کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراق گرتوویانەتەبەر، جارێکی دیکە هەڵوەستە بکەین و ئەو پرسیارە بکەین «ئایا لە ناوماڵ و نێوانی لایەنە سیاسییەکانی شیعە چی دەگوزەرێت؟»، بێگومان لە وەڵامی ئەم پرسیارە ئەم دەرەنجامانە هەڵدەقوڵێن:

ا- موقتەدا سەدر کە سەرۆکی «تەیاری سەدرە» کوڕی «محەمەد محەمەد سادق سەدر»ە و لەگەڵ ئەوەی وەك تەنیا لایەنی شیعە بەرامبەر هەموو لایەنەکانی «چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە» ڕاوەستاوە، ئەوا جیا لەوەی ژمارەی کورسییە پەرلەمانییەکانی لە کۆی کورسیی هەموو لایەنەکانی «چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە» زیاترە، لە هەمانکاتدا پێگەی جەماوەری و شکۆی وەك کوڕی مەرجەعییەتێکی وەك «محەمەد محەمەد

**ئەم هەڕەشە و هێرشە تیرۆریستییانە بۆ سەر خودی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان نین، بەڵکو بۆ سەر «پارێزەری ئەو کیان و قەوارە»یە کە ئێستا سەرۆک مسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەیپارێزن**

**کۆی دامەزراوە باڵاکانی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق بە «سەرۆکایەتیی کۆمار، سەرۆکایەتیی وەزیران، سەرۆکایەتیی پەرلەمان»ەوە سەرکۆنەیەکی شەرمنانەی ئەو کردەوە تیرۆریستییە ترسنۆکانە دەکەن**

**هەموو بڕوبیانووەکانیان بۆ ئەو هێرشە تیرۆریستییانە بریتییە لە هەڵوێستی «سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان» لەسەر دووبارە ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق و دووبارە بونیادنانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی لە ناو دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ دا**

سادق سەدر»، لە هەموویان بەهێزترە و، لە ڕووی هێزی سەربازییشەوە خاوەنی هێزەکانی «سەرایای سەلام»ە کە لە هێزی هەر لایەنێکی دیکەی شیعە بەهێزترە و، لەم پێگە و هێزەشدا، شەخسی موقتەدا سەدر ڕایگەیاندووە «نەخێر و هەزار جار نەخێر. لەگەڵ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی ڕێك ناکەوم و هەر دەبێت حکومەتی داهاتووی عێراق هاوپەیمانیی زۆرینە (ڕزگاریی نیشتمان) پێکهێنەری بێت»، لەمەش زیاتر لە یەك دوو ڕۆژی ڕابردوو هەڵوێستێکی توندتری ڕاگەیاند کە ئەویش ئەوە بوو داوای لە تەواوی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکەی (٧٥ پەرلەمانتار) کرد کە هەموویان دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان بنووسن و پێشکەشی حەنانە «نووسینگەی سەدر»ی بکەن، بۆ ئەوەی دواتر بە پێی فەرمانی خۆی مامەڵەی لەگەڵ ئەو دەست لەکارکێشانەوانە بکەن، ئەمەش هەڵوێستێکی دیکەی تەیاری سەدرە کە هێندەی دیکە ناوماڵی سیاسیی شیعەی ئاڵۆزتر کردووە.

ب- بۆ ئیحراجکردن و مایەپووچکردنی پڕوپاگەندەکانی لایەنەکانی «چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە» بەوەی کە گوایە سەدر دەیەوێت عێراق لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندییەکانی ئاسایی بکاتەوە، داوای لە پەرلەمانی عێراق کرد کە یاسای «تەحریم و تەجریم» ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی عێراق و ئیسرائیل دەربکات و، بەدەرکردنی ئەم یاسایە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، هێندەی دیکە هەڵوێستی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە لەناو پرۆسەکە هاتە خوارەوە، لەمەش زیاتر ئەو درۆ و دەلەسانەی لەسەر هەرێمی کوردستانیش پووچەڵ کردەوە کە ماوە ماوە باس لەوە دەکرێت نووسینگەی موسادی ئیسرائیلی لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە.

ئەگەر لە دوماهیی ئەم دێڕانەدا بگەڕێینەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی ڕق و کینەی ئەو لایەن و تاقمە وەلائیبیانەی کە دژی هەرێمی کوردستان پیادەی دەکەن و، بەردەوام بە ڕێگەی دادگای بەناو فیدراڵی و مووشەك و درۆنەوە هەڕەشە لە قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکەن و، هەموو هەوڵێکیان خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە بسڕنەوە، ئەوا زۆر ڕاشکاوانە و بە بەڵگەوە دەتوانین بڵێین «ئەم هەڕەشە و هێرشە تیرۆریستییانە بۆ سەر خودی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان نین، بەڵکو بۆ سەر «پارێزەری ئەو کیان و قەوارە»یە کە ئێستا سەرۆك مسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەیپارێزن و، زۆر باش ئەو تاقم و لایەنە وەلائیبیانە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئامانجی شەخسی سەرۆك بارزانی «تەنیا بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان نییە، بەڵکو پارێزگاریکردنە لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتی و فرەییدا»، ئەم ئامانجەی ئێستای سەرۆك بارزانی، دووبارە تەرجەمەکردنەوەی ئامانجە گەورەکەی مستەفا بارزانی-یە لە شۆڕشی ئەیلوولدا کە پێداگری لەوە دەکرد «پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا»، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول ڕێککەوتننامەی ئاداری لەگەڵ حکومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٧٠ ئیمزا کرد. دیارە مێژوو ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە چۆن پەشیمانبوونەوەی بەعس لە ڕێککەوتنی ئادار بووە هۆکاری ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی شکستخواردووی بێ سەروەری، ئێستاش مێژوو بە شێوەیەکی دیکە خۆی دووبارە دەکاتەوە، هەوڵی بەشێك لە لایەنە سیاسییەکانی شیعە بۆ پێشێلکردنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان و هێرش و هەڕەشەکانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دووبارە عێراقی کردووەتەوە دەوڵەتێکی شکستخواردووی بێ سەروەری و، هیچ کەسێك نازانێت داهاتووی عێراق وەك دەوڵەت بەرەو کام ئاراستەی هەڵدێر دەڕوات، سەرەنجامیش پارێزەرەکەی هەرێمی کوردستان «سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان» هەر جێگەی متمانەی گەلی کوردستانن و پێگە و شکۆی خۆیان و گەلەکەیان دەپارێزن لەگەڵ ئەو لایەنانەی هەوڵ بۆ ناسنامەیەکی هاوبەش بۆ دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق دەدەن.

**دەنگدەرانی عەرەبی شیعە سزای ئەو لایەنانەی «چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە»یان داوە کە ماوەی زیاتر لە ١٧ ساڵ دەسەڵاتی عێراقیان بە دەستەوە بووە و نەیانتوانیوە یەک خزمەتگوزارییان پێشکەش بکەن**

**موقتەدا سەدر ڕایگەیاندووە «نەخێر و هەزار جار نەخێر. لەگەڵ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی ڕێک ناکەوم و هەر دەبێت حکومەتی داهاتووی عێراق هاوپەیمانیی زۆرینە (ڕزگاریی نیشتمان) پێکهێنەری بێت»**

**هەوڵی بەشێک لە لایەنە سیاسییەکانی شیعە بۆ پێشێلکردنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان و هێرش و هەڕەشەکانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دووبارە عێراقی کردووەتەوە دەوڵەتێکی شکستخواردووی بێ سەروەری**

# ئاسایشی نەتەوەییمان هەڕەشە و مەترسییەکان

**زۆر جار بۆچوونی جیاوازی لایەنە سیاسییەکان هەبووە لەسەر هەندێ مەسەلەی سیاسی کە بە دیپلۆماسی و سازانی سیاسی چارەسەر کراون**

دەستنیشانکردنی هەڕەشە و مەترسییەکان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگ و ستراتیژییەکان، کە پێویستە لە سەرەتای دارشتنی سیاسەت کاری لەسەر بکرێت، وەك ستراتیژیەتێك بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، دەبێ لە سەرەتاوە لە بۆچوون بۆ چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی ئەم مەسەلەیە بخوێندرێتەوە. بۆچوونی میلیتاری هەیە، کە تەنیا بە هێزی سەربازی و هەواڵگری و میلیتاری دەتوانێت ڕووبەڕووی مەترسی و هەڕەشەکان ببێتەوە، بۆچوونی گەشەپێدانیش هەیە کە تازەیە بە گەشەپێدانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تا ڕاددەیەك ڕووبەڕووی ئەو مەترسی و هەڕەشانە دەبێتەوە، بۆچوونی هاوچەرخیش هەیە کە بەپێی خشتەیەکی زەمەنی کە ئابووری بێت، دوای ماوەیەك سیاسی بێت و دوای ئەو کۆمەڵایەتی و دواتریش هەرێمی و نێودەوڵەتی بێت.

چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی گەڕانە بە دوای دابینکردنی قەوارەیەکی ستراتیژی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە زیندووەکان، واتا لە مەترسی و هەڕەشەکان دەبێ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان دەستنیشان بکرێن، چونکە بەشێکن لە ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها مەسەلەی ئامانجە نەتەوەییەکان، کە زۆر گەورەن لە ئامانجەکانی هەر کیانێك، لەسەر ئاستی کارکردن بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسی و هەڕەشانە، بە ئاستی ناوخۆ دەبێت، واتا بە ئاستی سیاسی و میلیتاری و کۆمەڵایەتی و ئاستی دەرەوەش دەبێت، هەروەها لایەنە هەرێمییەکان، واتا سیستەمی ئەمنیی هەرێمی، لایەنە دەرەکییەکان واتا سیستەمە نێودەوڵەتییەکان.

پاش ئەم دەروازەیە دەتوانین بەم شێوەیە بۆ بابەتەکە بچین، هەڕەشە و مەترسییەکان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان چین؟ ئێمە ئەزموونی سی ساڵمان لە هەرێمی کوردستان هەیە، واتا سێ دەیە لە سەدەیەك، پتر لە چارەگە سەدەیەك، بنیاتنانی سیاسی و دەستووری و یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبووە، ئەم بنیاتنانە بێ هەڕەشەو مەترسی نەبووەو ناشبێت، دیارترین هەڕەشەکانیش خۆی لە هەڕەشەی سیاسی دەبینێتەوە کە گرنگترینیان ناسەقامگیریی سیاسییە. پرسیار ئەوەیە ئایا هەرێمی کوردستان سەقامگیریی سیاسیی هەیە، یان نا؟ دەتوانم بڵێم هەیەتی، بەپێی پرەنسیپەکانی مەشرووعییەتی یاسایی، بەڵگەش بۆ ئەمە دەستاودەستکردنی دەسەڵات و نزیکەی نۆ کابینەی حکومەتە، هەروەها پێنج خولی پەرلەمان بە هەڵبژاردن، واتا پەنابردن بۆ گۆڕینی ئاشتییانەی دەسەڵات. زۆر جار بۆچوونی جیاوازی لایەنە سیاسییەکان هەبووە لەسەر هەندێ مەسەلەی سیاسی کە بە دیپلۆماسی و سازانی سیاسی چارەسەر کراون.

گوڵان



## د.نەژدەت ئاکرەیی

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

لە مەترسییەکانی دیکەی سەر ئاسایشی نەتەوەییمان مەسەلەی قەیرانەکانە، بە پلەی سەرەکی قەیرانی ئابووری کە لە ماوەی ڕابردوودا تووشی ئەم هەرێمە بوو، بەڵام هەرێمی کوردستان بە ئەنجامدانی دیپلۆماسییەتی وزە وای کرد، جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەك هەبێت لەم مەسەلەیە، لە هەمان کاتدا دەبێ لە ژێر فۆکسدا بێت، ماوە ماوە بەرزی و نزمیی نرخی نەوت، پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی بەغدا، کێشەکان لە بواری نەوت و گاز وا دەکەن کە دەبێت ئەم قەیرانە هەبێت، ئەمەش دەبێت بە دیالۆگ چارەسەر بکرێت.

مەترسییەکەی دیکەی سەر ئاسایشی نەتەوەیی، «تیرۆر»ە. ئەزموونێکی باشمان هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر تا ڕاددەیەکیش سەرکەوتووین، لەم ماوەیەی ڕابردوودا هێزی پێشمەرگە و ڕۆڵی سەرۆك بارزانی ڕوون و بەرچاو بووە، لەگەڵ هاوکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی.

بێگومان لە ماوەی سی ساڵەی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان دەستی بە بنیاتنانەوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کرد، ئەم بنیاتنانەوەیەش تووشی مەترسی و هەڕەشە بوو، هەندێکیان نێوخۆیی و هەندێکی دیکە هەرێمی و دەرەوە بوون، بەڵام تا ڕاددەیەك ئەم مەسەلەیە ئێستا لە ژێر دیراسەتدایە و بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی وەبەرهێنان وای کرد کە هەرێم بەرەو ئاستێکی دیکە بڕوات لە بواری وەبەرهێناندا، لە مەترسییە ئابوورییەکانی دیکە، کێشە ئابوورییەکان کە لە کوردستاندا هەن، مەسەلەی بودجە و مووچە و سیاسەتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتوگوزار و بەرزی و نزمیی نرخ لە بازاڕەکاندا، مەسەلەیەکی دیکە کە پێی دەگوترێت «گەندەڵی»، بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی چاکسازی هەنگاو بە هەنگاو لەسەر بنەمای شێوازی چاکبوونەوەی فارگۆنەکانی شەمەندەفەر، تا ڕاددەیەك هەنگاوی باشی ناوە، کە چاکسازی بوو لە مەسەلەی مووچە، داهات و خەرجییەکان، گرنگترینیان چاکسازی بوو لە داهاتی نێوخۆیی و بواری نەوت و گاز.

پرسیار لەوەدایە لە ڕووبەڕووبوونەوە و مەترسییە ئابوورییەکان گەشەپێدان چۆن دەبێت؟ گەشەپێدان وەرچەرخانە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، گەشەپێدانیش تەنیا لایەنی ئابووری ناگرێتەوە، لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە، واتا پێکەوە گرێدراون، ئاسەواری ئەمەش لە بژێوی و داهاتی هاووڵاتی و نەتەوەیی هەرێم بەدەر دەکەوێت، ئایا قەرزاریی دەرەکی و قەرزاریی هەرێم بۆ دەرەوە ئەمەش گرفتە؟ نەك لە هەرێم، بەڵکو لە زۆر وڵاتی دیکەی وەك لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین ئەم قەرزانە هەیە،

**ئەزموونێکی باشمان هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر تا ڕاددەیەکیش سەرکەوتووین، لەم ماوەیەی ڕابردوودا هێزی پێشمەرگە و ڕۆڵی سەرۆک بارزانی ڕوون و بەرچاو بووە، لەگەڵ هاوکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی**

گەڕاندنەوەی ئەم قەرزانەش خشتە بە خشتە دەبێت، تاکو کاریگەریی نەکاتە سەر ئابووری و ئاسایشی نەتەوەیی.

هەڕەشە و مەترسییەکانی دیکە گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانە کە پەیوەستە بە کۆچکردن، بێکاری و هەژاری، تا ڕاددەیەك کۆچکردن لە هەرێمی کوردستان سنووردارە، بەڵام دەبێت بە دامەزراوەیی بکرێت و دیراساتی بۆ بکرێت، مەسەلەی بێکاری، دەپرسین ئایا دامەزراندن تەنیا بەرپرسیارێتیی حکومەتە، یان هی دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییشە؟ لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت دامەزراوەکانی دیکە پاڵپشتیی حکومەت بکەن و بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری بە دوای دابینکردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا بگەڕێن، هەژارییش هەیە، بەڵام بەم شێوەیە مەترسیدارە نییە، هەرێمی کوردستان لە ژێر هێڵی هەژاریدا نییە، داهاتی تاکە کەس بە بەراورد بە شوێنەکانی دیکە باشترە، جاربەجار باس لە مادده هۆشبەرەکان دەکرێت، تا ئێستا هەرێمی کوردستان وەك ڕێڕەوێك حیساب دەکرێت بۆ ئەم ماددەیانە، کە لە ئێران و ئەفغانستان بۆ کوردستان و لێرەوەش بۆ تورکیا و ئەورووپا، ئەمەش بەرپرسیارێتیی گەورە دەخاتە سەر شانی دەزگا ئەمنییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، نابێت ئەمە ببێتە دیاردە و هاووڵاتی ببێتە قوربانیی ئەم دیاردەیە.

ئەگەر باسی مەترسییەکانی دەرەوە بکەین بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان، مەترسیی هەرێمی بە پلەی یەکەم دێت، وەك تورکیا و ئێران و سووریا و تەنانەت عێراقیش، دەبێ ئەم مەسەلەیە بە جوانی دیراسەت بکرێت، چونکە هەڕەشەکانی هەرێمی، سیاسی و میلیتاری و کۆمەڵایەتی و ئابوورین، هەرێمی کوردستانیش بە سیاسەتێکی دۆستانە و ئابووریی هەمەچەشن لەگەڵ ئەم قەوارانە توانیویەتی تا ڕاددەیەك کاریگەریی لەسەر سیستەمی ئەمنیی هەرێمی هەبێت، بە دڵنیاییەوە هاتنەکایەوەی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی وای کرد، هاوکێشەکانی وڵاتە هەرێمییەکان بۆ هەرێمی کوردستان بگۆڕدرێت، مەترسیی نێودەوڵەتیش پەیوەستە بە سیستەمی تازەی نێودەوڵەتییەوە، چونکە ئێمە لە وڵاتێك دەژین فرەجەمسەری و بێ سەروبەرییە، هیچ جەمسەرێك ددان بەوی دیکەدا نانێت، ئەمریکا و ڕووسیا و چین و یەکێتیی ئەورووپا هەر یەکەیان جەمسەرێکن، ئێستا قەوارەی دیکە پەیدا بوون، بە تایبەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیدا ئەم کێشانە دەردەکەوێت، ئێمەش بەشێکین لەم جیهانە و دەبێ خۆمان و دەوروبەرمان بخوێنینەوە، چونکە ئەم هەڕەشە نێودەوڵەتییانە بۆ ئێمە جددین.

میکانیزمەکانی ئاسایشی نەتەوەییمان چی دەبن؟ سەرەتا بە هاوپەیمانیی سەربازی و ئەمنی و هەواڵگری و هاوکاری دەبێت، کە سەرکەوتنی بە دەست هێنا لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان، پێشمەرگەش بە ڕۆڵ و ڕێنمایی سەرۆك بارزانی قارەمانێتیی نواند، میکانیزمی سیاسی و یاسایی و ئابوورییش لەم مەسەلەیە هەیە، بە زیاتر خوێندنەوەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا و چوون بەرەو حوکمڕانیی ڕەشید، واتا شەفافییەت و لێپرسینەوە و دادپەروەری و بەردەوامی لەسەر سیاسەتی چاکسازی و جەختکردن لەسەر ڕۆڵی یاسا لەم بوارەدا.

میکانیزمەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنیش هەن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرپرسیارێتیی گرنگیان لەسەرە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییمان، لەگەڵ سۆشیال میدیا و ڕاگەیاندن کە دەبێ ڕۆڵی زیاتر ببینن، هەروەها خوێندنەوەی ڕۆڵی ئافرەت و لاوان هەر یەکەیان ژمارەیەکن لە ئاسایشی نەتەوەییدا، واتا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەڕەشەو مەترسییەکان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان هەن، کە پلە بە پلە کاریگەرییان هەیە، بۆیە دەبێ بە وردی دیراسەی ئەو مەترسییانە بکەین، بە دوو میکانیزمی دیکەی گرنگ: بە بوونی ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بوونی ئەکادیمیای ئەمنی و بەرگری لە هەرێمی کوردستان، هەروەها پەیمانگەیەکی دیپلۆماسی زۆر پێویست و گرنگە، چونکە ئەمانە بایەخ دەدەن بە سێ بنەما سەرەکییەکەی ئاسایشی نەتەوەیی (هێز، بەرگری، دیپلۆماسییەت)، هەروەها دەبێ زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوە زیاتر بایەخ بەم مەسەلەیە بدەن، دەبێ بە وردی و

**بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی چاکسازی هەنگاو بە هەنگاو لەسەر بنەمای شێوازی چاکبوونەوەی فارگۆنەکانی شەمەندەفەر، تا ڕاددەیەک هەنگاوی باشی ناوە**

**دەبێت دامەزراوەکانی دیکە پاڵپشتیی حکومەت بکەن و بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری بە دوای دابینکردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا بگەڕێن**

**بەرپرسیارێتیی گەورە لەسەر شانی دەزگا ئەمنییەکانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، نابێت ئەمە ببێتە دیاردە و هاووڵاتی ببێتە قوربانیی ئەم دیاردەیە**

**هاتنەکایەوەی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی وای کرد، هاوکێشەکانی وڵاتە هەرێمییەکان بۆ هەرێمی کوردستان بگۆڕدرێت**

ئەکادیمییانە خوێندنەوەی بۆ بکەن، من جەخت دەکەمەوە سەر توێژینەوەی ئەکادیمی، چونکە ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لە کۆمەڵێك زانست وەك سایکۆلۆجی، ئامار، سیستەمی سیاسی، زانستە سیاسییەکان، یاساکان، هەروەها یاساکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و وزە و ئابووری و گەشتیاری دەگرێتەوە.

هەڕەشە و مەترسییەکانی ئێستای سەر هەرێمی کوردستان کە خۆیان لە هەڕەشەکانی نێو عێراق و ئێران دەبیننەوە بۆ سەر ئاسایش نەتەوەییمان، بە پلەی سەرەکی چۆنێتیی حوکمڕانی لە بەغدا و ئەو دەستەبژێرە سیاسییەی هاتووەتە کایەوە، گۆڕانکارییەکانی ٢٠٠٣ لە ئاستێکی وادا نییە کە تێگەیشتن و پێگەیشتنێکی هەبێت بۆ واقیعی هەرێمی کوردستان، تەنانەت قبووڵی ئەوەش ناکات کە هەرێم لەو ئاستەدا بێت، ئەمە خۆی لە زۆر کێشەی سیاسی و دەستووری و ئابووریشدا دەبینێتەوە، لە مەسەلەکانی پەیوەست بە بودجە و مووچە و پێشمەرگە و ماددەی (١٤٠)، زۆر لە مەسەلە گرنگەکانی دیکە، کە ئێمە وای دەبینین شەریك بین لە حوکمڕانیی عێراق، نەك موشاریك بین، هەروەها دیاردەی چەقبەستوویی سیاسیی عێراق، من وای بۆ دەچم کە ئەو دۆخە سیاسییەی ئێستای عێراق بۆگەنی سیاسییە، نەك چەقبەستوویی سیاسی و کەڵەکەبووی زۆر مەسەلەی ساڵانی ڕابردووە، بۆیە گەڕان بە دوای ئەزموونێکی بەدیل لەم مەسەلەیەدا زۆر گرنگە و دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لایەنە سیاسییەکانی نیشتمانی ڕۆڵ ببینن بە پێداچوونەوە بە هاوپەیمانێتییەکانی نێوخۆی عێراق.

هەرێمی کوردستان تووشی هەڕەشە و مەترسیی دیکە بووە لە ڕوانگەی ئەوەی بووتە ئامانجی هێزە تایفەگەرییەکان و میلیشیاکانی سەر بە دەوروبەر، بە تایبەتیش هەولێر کراوەتە ئامانج، کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە و دامەزراوەکانی حکوومی و پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێمی لێیە، هەروەها کونسوڵخانەکانی تێدایە و گەشەسەندنێکی ئابووری بە خۆیەوە دەبینێت، ئەم لایەنانە بە شێوازی جیاجیا پەلاماری ئەم شارە دەدەن، ئەمەش پێشێلکاریی پرەنسیپی دۆستانە و نێودەوڵەتییە، حکومەتی عێراقیش لە ئاستی ئەمەدا تا ڕادەیەك بێدەنگە، چونکە دیارە پێکهاتەی حکومەتی عێراق چۆنە و چۆن کراوە و چۆن بەڕێوە دەچێت، مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ ئەوەیە هەرێمی کوردستان پێگەی جیۆئابووری و جیۆسیاسی و جیۆستراتیژی هەیە لە ناوچەکە و لە جیهان، بەڵگەش بۆ ئەمە دیدارەکانی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە میوشن و داڤۆس و دوبەی و زۆر دیداری دیکە، بۆیە هەولێر کراوەتە ئامانج، چونکە ئەم شارە کاریگەری هەیە لە زۆر هاوکێشەی ناوچەکە، هەولێر فاکتەرێکی گرنگە بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی سیستەمێکی ئەمنیی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئەمەش بەشێکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەم بەشەش گیروگرفتی زۆرە، فاکتەری سەقامگیرییش هەرێمی کوردستانە، بۆیە هەوڵ دەدەن ئەم سەقامگیرییە تێك بدەن، ئامانجیان پەلاماری میلیتارییە بۆ سەر هەولێر، جگە لە پەلاماری سیاسی و جەنگی سایکۆلۆجی، ئەوەی پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانە لەم قۆناغەدا زیاتر ئەنجامدانی توێژینەوەیە بۆ ئەوەی کاریگەریی گرنگی لەسەر مەسەلەکان هەبێت، بۆ ئەوەی ئێمە لە ئاستی توێژینەوە و دیراساتی ئەکادیمی، بە تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوەی ئایندە ئەم مەسەلەیە بە جددی وەربگرین.

من ڕۆڵی دەزگاکانی ئاسایش بەرز دەنرخێنم، ئەنجومەنی ئاسایش، دژە تیرۆر، لە ڕووبەڕووبوونەوەی جددیدان لە دژی تیرۆریستان و هاووڵاتیانیش تا ڕادەیەکی زۆر هاوکارن، ئەوەی لە کۆتاییدا ئاماژەی پێ دەکەم، ڕۆڵی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە لە مەسەلەی هەڵبژاردنی داهاتوو لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها لێك نزیککردنەوەی لایەنە سیاسییەکان و سەرپەرشتیی کۆبوونەکان، چونکە ئەم کۆبوونەوە و لێك نزیکبوونەوانە فاکتەری سەرەکی دەبن بۆ سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان لە ئێستا و داهاتوودا، بۆیە دەبێ ئەمە بە وردی دیراسەت بکرێت، بە پاڵپشتیی بۆچوونی ئەکادیمی و سۆشیال میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

**چوون بەرەو حوکمڕانیی ڕەشید، واتا شەفافییەت و لێپرسینەوە و دادپەروەری و بەردەوامی لەسەر سیاسەتی چاکسازی و جەختکردن لەسەر ڕۆڵی یاسا لەم بوارەدا**

**گۆڕانکارییەکانی ٢٠٠٣ لە ئاستێکی وادا نییە کە تێگەیشتن و پێگەیشتنێکی هەبێت بۆ واقیعی هەرێمی کوردستان، تەنانەت قبووڵی ئەوەش ناکات کە هەرێم لەو ئاستەدا بێت**

**ئەو دۆخە سیاسییەی ئێستای عێراق بۆگەنی سیاسییە، نەک چەقبەستوویی سیاسی و کەڵەکەبووی زۆر مەسەلەی ساڵانی ڕابردووە**

**هەرێمی کوردستان پێگەی جیۆئابووری و جیۆسیاسی و جیۆستراتیژی هەیە لە ناوچەکە و لە جیهان، بەڵگەش بۆ ئەمە دیدارەکانی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە میوشن و داڤۆس و دوبەی و زۆر دیداری دیکە**



د. عوسمان عەلی وەیسی

ڕاوێژکاری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# بێلایەنی لە بڕیاری دادگای فیدراڵی بەدی ناکرێت و سەربەخۆیی پێویست لەم دادگایەدا بەرجەستە نەبووە

**ئاشکرایە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەبری ئەوەی ڕێچکە و ڕێڕەوی دەستووری دروست وەربگرێت، ئەوا پێشێلکاری و پشتگوێخستنی دەستوور لەلایەن حکومەتی ئیتیحادییەوە ئەم کێشە و ناکۆکییانەی قووڵتر کردووە و ئاراستە و ئاقارێکی ئاڵۆزیان وەرگرتووە، لەم ڕووەوە دەست بردراوە بۆ بەسیاسیکردنی دادگای ئیتیحادی و هەوڵ دراوە بکرێتە ئامرازێك بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر هەرێمی کوردستان، ئەم پرسانە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ د. عوسمان عەلی وەیسی ڕاوێژکاری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان.**

*** ئاشکرایە لە دوای ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی سێ قۆڵی (پارتی، سوننە و تەیاری سەدر) و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی عێراق، ئیدی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بە سوودوەرگرتن لە بڕیارەکەی دادگای بەناو فیدڕاڵی (ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی پەرلەمانتارەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار)، پرۆسەی سیاسی پەك خستووە، دواتریش هەر ئەم دادگایە چەندین بڕیاری دژی هەرێمی کوردستان دەرکردووە، بە تایبەتی بڕیاری ڕەتکردنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، ئایا بەپێی دەقەکانی دەستوور چۆن ئەم بارودۆخە تەفسیر دەکەن؟**

- دەستوور دەبێت ڕێسای باڵا بێت، بۆ ئەوەی فەرمانڕەوا و بەرفەرمان و سەرجەم دامەزراوەکان و هاونیشتمانیان پێوەی پابەند بن. بەڵام بەداخەوە دەستوور لە عێراقدا هەر لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونیەوە پێشێل کراوە. هەر وەکو ئەوەی چەندین ماددەی ڕاگوزەری، حوکمی ڕاگوزەری هەیە، کە دەبوو لە ماوەیەکی دیاریکراودا جێبەجێ ببن، بۆ ئەوەی متمانە لە نێوان پێکهاتە سیاسییەکان و خەڵکی عێراق و هاونیشتمانیان بەو باڵادەستییەی دەستوور بەهێز و تۆکمە بێت، لەوانە ماددەی ١٤٠ و پێکهێنانی ئەو دامەزراوە دەستوورییانەی کە پێویستن بۆ فەرمانڕەوایەتیی عێراق، وەك ئەنجومەنی ئیتیحادی و دادگایەکی باڵا، و وەکو ئەو یاسایانەی کە چارەنووسی قەوارەی سیاسی و دەستووری عێراق و بە شێوەیەکی گشتی، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، پێیان بەندن، لەوانە یاسای نەوت و گاز، بەڵام بەداخەوە ئەو فەرمانڕەوایانەی کە لە بەغدا حوکمیان کرد و کاریان کرد ئەو دەرفەتەیان نەڕەخساند کە دەستوورێکمان هەبێت و بتوانین هەموومان لە سایەیدا ژیانێکی شایستە بەسەر ببەین. هەر بۆیە عێراق شانسی ئەوەی نەبوو لە سەردەمی نوێدا کۆمەڵێك فەرمانڕەوای باشی هەبێت کە لە دەستوور و لە ماناکانی حوکمڕانیی دروست تێبگەن. هەر بۆیە دادگای فیدڕاڵی لە زۆر پرسدا لەوانەش لە ساڵی ٢٠١٠دا لە پرسی دەستاودەستکردنی دەسەڵات ئاراستەیەکی ناتەندروستی وەرگرت. سەبارەت بە بڕیاری دادگای فیدڕاڵی لەسەر نەوت و گاز کە لە ٢/١٥ دەرچوو، لە وەڵامی دوو داوای ٢٠١٢ و ٢٠١٩- لە ڕاستیدا ڕەوشی پرۆسەی نەوت و گاز وەکو یەکێك لە پرسە سەرەکی و هەستیارەکان و ئەگەرچی وەکو ناونیشان لە چوارچێوەی فەسڵی چوار و دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی ئیتیحادیدایە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك دەسەڵاتی ڕەهای نەداوەتە حکومەتی ئیتیحادی تاوەکو بە خواستی خۆی ئاراستەی ئەو دۆسیێیە بکات. لەم ڕوانگەیەوە بێلایەنی لە بڕیاری دادگای فیدڕاڵیدا بەدی ناکەم و ئەو سەربەخۆییە کە پێویستە لەم دادگایەدا هەبێت بەرجەستە نەبووە. چونکە دوای ١٧ساڵ ئەم دادگایە بێت پرۆسە و کارەکانی هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر ڕەحمەتی چاودێرییەکی تاکلایەنەی وەزارەتی نەوت و گازی بەغدا. ئەمە کارێکی ناتەندروستە و لەگەڵ مەنتیقی کاری دادگای دەستووری ناگونجێت، چونکە دادگای دەستووری دەبێت پرسە سیاسییەکان بەرەو لە قاڵبدانی یاسایی ببات، نەك یاسا بەرەو ئاراستەیەکی سیاسی تایبەتی ببات. بە گوێرەی لۆژیکی دەستووریش دەقەکە ڕوونە و شتی شاراوەی تێدا نییە و پێویستی بەو هەموو ئاراستەکردنە نییە و جگە

**دەستوور لە عێراقدا هەر لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونیەوە پێشێل کراوە**

**عێراق شانسی ئەوەی نەبوو لە سەردەمی نوێدا کۆمەڵێک فەرمانڕەوای باشی هەبێت کە لە دەستوور و لە ماناکانی حوکمڕانیی تەندروست تێبگەن**

**دادگای دەستووری دەبێت پرسە سیاسییەکان بەرەو لە قاڵبدانی یاسایی ببات، نەک یاسا بەرەو ئاراستەیەکی سیاسی تایبەتی ببات**

**دەستووری عێراق بۆ ئەوە دارێژراوە تاوەکو بتوانێت سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و دارایی و یاسایی و کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکات. بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە دادگای ئیتیحادی بەو ئاراستەیە ناڕوات**

لە دەسەلاتە حەسرییەکان کە لە ماددەی ١١٠دا هاتووە، ئەوا دەسەڵات و یاساکانی دیکە پێویستە، یان بە هەماهەنگی و بە هاوبەشی بێت لەگەڵ دەسەڵاتی ئیتیحادی، یان ئەفزەلییەت بۆ یاسای هەرێمەکانە بە شێوەی گشتی هەروەك دادگای ئیتیحادی پێشتر لە چەندین بڕیار جەختی لەوە کردووەتەوە. بۆیە ئەم بڕیارە وەکو دەگوترێت بە سیاسیکردنی پرۆسەکەیە.

*** یاسای نەوت و گازی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان دەنگی پێ دراوە، ئاشکراشە پەرلەمانی کوردستان یاسایەك تەشریع ناکات کە لە دەرەوەی دەستووری عێراق بێت، پاش دەرکردنی ئەم یاسایەش پەرلەمانی عێراق، یان دادگای فیدراڵی هیچ تانەیەکی نەبووە، هەتا لە ٢٠١٢ لەلایەن پەرلەمانتارێکەوە داوای لەسەر بەرز کراوەتەوە، پاشانیش لە شوباتی ٢٠٢٢ ڕەت کراوەتەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەکرێت دووبارە خوێندنەوەیەکی لەناو دەقە دەستوورییەکان بۆ بکەین؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت ئەوە بڵێین کە خودی ئەم یاسایە کۆمەڵێك پسپۆڕ و تایبەتمەند دەریان کردووە و پشتییان بەستووە بە دەقە دەستوورییەکان. یاسای ژمارە ٢٢ ساڵی ٢٠٠٧ ئەو ڕاستییەشی لەبەر چاو گرتووە کە دەسەڵاتە حەسرییەکان لە کوێ کۆتاییان پێ دێت و دەسەڵاتە هاوکارییەکان و هاوبەشەکان لە کوێ کۆتاییان پێ دێت، ئەمەش لە دەستووردا ڕوونە و لەم ڕووەوە پەرلەمانی کوردستان ئەو یاسایەی دەرکردووە. کەواتە دەکرێت بوترێت یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی دەسەڵاتە حەسرییەکانی دەسەڵاتی ئیتیحادییەکان کە لە ماددەی ١١٠ هاتوون، مافی دەرکردنی هەموو یاسایەکی هەیە، بە مەرجێك ئەو یاسایە خزمەت بە خەڵکی کوردستان بکات و لە چوارچێوەی کۆی بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەلی عێراقدا بێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر دەسەڵاتی فیدراڵی بە شێوەیەکی حەسری مافی دەرکردنی یاسای هەیە لە چوارچێوەی ماددەی ١١٠دا ئەوە نابێت تاکلایەنە یاسایەك دەربکات کە گرفت بۆ بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان دروست بکات. کەواتە یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ لە چوارچێوەی دەستوور دەرچووە و لێکەوتەی خۆی هەیە و، ماف و پابەندبوونی بۆ وڵاتان و بۆ کۆمپانیا و بۆ خەڵکی کوردستان و هەرێمی کوردستانی دروست کردووە و بەشێکە لە دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەری و بەشێکە لە دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەت و سامان لە عێراق.

*** ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان کە بەرزترین دەسەڵاتی قەزاییە لە کوردستان، زۆر ڕاشکاوانە و بە پشتبەستن بە دەقەکانی دەستووری عێراق، بڕیارەکەی بەناو دادگای فیدراڵی عێراق بە بڕیارێکی نادەستووری لە قەڵەم دەدات و، یاسای نەوت و گازی کوردستانیش بە یەکێك لە دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە قەڵەم دەدات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێستا کێشەکە لە نێوان دوو دامەزراوەی یاساییە، ئایا چۆن کێشەی نێوان ئەم دوو دامەزراوە یاساییە (ئەنجومەنی دادوەریی هەرێم و دادگای بەناو فیدراڵی عێراق) یەکلایی دەبێتەوە؟**

- من پێم وایە پێویستە لایەنە دادوەرییەکانی عێراقی، چ ئەنجومەنی دادوەری، چ دادگای ئیتیحادی، بەو ئاراستەیە هاوکار و هەماهەنگ بن کە کۆشش بکەن دەسەڵاتە ئیتیحادیەکان تێگەیشتنییان هەبێت بۆ دەرکردنی یاسایەکی نوێی ئیتیحادی سەبارەت بە یاسای نەوت و غاز، نەك جەخت لە خۆبەدەستەوەدانی هەرێمی کوردستان و ڕادەستکردنی سەروەت و سامانی هەرێمی کوردستان بکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەست بە غەدرێکی زۆر دەکەین، چونکە تا ئێستا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکراوە، کە نیوەی خاکی ئێمە دەگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. دواتر دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاو بێت کە دەستووری عێراق بۆ ئەوە دارێژراوە تاوەکو بتوانێت سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و دارایی و یاسایی و کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکات. بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە دادگای ئیتیحادی بەو ئاراستەیە ناڕوات و بێلایەن نابێت و سەربەخۆیی تێدا بەدی ناکرێت. بۆیە کاتێك ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان ئەم هەڵوێستەی دەبێت، ئەوا یەکێك لە ئەرکەکانی خۆی ئەدا کردووە کە

پارێزگاریکردنە لە سەروەریی گەلی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندییە باڵاکان و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

*** هەر بۆ لاوازکردن و سڕینەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان داوایەکی دیکە لە دژی خەڵکی کوردستان ئاراستەی دادگای فیدڕاڵی کراوە بۆ بڕینی ئەو ٢٠٠ ملیار دینارەی مانگانە دەینێرن بۆ مووچەی فەرمانبەران، ئەگەر ئەو دادگا بەناو فیدڕاڵییە بڕیاری بڕینی ئەم پارەیەش بدات، ئەمەیان چی لێ دەخوێندرێتەوە؟**

- ئەگەر دادگای فیدڕاڵی ئاراستەیەکی لەو چەشنە وەربگرێت، ئەوا ئاراستەیەکی بە تەواوی دوژمنکارانە بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەگرێتەبەر، چونکە ئەو پرسە پەیوەندی بە کاری حکومەت و هەماهەنگیی دەسەڵاتی فیدڕاڵی و هەرێمەکان هەیە. زۆرجار لە دەوڵەتانی فیدڕاڵی دەبینی دەوڵەتەکە هاوکاریی هەرێمێك دەکات لە شێوەی منحە و قەرز و هاوکاری و ئەو هاوکارییانەش دەداتە ئەو هەرێمەی کە پێویستیەتی، عێراقیش دوای ئەو هەموو کاولکاری و ئەنفال و جینۆساید وماڵوێرانییەی بە سەر هەرێمی کوردستانی هێناوە و بە درێژایی مێژوو نەوت و گاز و سەروەت و سامانی کەرکووك و هەموو هەرێمی کوردستانی بۆ خۆی بردووە، ئێستاکەش تەنیا ٢٠٠ملیار دینار بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێت، ئەوەش بخاتەبەر نەشتەری هەبوو، یان نەبووی دەسەڵاتی ئیتیحادی، ئەوە من پێموایە کارێکە دوورە لە ڕەوشتی سیاسی و یاسایی و دەستووری و بیرکردنەوەیەکی تەواو ناتەندروستە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی مافی ژیان و من زۆر بە دووری دەزانم دادگای فیدڕاڵی بێتە ئاستێکی لەو جۆرە و شێوە مامەڵەکردنی نزم بۆ بڕینی ئەو بەشە تەواوکاری و هاوکارییەی کە لە ڕاستیدا بڕێکی یەکجار کەمە کە بۆ مووچە پێشکەشی هەرێمی کوردستانی دەکات. بۆیە لەو باوەڕەدام مامەڵەیەکی لەو چەشنە دەکەوێتە ئاستێکی یەکجار نزمی کاری ئەخلاقی سیاسی و یاسایی و دەستووری، لەبەر ئەوە یەکەم: پێم وا نییە دادگای فیدڕاڵی بە ئاراستەی نەرێنی مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە بکات. دووەم: لە ڕاستیدا ئەو بڕەی پێشکەش بە هەرێمی کوردستان دەکرێت، زۆر کەمە و لە ساڵی ٢٠١٤ حکومەتی فیدڕاڵیی عێراق بودجەی بۆ هەرێمی کوردستان نەناردووە، ئەگەرچی دەبینین بەو بودجە و پارە زۆرەی لە عێراق هەیە، چ ئاوەدانی و چ کاری خزمەتگوزارییان پێشکەش بە خەڵکی عێراق نەکردووە، بەڵام تەئکید دەکەینەوە بڕینی ئەو بڕە پارەیە لەلایەن عێراق و دادگای فیدڕاڵی ئەگەر بکرێت، ئەوە کارێکی نادەستووری و دوژمنکارانەیە بەرامبەر بە خەڵك و تەواوی هەرێمی کوردستان.

*** ئەوەی مایەی گاڵتەجاڕییە ئەوەیە کە پەرلەمانتارێکی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە داوایەکی دیکەی ئاراستەی دادگای بەناو فیدڕاڵی کردووە بۆ ئەوەی «پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبوەشێتەوە»، خۆشتان دەزانن پارتی دیموکراتی کوردستان واتە بڕبڕەی پشتی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، ئایا ئەم داوایە ڕاشکاوانە بۆ سڕینەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان نییە؟**

- بەڕاستی ئەم داوایە لە چوارچێوەی دەستووردا مەهزەلەیە و کارێکی گاڵتەجاڕییە بە دەزگا و بە سیاسەت و حوکمکردن لە عێراقدا، وەکو دەزانین پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ـەوە دامەزراوە و لە ساڵی ١٩٥٨مۆڵەتی فەرمی وەرگرتووە و، یەکێکە لە حزبە سەرەکییەکانی بنیادنانی وڵاتەکە، ئەگەر نەڵێم تاکە حزبە، ئەوا دەکرێت بڵێین پارتی دیموکراتی کوردستان حزبی سەرەکییە و خەڵکی کوردستان لە هەرچوار پارچەی کوردستان ئومێد و هیوایان پێ هەیە بۆ ئاشتەوایی و سەقامگیری، واتە جێگای ئومێد و هیوای خەڵك و گەلی کوردستان و نەتەوەی کوردە، لە عێراقیشدا پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەر پرۆسەیەکدا بێت، ئەوە ئەو پرۆسەیە بە تەندروست و ئیجابی بەڕێوەچووە، بۆیە ئەم جۆرە هەوڵانە جۆرێکە لە نەخۆشی کە دوچاری بەشێك لە پەرلەمانتارەکان بووە، واتە ئەمە نەخۆشییەکە پێویستە عاقڵمەندان و سیاسی و ڕۆشنبیرانی بەغدا بە جددی ئەو پرسانە وەربگرن و دەست بۆ ئەو ئاراستانە نەبەن کە دوژمنایەتی و کێشە لە نێوان نەتەوەی کورد و گەلی عەرەبی برا دروست بکەن.

**بەو بودجە و پارە زۆرەی لە عێراق هەیە، چ ئاوەدانی و چ کاری خزمەتگوزارییان پێشکەش بە خەڵکی عێراق نەکردووە**

**پارتی دیموکراتی کوردستان حزبی سەرەکییە و خەڵکی کوردستان لە هەرچوار پارچەی کوردستان ئومێد و هیوایان پێ هەیە**

**پێویستە عاقڵمەندان و سیاسی و ڕۆشنبیرانی بەغدا بە جددی ئەو پرسانە وەربگرن و دەست بۆ ئەو ئاراستانە نەبەن کە دوژمنایەتی و کێشە لە نێوان نەتەوەی کورد و گەلی عەرەبی برا دروست بکەن**




**پ.ی .د. کامەران یونس محەمەد ئەمین**

**سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ گوڵان:**

# بڕیاری ڕیفراندۆم فێری کردین دەمرین، بەڵام تەسلیم نابین

**دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بە سەر بڕیارە مێژووییەکەی تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و نوێنەرانی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کوردستاندا و، دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشداریی دوو هەڵبژاردنی دیکەی پەرلەمانی عێراقی کرد، بۆ ئەوەی بە ڕێزگرتن لە بڕگە و ماددەکانی دەستووری عێراق کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق چارەسەر بکرێت و، عێراق لە قۆناخی پاشاگەردانیی سیاسییەوە بەرەو بونیادنانەوەی وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام وەك ئێستا واقیعەکە دەبینین، بارودۆخەکە لە هەموو کاتێکی دیکە خراپترە و لەسەر ئاستی «ملیشیا و سیاسی و بەناو یاسایی» هەڕەشە لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکرێت و، هەوڵەکان خراونەتەگەڕ بۆ ئەوەی بە تەواوی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەبەریەك هەڵوەشێنن. بۆقسەکردن لەسەر ئەو وانانەی ڕیفراندۆم فێری کردین، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کامەران یونس محەمەد ئەمین سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

« لە پێنجەمین ساڵیادی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کوردستاندا، گۆڤاری گوڵان پرسیارێکی ئاراستە کردووین و دەپرسێت: دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئێوە وەك سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین دیدوتێڕوانین و هەڵسەنگاندنتان بۆ ئەو بڕیارە مێژوویی و چارەنووسسازە چییە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ڕاشکاوانە دەڵێم: لەوانەیە من بە باشی لەوە ئاگادار نەبم، گۆڤاری گوڵان مەبەستی لە ورووژاندنی ئەم پرسە و لەم کاتەدا بۆ چ ئامانجێکە، بەڵام ڕاشکاوانە دەڵێم: کێشەی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، بە هۆی ئەوەیە کە ماوەی ١٠ ساڵە عێراق هیچ سیمایەکی ئەو دەوڵەتە فیدراڵییەی پێوە نەماوە کە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ نەخشەڕێگەی بۆ دارشتووە، بە تایبەت دەرهەق بەو مافە دەستوورییانەی دەسەلاتی هەرێمی کوردستان کە لە دەستووری عێراقدا دیاری کراون. حکومەتی عێراق ٥٥ ماددەی دەستووری لە دژی مافەکانی گەلی کوردستان پێشێل کردووە. زۆر باش هەموو لایەك ئاگادارین کە لە نەورزی ٢٠١٢ سەرۆك بارزانی بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند، دەوڵەتی عێراق لە هەموو پرانسیپە دەستوورییەکان لای داوە و بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵدەگرێت، گەلی کوردستانیش نابێتە پاشکۆ، یان بەشێك لە دەوڵەتێکی دیکتاتۆری، لەمەش زیاتر هەر لەو بۆنەیەدا سەرۆك بارزانی ڕایگەیاند: ئەگەر هیچ میکانیزمێك نەدۆزرێتەوە بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراق، ئەوا ئەم پرسە ڕووبەڕووی گەلی کوردستان دەکەمەوە و دەبێت گەلی کوردستان بڕیار بدات، چۆن ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن و سەرلەنوێ پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە میکانیزمێکی تازە ڕێك بخرێنەوە.

ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە وردتر هەڵوەستە بکەین و سەرنج لە وردەکاریی پەیامەکەی سەرۆك بارزانی بدەین، ئەوا ڕاشکاوانە لە نییەت و ڕاستیی پەیامەکەی تێدەگەین، ئەو ڕاستییەش بۆ هەموو لایەك ئاشکرا دەبێت کە سەرۆك بارزانی ماوەی پێنج ساڵ هەوڵی داوە کە میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لە بڕگە و ماددەکانی دەستووری عێراق چارەسەر بکرێت، بەڵام لە بەرامبەردا وەڵامدانەوە و ڕەفتارەکانی حکومەتی عێراق دژی هەرێمی کوردستان بەمجۆرە بوو:

١. هەر لە ساڵی ٢٠١٢ حکومەتی عێراق کەوتە مانۆڕی سەربازی دژی هەرێمی کوردستان و جووڵاندنی هێز بە ئاراستەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە چەند شوێنێکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

٢. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ بە بێ هیچ

**ماوەی ١٠ ساڵە عێراق هیچ سیمایەکی ئەو دەوڵەتە فیدراڵییەی پێوە نەماوە کە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ نەخشەڕێگەی بۆ دارشتووە**

**حکومەتی عێراق ٥٥ ماددەی دەستووری لە دژی مافەکانی گەلی کوردستان پێشێل کردووە**

**نەورزی ٢٠١٢ سەرۆک بارزانی بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند، دەوڵەتی عێراق لە هەموو پرانسیپە دەستوورییەکان لای داوە و بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵدەگرێت**



**لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ بە بێ هیچ پاساوێک و بە بێ ئەوەی هەرێمی کوردستان یەک بەرمیل نەوتی هەناردەی دەرەوە کردبێت، حکومەتی عێراق لە لای خۆیەوە «بودجە و مووچە»ی خەڵکی کوردستانی بڕی**

**ماوەی چەند ساڵێکە چەند گرووپێکی لە یاسا دەرچووی «ناسنامە ئاشکرا» بە ڕۆکێت و درۆن و کاتیوشا ناوبەناو هێرش دەکەنە سەر کوردستان**

**لە دوای هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو و لە سەرەتای ئەمساڵەوە، بە ڕێگەی دادگای بەناو فیدراڵیی عێراق بڕیاری سیاسی دەدرێت بۆ تێکشکاندنی هەرێمی کوردستان**

پاساوێك و بە بێ ئەوەی هەرێمی کوردستان یەك بەرمیل نەوتی هەناردەی دەرەوە کردبێت، حکومەتی عێراق لە لای خۆیەوە «بودجە و مووچە»ی خەڵکی کوردستانی بڕی.

٣. هەر لەم بارودۆخەدا کە شەڕی داسەپاوی تیرۆریستانی داعشی بەسەردا هات و، نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی ناوخۆی عێراق و ڕۆژئاوای کوردستان پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێنا، حکومەتی عێراق نەك هەر هەرێمی کوردستانی وەك بەشێك لە خۆی سەیر نەکرد، بەڵکو خوازیاری ئەوە بوو بە هۆی گوشاری ئابوورییەوە قەوارەی هەرێمی کوردستانیش نەمێنیت، لەمەش بەڵگەی زیاتر ئەوە بوو کە تیرۆریستانی داعش ئاراستەی هێرشەکەیان بەرەو کوردستان گۆڕی، حکومەتی عێراق بە فیشەکێك هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی نەکرد و، ڕێگریشی دەکرد لەوەی هاوپەیمانان چەك بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بنێرن.

٤. بە هۆی درێژەکێشانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و بڕینی پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتبووە ژێر باری قەرزێکی گەورەی ناوخۆ و دەرەکی و هیچ نییەتێکی باش و ئاسۆیەك دیار نەبوو کە حکومەتی عێراق ئامادەباشی پیشان بدات بۆ ئەو بارودۆخە کە ئاسایی بکرێتەوە و کێشەکان چارەسەر بکرێن.

بە بۆچوونی من ئەگەر ئەم واقیعە وەك خۆی لەبەر چاو بگرین و سەیری پێکهاتەی ئەو کۆبوونەوەیەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بکەین کە تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و نوێنەرانی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستانی تێدا بەشدار بووە، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە تەواوی گەلی کوردستان بە جیاوازیی سیاسی و نەتەوە و ئایینەوە، بێجگە لە ئۆپشنی بڕیاردان بۆ ڕیفراندۆم، ڕێگەچارەیەکی دیکەیان لەبەر دەست نەبووە، ئەمەش واتە هەموو گەلی کوردستان لە بەردەم هەڕەشەیەکی ترسناك بووە، هەر بۆیەشە گەلی کوردستان بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە بە ڕێژەیەکی بەرز ٧٦٪ بەشداری لەم پرۆسەیە کرد و بە ڕێژەی ٩٢,٣٪ دەنگی بە «بەڵێ»دا بۆ سەربەخۆیی و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق.

لێرەوە ئەگەر ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بە سەر بڕیاری ڕیفراندۆمی گەلی کوردستان و بەشداریکردنمان لە دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، ئایا دەسەڵاتدارانی بەغدا بیریان لەوە کردووەتەوە بۆچی گەلی کوردستان پەنای بۆ ڕیفراندۆم برد؟ ئایا گۆڕانکاری بە سەر ئەقڵییەتیان بۆ حوکمڕانیی ئەم وڵاتە هاتووە بۆ ئەوەی ڕێز لە دەستووری عێراق بگیرێت و هاووڵاتیانی کوردستانیش ئەم وڵاتە بە نیشتمانی خۆیان بزانن، یان هەر ئەقڵییەتە کۆنەکە لە فۆرمێکی زۆر خراپتردا دژی بوونی قەوارەی هەرێم و چارەنووسی گەلی کوردستان بەردەوامە؟



بێگومان واقیعی ئێستای پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا ئەم ڕاستییانەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە نەك هەر ئەو ئەقڵییەتە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، بەڵکو ئاستی هەڕەشە و مەترسییەکان گەیشتوونەتە ئەوەی بە ئاشکرا هەوڵی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی هەرێمی کوردستان دەدرێت، هەر بۆ نموونە:

١. ماوەی چەند ساڵێکە چەند گرووپێکی لە یاسا دەرچووی «ناسنامە ئاشکرا» بە ڕۆکێت و درۆن و کاتیوشا ناوبەناو هێرش دەکەنە سەر کوردستان.

٢. لە دوای هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو و لە سەرەتای ئەمساڵەوە، بە ڕێگەی دادگای بەناو فیدڕاڵیی عێراق بڕیاری سیاسی دەدرێت بۆ تێکشکاندنی هەرێمی کوردستان، لەوانە بڕیاری ڕەتکردنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، هەروەها هەوڵەکان بە ڕێگەی هەمان دادگا بۆ بڕینی ئەو ٢٠٠ ملیار دینارەی بۆ کوردستانی دەنێرن و، چەندین هەوڵی دیکە کە دەیانەوێت لە ڕێگەی هەمان دادگاوە دژی هەرێمی کوردستان جێبەجێی بکەن.

٣. ئێستا بە ئاشکرا گرووپە چەکدارە لەیاسادەرچووەکان بە ناوی «هەیئەی تەنسیقی مقاوەمە» هەڕەشەی نەمانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

لە ناو ئەم واقیعەی ئێستاشدا کە دووبارە لە واقیعی چەند ساڵەی پێش ڕیفراندۆم دەچێت، چ ڕێگەچارەیەکی دیکەمان لەبەردەمدا نییە، بێجگە لەوەی وەك سەرۆك بارزانی لە دوای ڕیفراندۆم گوتی: «بێجگە لە چیاکان دۆستی دیکەمان نییە». ئەم پەیڤە گرنگەی سەرۆك بۆ ئێستاش ڕاسپاردە و ڕێنماییە بۆ هەموو لایەکمان و دەبێت بۆ چارەسەری کێشەکانمان و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی و تەحەددییەکان پشت بە خۆمان و یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان ببەستین، ئەمەش کلیلی چارەسەری هەموو کێشەکانمانە. لەسەر ئەم بنەمایە، ئێمە پێویستمان بەوەیە هەموو کات بڕیاری گەلی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم وەك بڕیارێکی «مێژوویی و سیاسی و یاسایی» سەیر بکەین و بەردەوام لە ناوەندەکانی زانکۆ و سەنتەرەکانی توێژینەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و، وەك بڕیارێکی دەستەجمعیی گەلی کوردستان بە زیندوویی بهێڵدرێتەوە و دەوڵەمەند بکرێت، بۆ ئەمەش پێش هەر لایەك پێشنیار بۆ زانکۆی سەلاحەدین دەکەم بە تایبەتی بەشەکانی «مێژوو، سیاسەت و یاسا» کە هەوڵبدەن ئەم پرسە لەسەر هەر سێ ڕەهەندەکە بکەنە بابەتی لێکۆڵینەوەکانی «ماستەر و دکتۆرا»، بۆ ئەمەش لە هەر سێ بواری «مێژوو، سیاسەت و یاسا» لە زانکۆی سەلاحەدین توانایەکی گەورەی پسپۆڕی و ئەکادیمی هەیە و دەتوانن ئەم پرسە ڕاپەڕێنن.

لە کۆتاییدا، دەخوازم بڵێم: دەنگدانی خەڵکی کوردستان بە ڕێژەی ٩٢,٣٪ بە «بەڵێ»، مانای ئەوەیە دەست لە مافە دەستوورییەکانی خۆمان هەڵناگرین و ملکەچی هیچ زوڵم و زۆرێك نابین و دەمرین، بەڵام تەسلیمی ئیرادەی شەڕ نابین.

**ئێستا بە ئاشکرا گرووپە چەکدارە لەیاسادەرچووەکان بە ناوی «هەیئەی تەنسیقی مقاوەمە» هەڕەشەی نەمانی هەرێمی کوردستان دەکەن**

**پێویستمان بەوەیە هەموو کات بڕیاری گەلی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم وەک بڕیارێکی «مێژوویی و سیاسی و یاسایی» سەیر بکەین**

**دەنگدانی خەڵکی کوردستان بە ڕێژەی ٩٢,٣٪ بە «بەڵێ»، مانای ئەوەیە دەست لە مافە دەستوورییەکانی خۆمان هەڵنەگرین و ملکەچی هیچ زوڵم و زۆرێک نابین**



**مەریوان قەرەنی دزەیی**

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# دەبوایە دادگای فیدراڵی بڕیاری نادەستووریبوونی ئەو یاسایە دەربکات کە دادگاکەی پێ کارا کرایەوە

**بارودۆخی سیاسیی عێراق زۆر دووره لەوەی بە ئاراستەیەکی ئەرێنی و تێپەڕاندنی بە بنبەستگەیشتن و چەقبەستووییدا بڕوات و، بگرە بەرەو ئاراستە و ئاقاری ئاڵۆزتر و نادیارتر دەڕوات، لەم ڕووەوە هەوڵەکانی گەیشتن بە ڕێگەچارەیەك نەگەیشنتە هیچ ئاکامێك، بۆ هەڵسەنگاندن و هەڵوەستەکردن لەسەر کۆی ئەم پرسانە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ مەریوان قەرەنی دزەیی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ئەنجام دا.**

*** لە هەرسێ دەسەڵاتە سەرەکییەکەی دەوڵەتی عێراق (پەرلەمان، حکومەت، سەرۆك کۆمار) تەنیا سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبژێردراوە و دوو سەرۆکایەتییەکەی دیکە (حکومەت، کۆمار) دوچاری چەقبەستن بوونەتەوە، پەرلەمانیش لە دانیشتنەکانی بەردەوامە و یاسا دەردەکات، ئایا ئەم بارودۆخە تا کەی بەردەوام دەبێت و، چارەنووسی ئەم خولەی پەرلەمان بەرەو کوێ دەچێت؟**

- عێراق لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢١ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجام داوە، بە پێی کاتبەندییە دەستوورییەکان، دەبوایە چەند مانگێك دوای پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، سەرکۆمار لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت و دواتریش حکومەت پێك بهێندرێت، بەڵام بە هۆی دابەشبوونی پەرلەمان بە سەر دوو هاوپەیمانیی گەورەدا، نەتوانراوە ئاستەنگە دەستوورییەکان کە بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو لەسەر سێی پەرلەمان بۆ یەکلاکردنەوەی هەندێك لە پرسەکان تێپەڕێندرێت.

بە بڕوای ئێمە، هەوڵێك هەیە لە لایەن هەندێك لایەنی دەرەکی و بە هاوکاریی هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگی، کە دەیانەوێت هەرچۆنێك بێت، ڕێگە بگرن لەوەی هاوپەیمانیی ڕزگاریی نیشتمانی بە ئامانجەکانی بگات کە پێکهێنانی حکومەتە، لەم پێناوەشدا ئامادەن زۆر شت بکەن، لەوانە وەك دەبیستین جاروبار باسی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانیش دەکەن، هەموان دەزانن بردنەوە و دۆڕان بەشێکە لە پرۆسەی هەڵبژاردن، کە ئەویش ناواخنی دیموکراسییەتە، ئەگەر لایەنەکانی نێو چوارچێوەی هەماهەنگی و ئەو لایەنە دەرەکییانەشی دەستیان لە پشت دەدەن، ددان بەو دۆڕانەیاندا نەنێن و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بدەن، ئەوە نەك چارەنووسی پەرلەمان، بەڵکو چارەنووسی عێراق وەکو دەوڵەتێك هێندەی دیکە ناڕوون دەبێت و کەس نازانێت بە کوێ دەگات.

**هەوڵێک هەیە لە لایەن هەندێک لایەنی دەرەکی و بە هاوکاریی هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگی، کە دەیانەوێت هەرچۆنێک بێت، ڕێگە بگرن لەوەی هاوپەیمانیی ڕزگاریی نیشتمانی بە ئامانجەکانی بگات کە پێکهێنانی حکومەتە**

*** لە ماوەی ڕابردوودا گرووپێکی چەکداری لە یاسا دەرچوو بە ناوی (هەیئەی تەنسیقی مقاوەمە) هەڕەشەیەکی گەورەیان لە هەرێمی کوردستان کرد، ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش بە توندی وەڵامی دانەوە، ئایا ئەم پرسە لە ناو پەرلەمانی عێراقدا هیچ باسی لێ کراوە؟ یان ئایا کاتێك هەڕەشەیەکی لەو جۆرە لە وجوودی کیانی هەرێمی کوردستان دەکرێت، دەبێت پەرلەمانی عێراق هەڵوێستی چۆن بێت؟**

- هەرێمی کوردستان هەرێمێکی دەستوورییە، دامەزراوە فیدراڵییەکان لە عێراق وەك چۆن ئەرکیانە پارێزگاری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی بکەن، بە هەمان شێوە ئەرکیشیانە پارێزگاری لە سەروەری و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بکەن، بە داخەوە لە عێراق وەك چۆن لایەنێکی دەرەکی دەستی هەیە لە ئاراستەکردنی بەشێك لە کوتلە سیاسییەکان، بە هەمان شێوە هەر ئەو لایەنە دەرەکییە بە پێی بەرژەوەندیی خۆی ڕۆڵی هەیە لەو هەڕەشە و گوڕەشانەی لە لایەن گرووپگەلی جیاواز و لە ژێر ناوی جۆراوجۆرەوە لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئەوەندەی من ئاگادار بم، پەرلەمانی عێراق هیچ قسەیەکی لەسەر ئەو هەڕەشانە نەکردووە، بە ڕای من دەبوایە پەرلەمانی عێراق لێژنەی لێکۆڵینەوەی پێکبهێنایە و لێپێچینەوەشی لەگەڵ ئەوانە بکردایە کە کەمتەرخەمن لە ڕووبەڕووبوونەوەی

**دەبوایە پەرلەمانی عێراق لێژنەی لێکۆڵینەوەی پێکبهێنایە و لێپێچینەوەشی لەگەڵ ئەوانە بکردایە کە کەمتەرخەمن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێزانەی کە لە نێو عێراقەوە هەڕەشە لە قەوارەیەکی دەستووری دەکەن**




ئەو هێزانەی کە لە نێو عێراقەوە هەڕەشە لە قەوارەیەکی دەستووری دەکەن، پەرلەمانی عێراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان زۆر دەمێکە، یان بە ئەرکی خۆی هەڵناستێت، یانیش دژایەتیی هەرێمی کوردستان دەکات، دەیان جار ناوچەکانمان مووشەکباران و درۆنباران کران، هیچ هەڵوێستێکی کرداریمان لە پەرلەمانی عێراق نەبینی.

*** بەپێی دەستووری عێراق، هەرێمی کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵی، هەڕەشەی هەیئەی تەنسیقی مقاوەمە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر سەروەریی عێراق، ئایا کاتێك هەڕەشە لە سەروەریی عێراق بکرێت، پەرلەمانی عێراق پێویستە چ ڕێوشوێنێك بگرێتە بەر؟**

- بە دڵنیاییەوە، بە پێی ماددە ١١٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی عێراق یەکێکە لەو بابەتانەی کە دەچێتە نێو دەسەڵاتە حەسرییەکانی فیدراڵییەوە، کەواتە پێش پەرلەمانی کوردستانیش، ئەرکی پەرلەمانی عێراقە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ ئەو هەڕەشانە بکات، بەداخەوە پەرلەمانی عێراق لەم ڕووەوە بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە، ئەوەتا بە بەرچاوی هەمووانەوە دەبینین دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە سنووری نەینەوا و بە هۆی بوونی پەکەکە، لە سنووری دیالە و سەلاحەدین و کەرکووك بە هۆی بوونی داعش، لەوپەڕی خراپیدایە، چەندان ڕێککەوتن لە نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق کراوە بۆ ئەوەی سەقامگیری بۆ ئەم ناوچانە بگەڕێندرێتەوە، کەچی ڕێککەوتنەکان جێبەجێ نەکراون، تا ئێستاش ئایا کەس بیستوویەتی پەرلەمانی عێراق بەدواداچوونێك لە بارەی هۆکاری ئەم جێبەجێنەکردنە بکات؟ پەرلەمانی عێراق کەمتەرخەمە و هەرێمی کوردستان و سەروەرییەکەی بە بەشێك لە سەروەریی دەوڵەتی عێراق نازانێت.

*** وەك ئاگاداریت هەر چوار دەسەڵاتەکەی هەرێمی کوردستان (سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت، پەرلەمان، ئەنجومەنی دادوەری) بڕیارەکەی بەناو دادگای فیدراڵیی عێراقیان ڕەت کردەوە و، بە بڕیارێکی سیاسییان لە قەڵەم دا، لەبەرامبەریشدا وەزارەتی نەوتی عێراق چەندین هەنگاوی دوژمنکارانەی هەڵگرتووە بۆ سەپاندنی ئەو بڕیارە سیاسییەی بەناو دادگای فیدراڵی بەسەر هەرێمی کوردستاندا، ئایا ئەم هەڵکشانە ناجۆرە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لەلایەن پەرلەمانی عێراق و هاوپەیمانی ئینقاذی وەتەن، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؟**

- گومان لەوەدا نییە کە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق سیاسی و نادەستوورییە، خودی دادگای فیدراڵییش خۆی بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق پێك نەهاتووە، بەپێی

**دەیان جار ناوچەکانمان مووشەکباران و درۆنباران کران، هیچ هەڵوێستێکی کرداریمان لە پەرلەمانی عێراق نەبینی**

**پەرلەمانی عێراق کەمتەرخەمە و هەرێمی کوردستان و سەروەرییەکەی بە بەشێك لە سەروەریی دەوڵەتی عێراق نازانێت**




مادده ٩٢ی دەستوور، پێکهاتەی دادگای فیدراڵی جگە لە دادوەر، لە شارەزایانی یاسا و فیقهی ئیسلامییش پێك دێت، دادگاکە دەبێت یاسایەکی سەربەخۆی هەبێت، بەڵام ئەو یاسایانەی کە ئێستا دادگای فیدراڵییان پێ پێك هێناوە، بۆ سەردەمی بەعس دەگەڕێتەوە، ئەمەش مانای وایە دادگاکە خۆی بەپێی دەستوور پێك نەهاتووە تا بڕیار لە دەستووریبوون و نادەستووریبوونی یاسایەك بدات. ئەوەی وەزارەتی نەوتی عێراق دەیکات و بڕیارەکەی دادگای فیدراڵییش، هەمووی پەیوەندییان بەو هاوکێشە سیاسییانەوە هەیە کە لە عێراق هەن، ئەوان دەیانەوێ لە ڕێی ئەم بڕیار و ڕەفتارانەوە فشار بخەنە سەر هاوپەیمانیی ڕزگاریی نیشتمانی، تا لە هەڵوێستەکانیان بکشێنەوە، بەداخەوە ئەمە یەکەمین جار نییە بیر لە ڕێگەی برسیکردنی خەڵکی کوردستان دەکرێتەوە لە پێناو ئامانجی سیاسی، پێشتریش لە ساڵی ٢٠١٤ تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، بودجەی کوردستان و مووچەی خەڵکەکەیان بڕی، بەبێ ئەوەی ئەوکاتە هیچ سەرچاوەیەکی ئابووری هەبووبێت، دواتریش کە بودجەکە بڕدرا، ئینجا بڕیاری هەناردەکردنی ڕاستەوخۆی نەوتی کوردستان درا، بۆیە ئێستا ئەم کێشانەی ساڵەهای ساڵە کەڵەکە بوونە، بە بیرکردنەوەی شۆڤێنییانەی وەزیرێك، یان بڕیارێکی سیاسیی دادگایەکی نادەستووری چارەسەر نابن و خەڵکی کوردستانیش ئەمە قەبوڵ ناکەن، بە بڕوای من حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگە ڕاستەکەی گرتووەتەبەر و ئامادەیە بۆ هەموو دانوستانێك، لە بەرامبەریشدا سازش لەسەر هیچ مافێکی دەستووریی خەڵکی کوردستان ناکات، کە یەکێك لەو مافانە بەپێی مادده ١١٢ی دەستوور، بابەتی کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان و ئیدارەدانیانە.

*** وەك ئاشکرایە کە هەموارکردنی یاسای دادگای فیدراڵی لە ساڵی ٢٠٢٠ بە زۆرینەی ڕەها بووە و فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگی پێ نەداوە، لەبەر ئەوەی بڕیارێکی هەمان دادگا لە ٢٠١٢ هەیە کە داوا دەکات هەموارکردنەکە بە دوو لەسەر سێ بێت، ئایا پەرلەمان لەم خولە ناتوانێت جارێکی دیکە بە ڕێگەی زۆرینەی ڕەها یاسای دادگای فیدراڵی ڕەت بکاتەوە؟**

- ئێمە لە عێراق دەستوورێکمان هەیە، کە گەل دەنگی لەسەر داوە و ئەسڵ ئەوەیە هەموان پێیەوە پابەند بن، پەرلەمانی عێراق یاساکە ڕەت بکاتەوە یان نا، ئەو یاسایە خۆی لەسەر بنەمایەکی پووچە، هەروەك بنەمایەکی یاساییشمان هەیە کە دەڵێت (کل مابني على باطل فهو باطل). دەبوایە ئەو دادگای فیدراڵییە یەکەمین شت کە بڕیاری نادەستووریبوونی بۆ دەربکات، ئەو یاسایە بێت کە دادگاکەی پێ کارا کراوەتەوە

**ئەو یاسایانەی کە ئێستا دادگای فیدراڵییان پێ پێک هێناوە، بۆ سەردەمی بەعس دەگەڕێتەوە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگە ڕاستەکەی گرتووەتەبەر و ئامادەیە بۆ هەموو دانوستانێک، لە بەرامبەریشدا سازش لەسەر هیچ مافێکی دەستووریی خەڵکی کوردستان ناکات**

مایکڵ مۆسۆ پرۆفیسۆری سیاسەت و ئاسایش و کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی سەنتراڵ فلۆریدا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پەیوەندیی نێوان هەلومەرجە ئابوورییەکان و دامەزراوە و ناکۆکییەکان دەدات و، خاوەن تیۆرێکی تایبەتە کە پەیوەستە بەوەی چۆن دەرفەتی یەکسان لە بازاڕدا بایەخ دروست دەکات بۆ لیبراڵ دیموکراسی و هێنانەئارای ئاشتی لە نێوان نەتەوە و دەوڵەتەکاندا. مۆسۆ پشتیوانی لەوە دەکات کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان هەوڵی ئەوە بدەن دەرفەتی بەربڵاوی ئابووری بۆ ئەو وڵاتانە بڕەخسێنن کە کەمتر گەشەکردوون، چونکە پێی وایە ئەمە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئاشتییەکی هەمیشەیی و دادپەروەرانە لەسەر ئاستی جیهان. لەم ڕووەوە گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا سازکرد، بۆ تاوتوێکردنی پرسی شەڕی ئۆکرانیا، کە چۆن پشتبەستنی ئابووری نەبووە هۆی ڕێگریکردن لە بەرپابوونی شەڕ و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## مایکڵ مۆسۆ

پرۆفیسۆری کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی سەنتراڵ فلۆریدا بۆ گوڵان:

# ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پشت بە یەک بەستنی ئابووری ڕێگرییان لە بەرپابوونی شەڕی نێوان نەتەوەکان نەکردووە

# دیمانەی تایبەت



**سەرۆکی ڕووسیا لە ڕێی دابەشکردنی سەرچاوە و سامانی ڕووسیاوە بە سەر ئەو کەسانەی نێو وڵاتەکەی کە زۆرترین دڵسۆزییان بۆی هەبوو، توانیویەتی خۆی بکاتە ئەمیری جەنگ**

*** چۆن لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانیت و ئایا ئەم شەڕە چ گۆڕانکارییەکی دروست کردووە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا و، چ وەرەچەرخانێکی هێناوەتە ئاراوە لەم ڕووەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئاماژە بەوە دەکرا کە پشت بە یەکدی بەستنی ئابووری، دەکرێت ببێتە ئامرازێك بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی شەڕ لە نێوان دەوڵەتاندا؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا ئەوەی خستەڕوو کە ئەوەی پێی دەگوترێت «نەفرەتی سەرچاوەکان»، بۆی هەیە ببێتە هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی شەڕ و ناکۆکیی نێودەوڵەتی، هەروەك لە وتارێکمدا بە ناوونیشانی «کۆتاییهاتنی شەڕ» لە ساڵی ٢٠١٩ بڵاو کراوەتەوە، ڕوونم کردووەتەوە، ئەوا ڤلادمیر پوتین سەرۆکی ڕووسیا لە ڕێی دابەشکردنی سەرچاوە و سامانی ڕووسیاوە بە سەر ئەو کەسانەی نێو وڵاتەکەی کە زۆرترین دڵسۆزییان بۆی هەبوو، توانیویەتی خۆی بکاتە ئەمیری جەنگ، ئەو کەسانەشی کە ئەم سامان و سەرچاوانەیان بەسەردا دابەش کراوە، هاوکار دەبن لە سەرکوتکاریی ئەو کەسانەی کە ئەم مامەڵەیەیان لەگەڵدا نەکراوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکە، ئەوا دەکرێت بڵێین سەرنجێکی زۆر خراوەتە سەر پرسی پەیوەست بەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پشت بە یەکدی بەستنی ئابووری، ڕێگری دەکەن لە هەڵگیرسان و بەرپابوونی شەڕی نێوان نەتەوەکان، بەڵام بەڵگەکانی پشتڕاستکردنەوەی ئەم تیۆرە زۆر لاوازن.

*** کەواتە لە ڕوانگەی ئێوەوە پاساو و**

**پاڵنەرە بنەڕەتییەکانی ئەم بڕیارەی ڕووسیا بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا چی بوون؟ هەر لەم ڕوانگەیەوە ئایا پێت وایە هەندێ جار هۆکارە جیۆپۆلەتیکییەکان و نیگەرانییە ئەمنییەکان بەسەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکاندا زاڵ دەبن؟**

- بە تێڕوانینی من نە نیگەرانییە ئەمنییەکان و نە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان هۆکار و پاڵنەری پشت بڕیارەکەی کرملین نەبوون بۆ هێرشکردن و پەلاماردانی ئۆکرانیا، لە وتارەکەمدا «کۆتاییهاتنی شەڕ»، کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد، ئەوەم ڕوون کردووەتەوە کە چۆن ئەو ڕژێمانەی پشت بە دابەشکردنی سەروەت و سامان دەبەستن بۆ بەدەستهێنانی دڵسۆزی و وەلائی خەڵك، لە هەناوی خۆیاندا و لە بنەڕەتدا ڕژێمێکن کە سیاسەتێکی دەرەکیی فراوانخوازی و پاوانخوازی دەگرنەبەر. ئەم جۆر و چەشنە ڕژێمانە پێویستیان بە دروستکردن و داتاشینی دوژمن هەیە بۆ ئەوەی بیکەنە پاساوێك بۆ سەرکوتکردن و داپڵۆسینی ئەو کەسانەی ناوخۆ، کە لە پشکی سەروەت و سامانی وڵاتەکەیان بێبەش کراون، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بوترێت زۆربەی ئەم چەشنە ڕژێمانە لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون، بەڵام زۆربەی ئەم دەوڵەتانەش لە ڕووی قەبارەوە بچووکن و لە بارێکی لاوازدان، بەم هۆیەشەوە ناتوانن هێرش بکەنەسەر دەوڵەتان و وڵاتانی دیکە و هەموویان ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوە کە ئەگەر بێت و هێرش بکەنە سەر دەوڵەتە دراوسێکانیان، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ڕێکاری سزاکارییان بە سەردا دەسەپێنن، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەو وڵاتانەی لە ڕووی قەبارەوە گەورەن و ئەم جۆرە ڕژێمانە تێیاندا دەسەڵاتدار و بڕیاربەدەستن، کەمتر ترسیان هەیە و کەمتر سڵ دەکەنەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ نموونە ڕووسیا، کە لە هەمان کاتدا خاوەنی سوپا و چەکی پێشکەوتووە بە «چەکی ناوکی»شەوە، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین هۆکاری هێرشی ڤلادمیر پوتین بۆ سەر ئۆکرانیا لە ساڵی ٢٠٢٢دا هەر هەمان ئەو هۆکارە بوو کە لە ساڵی ٢٠١٤دا هێرشی کردە سەر ئۆکرانیا و لە ساڵی ٢٠٠٨یشدا هێرشی کردە سەر جۆرجیا، مەبەستم ئەوەیە هەوڵی دا ڕووسەکان لە جیهان داببڕێت و گۆشەگیریان بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی سەرکوتیان بکات، کەواتە ڕەوایە بگوترێت کە سەرۆك ڤلادمیر پوتین لە خەمی ئابووریی ڕووسیادا نییە، لەبەر ئەوەی پێی وایە فاکتەری پاراستن و درێژەدان بە دەسەڵات و سامانەکەی، پەیوەستە بە کۆنترۆڵکردنی نەوت و غازی ڕووسیاوە، هەروەك چۆن کاتی خۆی سەددام حوسێن لە خەمی ئابووریی عێراقدا نەبوو، ئەویش دەسەڵاتی خۆی لە کۆنترۆڵکردنی نەوت و غازی عێراقدا بەرجەستە دەکرد.

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە سەرکردە و سەرۆکەکانی ئەم جۆرە ڕژێمانە لە ئابووریی بازاڕ تێ ناگەن و لە هەمان کاتدا باکیان بە سزا نێودەوڵەتییەکانیش نییە، چونکە ئەوان پەرۆش و خەمخۆری خۆشگوزەرانیی خەڵکەکەیان نین.

*** ئێوە ئاماژەتان بە سزا نێودەوڵەتییەکان کرد، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە گشتی پەنای بۆ دەبەن لە بەرامبەر ئەو وڵاتانەی لە پێشێلکاری و هێرشکردنە سەر وڵاتانی دیکەوە تێوەگلێن، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ڕۆژئاوا کۆمەڵێك ڕێکاری سزاکاریی بەربڵاوی پیادە کردووە لە دژی ڕووسیا، ئێوە چۆن لە کارایی و کاریگەریی ئەم ڕێکارانە دەڕوانن و، ئایا دەبنە هۆی ئەوەی لە کۆتاییدا ڕووسیا بە هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانیدا بچێتەوە؟**

- ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە سزاکان نابنە هۆی ئەوەی هەڕەشە و مەترسی دروست بکەن لەسەر ڕژێمەکەی ڤلادمیر پوتین، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ڕژێمەکەی پشتبەستووە بە دابەشکردنی سەروەت و سامان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی و دڵسۆزی بۆ دەسەڵاتەکەی، کەواتە بە پێچەوانەوە، ئەم سزایانە دەبنە هۆی بەهێزکردنی حوکمڕانییەکەی پوتین، چونکە دەیکاتە پاساوێك بۆ پشتیوانیکردن و پشڕاستکردنەوەی بانگەشەکانی، بەوەی گوایە ڕووسیا بە دوژمن دەورە دراوە، کە ئەمەشی کردووەتە هۆکارێك بۆ شەرعییەتدان بە سەرکوتکردنی گەلی ڕووسیا. هەرچۆنێك بێت، سزاکان دوو بەهای دیکەیان هەیە، یەکەمیان ئەوەیە تا ئەم سزایانە بەهێز

**نە نیگەرانییە ئەمنییەکان و نە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان هۆکار و پاڵنەری پشت بڕیارەکەی کرملین نەبوون بۆ هێرشکردن و پەلاماردانی ئۆکرانیا**

**ئەو ڕژێمانەی پشت بە دابەشکردنی سەروەت و سامان دەبەستن بۆ بەدەستهێنانی دڵسۆزی و وەلائی خەڵك، لە هەناوی خۆیاندا و لە بنەڕەتدا ڕژێمێکن کە سیاسەتێکی دەرەکیی فراوانخوازی و پاوانخوازی دەگرنەبەر**

**ڤلادمیر پوتین لە خەمی ئابووریی ڕووسیادا نییە، لەبەر ئەوەی پێی وایە فاکتەری پاراستن و درێژەدان بە دەسەڵات و سامانەکەی، پەیوەستە بە کۆنترۆڵکردنی نەوت و غازی ڕووسیاوە**

**سەددام حوسێن لە خەمی ئابووریی عێراقدا نەبوو، ئەویش دەسەڵاتی خۆی لە کۆنترۆڵکردنی نەوت و غازی عێراقدا بەرجەستە دەکرد**



بن، ئەوا ڕەنگە ببنە هۆی سنووركرداركردن و لاوازكردنی توانای سەرۆك پوتین بۆ هەڵگیرسانی شەڕ لە مەودای درێژخایەندا. دووەمیان، ئەم سزایانە ئەوە دەخەنەڕوو، یان ئەوە پیشانی جیهان دەدەن كە وڵاتانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوایی ئامادەی لە ئەستۆگرتنی باج و تێچوونی سەپاندنی سزاكانن بە سەر ئەو وڵاتانەی كە پەنا بۆ كاری دوژمنكاری دەبەن، لەم ڕووەوە بە دڵنیاییەوە سەركردەكانی وڵاتی چین سەرنجی ئەوەیان داوە كە ڕۆژئاوا ئامادەیە باجێكی گەورە بدات و بە نرخێكی بەرزتر نەوت و غاز بكرێت، ئەمەش ئەو دەرئەنجامەی لێ دەخوێندرێتەوە كە ئەگەر بێت و چین هێرش بكاتە سەر تایوان، ئەوا ئەویش دوچاری سزا دەبێتەوە، بە پێچەوانەی ڕووسیاوە، وڵاتی چین ئابوورییەكی نییە كە پشتبەستبوو بێت بە دابەشكردنی سامان و سەرچاوە بۆ بەدەستهێنانی دڵسۆزیی خەڵك، لەم ڕوانگەیەوە سەركردەكانی چین ترسیان هەیە لە سزاكانی ڕۆژئاوا، كەواتە كاردانەوە و پەرچەكرداری بەهێزی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر شەڕی ئۆكرانیا و ڕووسیادا ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی لەگەڵ چیندا كەم كردووەتەوە.

*** باشە پێت وایە ئەم شەڕە تا چ ڕادەیەك دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوروپا پێداچوونەوەی ڕیشەیی و قووڵ بكات بە حیسابات و لێكدانەوە ستراتیژییەكانی خۆیدا لە ڕووی ئاسایش و وزەوە؟**

- تا ئەوروپا و جیهان پشت بە سەرچاوەی وزە لە نەوت و غاز ببەستن، ئەوا هەمیشە كەسانی وەك سەددام حوسێنی عێراق و مادورۆی ڤەنزویلا و پوتینی ڕووسیا سەرهەڵدەدەن و دروست دەبن، ئەگەر ئەوروپا نەوت و غاز لە وڵاتانی دیكەی غەیری ڕووسیا بكڕێت، ئەوا دەرئەنجامە سەرەكییەكانی سزاكان بریتی دەبن لە زیاتر هەڵكشان و بەرزبوونەوەی نرخی وزە لە جیهاندا، لەبەر ئەوە هێشتا ڕووسیا دەتوانێت دارایی پێویست بۆ شەڕەكەی دابین بكات لە ڕێی فرۆشتنی نەوت و غاز بە وڵاتانی دیكە، وەك چین و هیندستان، ئومێدەكە ئەوەیە، ئەم شەڕە ببێتە هۆی ڕاچڵەكاندنی ئەوروپییەكان و ئەوانی دیكە درك بەوە بكەن كە چارەسەری كێشە جیۆپۆلەتیكییەكان ئەوەیە بە ڕەوتێكی خێرا لە پشتبەستن بە نەوت و غاز دوور بكەونەوە.

**سزا ئابوورییەكان دەبنە هۆی بەهێزكردنی حوكمڕانییەكەی پوتین، چونكە دەیكاتە پاساوێك بۆ پشتیوانیكردن و پشڕاستكردنەوەی بانگەشەكانی، بەوەی گوایە ڕووسیا بە دوژمن دەورە دراوە**

**سەركردەكانی چین ترسیان هەیە لە سزاكانی ڕۆژئاوا، كەواتە كاردانەوە و پەرچەكرداری بەهێزی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر شەڕی ئۆكرانیا و ڕووسیادا ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی لەگەڵ چیندا كەم كردووەتەوە**

ئەلۆن بێن مایەر
پرۆفیسۆری کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی نیویۆرک بۆ گوڵان:

# چارەسەر بۆ کۆتاییهاتنی شەڕەکە ئەوەیە ئۆکرانیا ببێتە وڵاتێکی بێلایەن

ئەلۆن بێن مایەر پرۆفیسۆرە لە سەنتەری کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی نیویۆرك و، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بە دەستی هێناوە. ئەلۆن بێن مایەر شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك کاروبارەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای بەلکان و گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و ڕاوێژکاری. بۆ شرۆڤەکردنی هەلومەرجی ئێستای شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

ديمانەی تایبەت



*** هەروەك ئاشكرایە كە لە ئێستادا شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا پێی ناوەتە قۆناغێكی دیكەوە، لەو ڕووەوە كە ئەگەری ئەوە هەیە شەڕەكە درێژە بكێشێت و هیچ ئاسۆ و ئەگەری ئەوە نییە كە بەم نزیكانە كۆتایی پێ بهێنرێت و، پرۆسەیەكی وتوێژی جدیش بەدی ناكرێت لەم ڕووەوە، تێڕوانین و خوێندنەوەی ئێوە چییە بۆ ئەم شەڕە و چۆن لە پێشهات و پەرەسەندنەكانی دەڕوانن؟**

- سەرەتا ئەوەی من دەمەوێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بكەم و ڕوونی بكەمەوە، ئەوەیە كە پێش ئەوەی ڕووسیا بڕیاری بەرپاكردنی شەڕ بدات لە دژی ئۆكرانیا، ئەم وڵاتە لە بارودۆخێكدا نەبوو كە ڕووبەڕووی مەترسییەكی وجودی، یان هەڕەشەی لەناوچوون بووبێتەوە، بە چەشنێك ناچار بێت دەستپێشخەریی شەڕ بكات و پەنا بۆ گرتنبەری ڕێكاری پێشوەختە ببات، بۆ نەهێشتنی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە، واتە ڕاستە پەیوەندییەكی دۆستانە و زۆر گەرموگوڕ نەبوو لە نێوان ڕووسیا و ناتۆدا و هەستیارییەك هەبوو لە نێوانیاندا، بەڵام هەلومەرجەكە نەگەیشتبووە ئاستی ئەوەی مەترسییەكی جددی لەسەر ڕووسیا درووست ببێت، بەڵكو من دەڵێم بە پێچەوانەوە، ڕۆژئاوا (بەتایبەتی وڵاتانی ئەورووپا) پەیوەندییەكی فرەڕەهەند و فرەلایەن و ئاوێتەبوونێكی گەورەی ئابوورییان لەگەڵ ڕووسیادا هەبوو، بە چەشنێك كە ئەم پەیوەندییانە قەتیس نەبوون لە بواری وزەدا، بەڵكو چەندین لایەنی دیكەی گرنگی ئابوورییشیان گرتبووەوە. لێرەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هۆكار و پاڵنەری بنەڕەتیی ڕووسیا بۆ ئەم شەڕە، ئەوا ڕەنگە بتوانین گرێی بدەینەوە بە بیركردنەوە و لێكدانەوە و

**راستە پەیوەندییەكی دۆستانە و زۆر گەرم و گوڕ نەبوو لە نێوان ڕووسیا و ناتۆدا و هەستیارییەك هەبوو لە نێوانیاندا، بەڵام هەلومەرجەكە نەگەیشتبووە ئاستی ئەوەی مەترسییەكی جددی لەسەر ڕووسیا دروست ببێت**

ڕاڤەکردنی ڕووداوەکانی مێژووی ڕووسیا لەلایەن سەرۆك ڤلادیمێر پوتینەوە، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە ڤلادیمێر پوتین ئەم شەڕەی بۆ بەرگریکردن و بەرپێگرتنی هەڕەشە و مەترسی لەسەر وڵاتەکەی بەرپا نەکرد، بەڵکو ئەم بڕیاری شەڕە پاڵنەر و هۆکاری بەرفراوانخوازی و درێژکردنەوەی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی و حوکمڕانیی ڕووسیا بوو بۆ زۆرێك لەو خاك و وڵاتانەی پێشتر لە ژێر ڕکێفی یەکێتی سۆڤیەتدا بوون.

*** سەبارەت بە کاردانەوە و پەرچەکرداری وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوا ئەوەی بەدی دەکرێت کە سزایەکی ئابووری و دارایی بەربڵاو و بەرفراوانیان لە دژی ڕووسیا سەپاندووە، بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە لەسەر ناچارکردنی ڕووسیا بە ڕاگرتنی شەڕەکە، ئایا پێت وایە ڕۆژئاوا دەیتوانی چ ڕێکارێك بگرێتەبەر، بۆ ئەوەی ڕووسیا ناچار بە سازش و دەستهەڵگرتن لەم شەڕە بکات؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە دەبێت لەم ڕووەوە ئەو ڕاستییەمان لە بەرچاو بێت کە ئۆکرانیا وڵاتێك نییە ئەندامی ناتۆ بێت، واتە ڕۆژئاوا لەم ڕووەوە ئەم پرسەی بە هەستیارییەوە لەبەرچاو گرتووە، بە واتایەکی دیکە ئەگەر ئۆکرانیا ئەندامی ناتۆ بووایە ئەوا ناتۆ بە تێکڕای هێز و توانای خۆیەوە دەهاتە نێو شەڕەکەوە، چونکە هێرشکردن بۆ سەر هەرئەندامێکی ناتۆ، بە هێرشکردنەسەر تێکڕای ئەندامەکانی لێك دەدەرێتەوە، واتە دەبێت سەرجەم وڵاتانی دیکەی ئەندام هاوکاری و پشتیوانی لەم وڵاتە ئەندامە بکەن کە ڕووبەڕووی شەڕ و پەلامار بووەتەوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە پێشتر وڵاتی ئۆکرانیا هەوڵی دەدا ببێتە ئەندامی ناتۆ، چونکە خوازیاری ئەوە بوو کە سوودمەند بێت لەو پارێزگارییە ئەمنییەی ئەم ئەندامێتییە بۆی دەستەبەر دەکات، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەبوو کە سەرۆکی ڕووسیا ڤلادیمێر پوتین نەیدەویست ئەمە ڕوو بدات. هەرچۆنێك بێت، بە تێڕوانینی من دەکرا ئەم کێشەیە بە ئاسانی چارەسەر بکرێت و نیگەرانییەکان لەم ڕووەوە بڕەوێندرێتەوە و بەر بە هەڵکشانی پەرەسەندن و پێشهاتەکان بگیرێت، بۆ نموونە: من پێشنیاری ئەوەم کرد کە ئۆکرانیا وەك وڵاتێکی بێلایەن بمێنێتەوە، واتە نە پاشکۆ و بەشێك بێت لە ڕووسیا و نە ئەندامی ناتۆش بێت، کە لەم ڕووەوە پێم وایە سەرۆکی ئۆکرانیا ڤلۆدۆمیر زیلینیسکیش پێشتر ئەمەی دووپات کردووەتەوە کە دەیەوێت وڵاتەکە لە پێگە و هەلومەرجێکدا بێت، کە هەم بتوانێت دۆستی ڕۆژئاوا بێت و هەم دۆستی ڕووسیا، بە مەرجێك ئەمە ڕێزگرتن لەخۆ بگرێت بۆ سەروەری و سەربەخۆیی ئۆکرانیا، کە من پێم وایە دەبوو پێش هەڵگیرسانی ئەم شەڕە کار لەسەر ئەم بیرۆکە و پێشنیارە بکرایە و جێبەجێ بکرایە، بە مەرجێك کە گەرەنتی ئەوە لە ڕووسیا وەربگیرایە کە نابێت دەستێوەردان بکات لە کاروباری ناوخۆی ئۆکرانیادا، ئێستاش دەبێت هەموو هەوڵێك بدرێت بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە و، چارەسەرەکەش هەر لە پێشنیارەکەی پێشوودا بەدی دەکەم، کە پێویستە ئۆکرانیا لە بارێکدا بێت کە نەبێتە هاوپەیمانی هیچ لایەك و، لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە سەربەخۆیی و سەروەریی خۆی بکات، هاوکات پێگەیەکی بێلایەنی هەبێت بە چەشنێك ڕووسیا هیچ مەترسی و نیگەرانییەکی نەبێت لەوەی هێزی ناتۆ لە نزیك سنوورەکانی جێگیر بکرێت.

*** ئێوە لە میانەی وتارێکتاندا باس لەوە دەکەن کە نەتەوە یەکگرتوەکان و بە دیاریکراوی ئەنجومەنی ئاسایش، ناکاران و نەیانتوانیوە ڕۆڵی چاوەڕوانکراو و پێویستی خۆیان ئەدا بکەن لەم ڕووەوە، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت چی بکرێت لەم ڕووەوە و ئایا ئێوە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پێویستە گۆڕانکاری لە سیستمی کارکردنی نەتەوە یەکگرتوەکان و خودی ئەنجومەنی ئاسایشدا بکرێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی درووستبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەنجومەنی ئاسایش پێکهێنرا و ئەندامەکانی مافی ڤیتۆیان پێ درا، ئەوا ٧٠ ساڵ بەر لە ئێستا بوو، بەڵام لە ئێستادا جیهان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، ئەوەتا ئێستا هیندستان وڵاتێك نییە کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بێت و مافی ڤیتۆی هەبێت، کە پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی نەبێتە ئەندامێکی هەمیشەیی، لە کاتێکدا کە وڵاتێکی گەورەیە و ژمارەیەکی زۆر دانیشتوانی هەیە، بە هەمان شێوە بۆ ئەندەنوسیا

**ئەگەر ئۆکرانیا ئەندامی ناتۆ بووایە ئەوا ناتۆ بە تێکڕای هێز و توانای خۆیەوە دەهاتە نێو شەڕەکەوە، چونکە هێرشکردن بۆ سەر ئەندامێکی ناتۆ، بە هێرشکردنە سەر تێکڕای ئەندامەکانی لێک دەدەرێتەوە**

**ئەگەر وڵاتانی وەک ڕووسیا و چین بتوانن ڤیتۆی هەر بڕیارێک بکەن کە دەیانەوێت، ئەوا بوونی ئەنجومەنی ئاسایش لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا چ سوودێکی هەیە؟**

**دەبێت چاکسازی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا بکرێت بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی سیستمی نوێیە جیهانییەکە بێت، کاتێک نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا، ٥٤ ئەندامی هەبوو، ئێستا نزیکەی ٢٠٠ ئەندامی هەیە**

و بۆ تەواوی کیشوەری ئەفریقیا و کیشوەری ئەمریکای لاتین، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە ئەگەر وڵاتانی وەك رووسیا و چین بتوانن ڤیتۆی هەر بریارێك بکەن کە دەیانەوێت، ئەوا بوونی ئەنجومەنی ئاسایش لە نێو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا چ سوودێکی هەیە؟ چونکە ئێمە بینیمان لە نێو گفتوگۆکانی ئەنجومەنی ئاسایشدا لەبارەی شەڕەکەی رووسیا و ئۆکرانیاوە کە باڵیۆزی رووسیا بانگەشەی ئەوەی کرد رووسیا تەنیا هێزی ئاشتیپارێزی ناردووەتە ئۆکرانیا و، بەم کارەشی رێگری لە حکومەتی ئۆکرانیا کردووە بۆ ئەوەی جینۆساید ئەنجام نەدات، و دواتر کە بریارەکەی خرایە روو لە دژی داگیرکارییەکە، ئەوا کارێکی سرووشتی و چاوەڕوانکراو بوو کە رووسیا ڤیتۆی بکات، کەواتە کاتێك ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی بەرچاو شکست دەهێنێت لە بەرپێگرتن بە شەڕێکی ئاوا گەورە، لەبەر ئەوەی رووسیا – کە خۆی شەڕەکەی بەرپا کردووە- ڤیتۆ لە دژی بریاری پەیوەست بە شەڕەکەوە بەکار دەهێنێت، ئەوا ئەم ئەنجومەنە چ رۆڵ و گرنگییەکی دەمێنێت؟ خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئەم ئەنجومەنە هیچ میکانیزمێکی نییە بۆ جێبەجێکردنی بریارەکانی، چونکە بە دەیان بریاری دەرکردووە بە بێ ئەوەی جێبەجێ بکرێن، لەم رووەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە دەبێت چاکسازی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا بکرێت بۆ ئەوەی رەنگدانەوەی سیستمی نوێیە جیهانییەکە بێت، کاتێك نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا ٥٤ ئەندامی هەبوو و ئێستا نزیکەی ٢٠٠ ئەندامی هەیە، بەڵام لە ساتی دامەزراندنییەوە تا ئێستا هیچ گۆڕانکاری و هەموارکردنێکی تێدا روو نەداوە. لە ئێستادا من سەرقاڵی تویژینەوەیەکم لەبارەی ئەوەی چۆن و بۆچی پێویستە گۆڕانکاری و چاکسازی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامدەرەوەی هەلومەرجی نوێی جیۆپۆلەتیکی رۆژگاری ئێستا بێت.

*** چۆن لە کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە دەڕوانیت لەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، بە تایبەتی کە رووسیا دەستێوەردان و بوونێکی سەربازی هەیە لە وڵاتێکی وەك سووریا و، ئایا ئەم شەڕە دەبێتەهۆی لاوازکردنی پێگەی رووسیا و ئایا چ رەنگدانەوەیەکی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەم ناوچەیە، بە تایبەتی ئیسرائیل کە لە نزیکەوە چاودێریی پەرەسەندنەکانی سووریا دەکات؟**

- لە راستیدا ئیسرائیل پەیوەندییەکی باشی هەیە هەم لەگەڵ رووسیا و هەم لەگەڵ رۆژئاوادا (بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) دواتر هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێ کرد رووسیا تەواجودێکی سەربازیی هەیە لە سووریا و، ئیسرائیلیش نیگەرانە لە چالاکییەکانی ئێران



لە سووریادا و، رووسیاش بوار بە ئیسرائیل دەدات کە بۆردومانی پێگە و بەرژەوەندییەکانی ئێران بکات لەو وڵاتەدا، کەواتە لەم رووەوە ئیسرائیل نایەوێت رووسیا نارەحەت بکات، هەر لەم روانگەیەشەوە ئیسرائیل هەوڵی داوە کە میانگیری بکات بۆ وەستاندنی شەڕی رووسیا و ئۆکرانیا، ئەگەرچی من هەر لە سەرەتاوە پێم وابوو ئەو هەوڵانە شکست دەهێنن، چونکە باوەڕم وایە پوتین دەیەوێت بە هەر نرخێك بێت شەڕەکە بباتەوە. ئێستاش کە شەڕەکە درێژ بووەتەوە و دوای ئەو هەموو زیانە سەربازییە و سزا ئابوورییانە، رەنگە رووسیا بە حیساباتی خۆیدا بچێتەوە و سەرکەوتن لە بەشی رۆژهەڵاتی ئۆکرانیادا رابگەیەنێت، من دەڵێم ئەمە رێی تێ دەچێت، چونکە رووسیا پێشبینیی هەڵەی کرد لەبارەی بەرگریی ئۆکرانییەکان و کاردانەوەی رۆژئاواوە.



**فەتحی محەمەد**

**ڕاوێژکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:**

# دەستپێکردنی پرۆسەی پێدانی پارەی گەنم دەستکەوتێکی گەورەی حکومەتە بۆ جووتیاران

**ئاسایشی خۆراك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری کەمیی خۆراك بە یەکێك لە پرسە گرنگەکانی ئەم سەردەمە دادەنرێت، تاوتوێکردنی ئەم پرسە لە چوارچێوەی زامنکردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێم لە یاسای ئاسایشی خۆراك و پشکی هەرێمی کوردستان لە بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان و کڕینەوەی بەرهەمی گەنمی جووتیاران، تەوەرەی سەرەکیی دیداری گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ فەتحی محەمەد ڕاوێژکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

*** دابینکردنی خۆراك و پاراستنی ئاسایشی خۆراکی بە پرسێکی گرنگ و خواستێکی سەرەکیی هاووڵاتیان دادەنرێت، ئێوە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی چۆن دەڕواننە ئەم پرسە و تا چەند توانراوە ڕێگا لە دروستبوونی قەیرانی خۆراك بگرن؟**

- دابینکردنی خۆراك و ئاسایشی خۆراکی بە یەکێك لە پرسە گرنگەکانی ئەم سەردەمە دادەنرێت، بەتایبەتی لەگەڵ قەیرانی کۆرۆنا و شوێنەوارەکانی لەسەر ئابووریی جیهان و ئیفلیجبوونی کەرتی گواستنەوە و کەمبوونەوەی بەرهەم، ئەم پرسە گرنگییەکی تایبەتیمان پێ دا و ڕێگامان لە ئەگەری دروستبوونی قەیرانی خۆراکی لە هەرێمی کوردستان گرت، لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاشدا دووبارە ئەم پرسە بە گەرمی لە ناوەندە جیهانییەکان و وڵاتان سەری هەڵداوەتەوە. لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وەکو بەشێك لە زامنکردنی ئەرکی دابینکردنی خۆراك داناوە، بە خۆشحاڵییەوە زۆرترین سایلۆ و کۆگامان بۆ ئەمبارکردنی گەنم دابین کردووە و لە ئێستادا توانای یەك ملیۆن تۆن ئەمبارکردنی دانەوێڵەمان هەیە و ئاسانکاریی باشمان بۆ جووتیارەکان کردووە، تاوەکو بتوانن خۆراك دابین بکەن بۆ هاووڵاتیانی کوردستان و بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونیان بکڕینەوە، ئەمە وێڕای ئاسانکاری و پاڵپشتیکردنی بازرگانەکان و کۆمپانیاکان و بۆ هێنانی خۆراك و پێداویستییە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان، لە ئێستادا وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە ڕێگەی تیمەکانییەوە زۆر بە وردی و چڕی چاودێری بارودۆخی بازاڕەکان دەکات و ڕێگا نادات گەمە بە خۆراك و کاڵا سەرەکییەکان بکرێت، یان کەرەستە و پێداویستیی خۆراکی ماوەبەسەرچوو لە بازاڕەکاندا ساغ بکرێتەوە. کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان بۆ هەرێمێك کە نەگەیشتووەتە قۆناغی خۆبژێوی، کارێکی قورسە،چونکە نرخی شمەك و خۆراکەکان لە سەرچاوەی شوێنی بەرهەمهێنانیانەوە گران بووە.

زۆرترین سایلۆ و کۆگامان بۆ ئەمبارکردنی گەنم دابین کردووە و لە ئێستادا توانای یەک ملیۆن تۆن ئەمبارکردنی دانەوێڵەمان هەیە

*** دوای تێپەڕاندنی یاسای ئاسایشی خۆراکی لە پەرلەمانی عێراق، ئایا دەتوانرێت عێراق و هەرێمی کوردستان لە تەنگژەی خۆراك ڕزگار بکرێن؟ ئایا لەم ماوەیەدا کۆبوونەوەتان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیی عێراق هەبووە؟ ئایا پرسی ئاسایشی خۆراك لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەبەردەم مەترسییەکی گەورەی ئەوتۆدایە کە دەیان ترلیۆن دیناری بۆ تەرخان بکرێت؟**

- هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش پێویستیان بە بەشە خۆراك و دابینکردنی خۆراك و پێداویستیی سەرەکیی ڕۆژانەیان هەیە، داشکانی بەهای دینار بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی هەڵاوسانێکی توندی لێ کەوتووەتەوە، بۆیە بە تەئکید پێویستیمان بە هاوردەکردنی خۆراك هەیە و دابینکردنی ئەم خۆراکەش بڕ و پارەیەکی زۆری پێویستە، من ناڵێم پرسی ئاسایشی خۆراك لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدایە، بەڵام پێویستی بە تەرخانکردنی بڕە پارەیەکی زۆر هەیە، بەتایبەتی بۆ دابینکردنی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان کە لە ساڵی ڕابردوودا نەتوانرا هەموو مانگێك بەشە ئارد و بەشە خۆراکی هاووڵاتیان دابین بکرێت. دەربازبوون لەم

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە ڕێگەی تیمەکانییەوە زۆر بە وردی و چڕی چاودێریی بارودۆخی بازاڕەکان دەکات و ڕێگا نادات گەمە بە خۆراک و کاڵا سەرەکییەکان بکرێت

**کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان بۆ هەرێمێک کە نەگەیشتووەتە قۆناغی خۆبژێوی، کارێکی قورسە، چونکە نرخی شمەک و خۆراکەکان لە سەرچاوەی شوێنی بەرهەمهێنانیانەوە گران بووە**

مەترسی و ئەگەری قەیرانە، تەنیا لە ڕێگەی زیادکردنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییەوە دەبێت، واتا تا هەرێمی کوردستان لە بواری کشتوکاڵدا نەگاتە قۆناغی خۆبژێوی، هەر هیچ نەبێت لە بواری پێداویستییە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان وەکو گەنم و دانەوێڵەکان، زەحمەتە ڕێگا لە گرانبوون و هەڵکشانی نرخەکان بگیرێت. سەبارەت بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیی عێراقدا هەنگاوی باشمان بڕیوە و پەیوەندییەکانمان لە ئاستێکی باشدان، بەڵام زۆربەی یاساکانی وەزارەتی بازرگانیی عێراق پێویستە هەموار بکرێنەوە، وەکو یاسای قەدەغەکردنی قۆرخکاریی و چەندین بواری دیکە، ئەمەش وەکو خۆئامادەکردنە بۆ ئەوەی عێراق کە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەعێراق دەستکەوتێکی گەورە و خزمەتێکی باشە بۆ برا جووتیارەکانمان، بەداخەوە لەساڵانی ڕابردوودا ئەو گرفت و کێشەیە زۆر بوو، بەوەی قەرزی جووتیارانی کوردستان بەتایبەتی هی ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ نەدراوەتەوە. بۆیە یەکێك لە بڕگە سەرەکییەکانی گفتوگۆ و دیالۆگەکانی ئێمە لەسەر ئەم بابەتە بووە، ئەمساڵ هەر دوو کۆمپانیای خۆشناو و قەیوان ڕاستەوخۆ بەرهەمی جووتیاران دەکڕنەوە و لە سایلۆکانی عێراقیشدا بە هەمان شێوە گەنمی جووتیاران وەردەگیرێت. لە ٢٥ی مانگی ڕابردووەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیی عێراق ڕەزامەندی دراوە بە وەرگرتنی گەنمی جووتیاران و ئەوە بوو لە ٢٨ ی مانگ بە فەرمی وەرگرتنی گەنم دەستی پێ کرد و ئەمساڵ گەنمی پلە یەك و



**بەهای دینار بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی هەڵاوسانێکی توندی لێ کەوتووەتەوە**

ببێتە ئەندامی کارای ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی. بۆ وەڵامدانەوەی تەوەرەی دووەمی پرسیارەکەش کە تایبەتە بە یاسای ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستانیش بەشی لەو بڕە پارەیە هەیە کە تەرخان دەکرێت بۆ ئەو یاسایە، ئێمەش ساڵانە پشکمان لە بەشە خۆراکی ناو پسوولەی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان هەیە.

*** چاوەڕێی ئەوە دەکرێت لە یاسای ئاسایشی خۆراك، قەرزی جووتیارانی کوردستان هی ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ بدرێتەوە، پرسیار ئەوەیە میکانیزمی دانەوەی پارەی قەرزی جووتیارانی کوردستان چۆن دەبێت؟**

- لە ماوەیەکی کەمدا دەست کرا بە پرۆسەی پێدانی نرخی گەنمی جووتیاران، ئەمەش پلە دوو و پلە سێ هەڵگیراوە و هەموو جۆرە گەنمێك تەنی بە ٨٥٠ هەزار دینار وەردەگیرێت، بە هەندێك ڕسومات و مەرجەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا گەنمی ئەمساڵی جووتیاران لە ٨٢٠ هەزار دینار کەمتر وەرناگیرێت. گەنمەکە لە سایلۆکان ئەمبار دەکرێن و دواتر بۆ ئاشەکانی دەنێرن و دەکرێتە ئارد و لە ڕێگەی بریکارەکانی خۆراکەوە بەسەر هاووڵاتیان دابەش دەکرێت، هەموو ئەم پرۆسەیەش لەسەر بودجەی سیادیی عێراقە.

*** کەرتی بازرگانیی هەرێمی کوردستان هەموو کات تەواوکاری کەرتی بازرگانیی عێراق بووە لەسەر ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ناوخۆ و دەرەوە، لەسەر ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی**

**ناوخۆش کە بەتایبەتی ئەم وەرزە وەرزی پێگەیشتنی بەروبوومی کشتوکاڵە لە کوردستان و گرنگە میکانیزمێك هەبێت بۆ ناردنی ئەم بەروبوومە بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق، ئایا ئەمساڵیش وەك ساڵانی دیکە ڕێگری لە بەروبوومی کوردستان ناکرێت کە بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق بنێردرێت؟**

- پەیوەندیی باشی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی لە بەرژەوەندیی سەرجەم هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستاندایە، هەموو چین و توێژەکان و جووتیار و بازرگانەکان لە تەواوکاریی ئابووری و ئاڵوێری بازرگانیی نێوان هەردوو لا سودمەند دەبن، بگرە ئابووری و بازرگانیی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبووژێتەوە. ڕۆژانە بە سەدان تۆن خۆراك لە هەرێمی کوردستان



و بەپێچەوانەوە لە عێراقەوە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکات. بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا کە بەرهەم و بەروبوومی جووتیاران پێ دەگات و پێویستیمان بە بازاڕە بۆ ساغکردنەوەی باشترین بازاڕ و نزیکترین بازاڕیش ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقە، ئەم ڕێگایە بێ کێشە و گرفت نییە، ئەجیندەی سیاسی و مەرام و بەرژەوەندیی تایبەتی زۆربەی جار ئاستەنگ و گرفتیش دروست دەکات، زۆر جار ئەم ئاستەنگ و گرفتانە بە مەبەستی گەندەڵی و بۆ بەدەستهێنانی بەرتیل و پارەیە.

*** دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی حکومەتی عێراق، بڕیاری داوە کە هەموو گەنمی جووتیارانی کوردستان بە ٨٥٠ هەزار دینار بۆ هەر تەنێك و بە نەقد بکڕێتەوە، ئەم پرۆسەیە چەند پرسیارێك هەڵدەگرێت، دەکرێت وردەکاریی زیاترمان لەسەر ئەم پرۆسەیە پێ بڵێیت؟**

- کڕینەوەی گەنمی جووتیاران لەسەر بودجەی سیادیی عێراقە و تەنانەت ئاشەکان و دابەشکردنی بەسەر بریکارەکاندا لەسەر بودجەی سیادیی عێراقە. جووتیارێکی زۆر گەنم بۆ سایلۆکانمان دەهێنن، بەتایبەتی دوای ئەوەی حکومەتی عێراق چەکی پارەی خستووەتە سەر حیسابی بانکیمان و دوو ملیار دینار خراوەتە سەر حیسابمان، یەك ملیاری بۆ سلێمانی و یەك ملیاری بۆ هەولێر و دهۆك و قۆناغی یەکەمی پرۆسەکەش دەستی پێ کردووە، لە ئەمساڵدا ڕەچاوی ئەوە ناکرێت جووتیار چەند زەوی هەیە و بەپێی ڕووبەری زەوییەکەی ڕێژەی ئەو گەنمەی بۆ دیاری دەکرا کە لێی وەردەگیرا، هەروەها گەنمی پلە یەك و دوو هەڵگیراوە و پارەکەی ڕاستەوخۆ دەدرێتێ و ڕەچاوی cd جووتیارەکەش ناکرێت کە پێشتر بە پێی ڕووبەری زەوییەکەی ئەو بڕە گەنمەی بۆ دیاری دەکرا کە لێی وەردەگیرا. واتە هیچ کێشەیەك نییە کە ببێتە هۆی ڕاوەستانی پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران و ئەو فشارەی لەسەر سایلۆکانە چارەسەر دەکرێت و لە هەرێمی کوردستان توانای وەرگرتنی ٦٠٠ هەزار تۆن گەنم هەیە و ١٥٠ هەزار تەنی دیکەش لە ڕێگەی تەنکەرەکانەوە دەتوانین وەربگرین، ئەگەر لە ساڵێکدا ١٠ وەجبەی بەشە خۆراك ئارد دابەش بکەین، پێویستیمان بە ٧٥٠ هەزار تەن گەنم هەیە، خۆ ئەگەر ١٢ وەجبە دابەش بکەین ئەوا پێویستیمان بە ٩٥٠ هەزار تەن گەنم دەبێت. کەواتە هەرێمی کوردستان پێویستی بە هێنانی گەنم و ئارد هەیە، ئەو بەرهەمەی گەنم کە ساڵانە بەرهەم دەهێندرێت بەپێی پێداویستییەکانی ناوخۆ نییە، عێراقیش بە هەمان شێوە لە دەرەوە گەنم دەهێنێت، کە ساڵانە پێویستی بە ٥ ملیۆن تەن گەنم هەیە کە لە ناوخۆدا تەنیا ٢ بۆ ٣ ملیۆن تەن وەردەگیرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێت لە دەرەوە بیهێنێت. لە ئێستادا وەزارەتی بازرگانی ڕەزامەندی وەرگرتووە بۆ کڕینی ٣ ملیۆن تەن گەنم لە دەرەوەی وڵات و لەم بڕە گەنمەش بەشی هەرێمی کوردستانی تێدایە.

**قەرزی جووتیارانی کوردستان بەتایبەتی هی ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ نەدراوەتەوە. بۆیە یەکێک لە بڕگە سەرەکییەکانی گفتوگۆ و دیالۆگەکانی ئێمە لەسەر ئەم بابەتە بووە**

**ئەمساڵ گەنمی پلە یەک و پلە دوو و پلە سێ هەڵگیراوە و هەموو جۆرە گەنمێک تەنی بە ٨٥٠ هەزار دینار وەردەگیرێت**

**لە هەرێمی کوردستان توانای وەرگرتنی ٦٠٠ هەزار تۆن گەنم هەیە و ١٥٠ هەزار تەنی دیکەش لە ڕێگەی تەنکەرەکانەوە دەتوانین وەربگرین**




**دکتۆر هەڤاڵ سدیق ئیسماعیل**
بەڕێوەبەری گشتیی هەڵسەنگاندن و مۆڵەتدان لە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ گوڵان:

# ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەمدەرامەت و کرێنشین بە کوالێتییەکی باش و دادپەروەرانە دابەش دەکرێت

# نرخی یەکەکانی نیشتەجێبوون گونجاو دەبێت و قیستەکانی درێژخایەنن و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتیش پاڵپشتییەکی باشی ئەم پڕۆژەیە دەکەن

**دروستکردنی ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشین وەرچەرخانێکی گەورەیە لە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسەکە و چۆنیەتیی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون و دابەشکردنی بە سەر پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و شێوازی دابەشکردنەکە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر هەڤاڵ سدیق ئیسماعیل بەڕێوەبەری گشتیی هەڵسەنگاندن و مۆڵەتدان لە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** دروستکردنی ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشین بڕیارێکی گرنگ بوو، سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیە بەندە بەو پلان و بەرنامەیەی کە دەستەی وەبەرهێنان بۆی ئامادە کردووە، ئایا بەرنامە و پلانتان بۆ بە خێرایی جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژە مەزنە چییە؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گرنگیی تایبەتی پێ دراوە، بەو پێیەی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بە یەکێك لە پێداویستییە سەرەکییەکان و مافی هاووڵاتیان دادەنرێت، زیادبوونی ژمارەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون و دەستپێکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر بووژانەوەی کەرتی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان، لەم کابینەیەدا مۆڵەتی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بە چەندین کۆمپانیا دراوە و بە دەیان یەکەی نیشتەجێبوونی دیکە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و تا ساڵی ٢٠٢٣ نزیکەی ٨٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون تەواو دەبن، جگە لە سوودەکانی بۆ نیشتەجێبوون لە ٧٥٪ی دەستی کاری خۆماڵی لەم پڕۆژانەدا کار دەکەن، هەرچی بازاڕی پیشەیی و کەرەستەی خاویشە بووژاوەتەوە و جووڵەی بازاڕی ناوخۆی باش کردووە. لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا توانراوە دەست بە جێبەجێکردنەوەی چەندین پڕۆژەی نیشتەجێبوون بکرێت، ئەمەش دوای ئەوەی وەبەرهێنەکە لە ٢٠١٢ و ٢٠١٣ کارەکانی ڕاوەستاندبوو، یان تووشی مایەپووچبوون ببوو. دروستکردنی ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوونیش لەسەر بڕیاری ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشین لەم چوارچێوەیەدا دێت و، وەرچەرخانێکی گرنگە لە پرۆسەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی ئەم پڕۆژەیە قیستەکانی درێژخایەنن و بارگرانی لەسەر کرێنشینان و خەڵکی کەمدەرامەت نابێت و حکومەت پاڵپشتی دەکات و قیستەکان بە شێوەیەکن هەموو کەسێکی کەمدەرامەتیش دەتوانێت ئەو قیستانە بدات، ئاسانکاریی باش پێشکەش بەو کەسانە دەکرێت کە یەکەکانی نیشتەجێبوون دەیانگرێتەوە، وێڕای ئەوەی نرخی یەکەکانی نیشتەجێبوون گونجاو دەبێت و قیستەکانی درێژخایەنن، وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتیش پاڵپشتییەکی باشی ئەم پڕۆژەیە دەکەن و خزمەتگوزارییەکانی کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ و شەقام و قوتابخانەی بۆ دابین دەکەن.

**لەم کابینەیەدا مۆڵەتی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بە چەندین کۆمپانیا دراوە و بە دەیان یەکەی نیشتەجێبوونی دیکە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و تا ساڵی ٢٠٢٣ نزیکەی ٨٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون تەواو دەبن**

*** ئەوەی هەتا ئێستا لە دەستەی وەبەرهێنان گوێمان لێ بووە ئەوەیە کە ئەم پڕۆژەیە زۆر بە خێرایی دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە زاخۆ تا کەلار دەبێت زەوی بۆ ئەم پڕۆژەیە تەرخان کرابێت، هەروەها کۆمپانیای خاوەن ئەزموون کۆنتراکتی لەگەڵ کرابێت و ئامادە بن بۆ جێبەجێکردن، ئایا لەم لایەنەوە دەستەی وەبەرهێنان لەم ئامادەکارییانە گەیشتووەتە کوێ؟ ئایا لە شاری هەولێر لە چ شوێنێك زەوی بۆ ئەم پڕۆژەیە دابین کراوە؟**

سەرەتا هەموان دڵنیا دەکەینەوە کە پڕۆژەکە زوو دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە و بۆردێك لەسەر ئاستی وەزیرە بەڕێزەکان دروست دەکرێت و راستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە چاودێری و بەدواداچوونی بۆ دەکرێت، بەمەش کارەکان سەرپەرشتییەکی مەرکەزی دەکرێت و هەرچی ڕۆتین و ئاستەنگ هەیە لە بەردەم جێبەجێکردنی پڕۆژەکە بە خێرایی هەڵدەگیرێت، هەروەها فۆرمێك ئامادە کراوە و بەم نزیکانە لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە بە سەر خەڵکدا دابەش دەکرێت، شوقەکانیش تەنیا بۆ ئەو کەسانە نین کە فەرمانبەری حکومەتن، بەڵکو بۆ هەموو کرێچین و کەمدەرامەتەکانن، بە مەرجێك سوودمەند نەبووبێت و کرێچی بێت و هیچ موڵکێکی بە ناوەوە نەبێت، یان سوودمەند نەبێت لە زەوی و خانوو، یان شوقە، یان خانوویەك کە مونحەی حکومەتی تێدا بێت لە هەر پارێزگایەك بێت. سەبارەت بەشاری هەولێریش کە چڕترین و زۆرترین ڕێژەی دانیشتووانی تێدایە، بێگومان بەپێی ئەم ڕێژەیە ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون دیاری دەکرێت، بەڵام پارێزگای هەولێریش قەزای هەیە و ڕەنگە یەکەکانی نیشتەجێبوون بەپێی ژمارەی دانیشتووان بەسەر ئەو یەکە ئیداری و قەزایانەدا دابەش بێت.

*** حەز دەکەین باسی دیزاین و کوالێتیی یەکەکانی ئەم پرۆژەیەمان بۆ بکەیت، ئایا لە ڕووی دیزاین و کوالێتییەوە وەك ئەو یەکە نیشتەجێیانە دەبن کە ئێستا لە شاری هەولێر دروست دەکرێن و هەموو خزمەتگوزارییەکیان بۆ دابین کراوە، واتە خزمەتگوزاریی سەرەکی وەك ئاو و کارەبا و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و سەوزایی و مزگەوت؟**

- بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەئکیدی لەسەر ئەوە کردووەتەوە ئەو ٢٠ هەزار یەکەیەی نیشتەجێبوون بە کوالێتییەکی باش و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت. یەکەکانی نیشتەجێبوونی ئەم پڕۆژەیە بە جوانترین و ڕێکوپێکترین دیزاین و کوالێتی دروست دەکرێن، مومکین نییە پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون کە سەرۆکی حکومەت بڕیاری لەسەر دابێت و لە نزیکەوە چاودێری و بەدواداچوونی بۆ بکات، هیچ کەموکورتییەکی تێدا بێت، هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکانیش پابەند دەکرێن بەوەی خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابین بکەن، هەر لە کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ تاوەکو قوتابخانە و بنکەی تەندروستی، ئەمە پێی دەوترێت پاڵپشتیی حکومەت بۆ ئەو کۆمپانیا و وەبەرهێنەی پڕۆژەکە دروست دەکات و نرخەکانی گونجاو دەبێت و بارگرانی لەسەر کرێچی و خەڵکی کەمدەرامەت دروست ناکات، بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ئەو پڕۆژانە بدرێتە خەڵکی وەبەرهێنی ڕاستەقینە و بەتوانا کە دارایی باشیان هەبێت و پێشتر لەم بوارەدا کاریان کردبێت و سەرکەوتوو بوون، نەوەکو وەبەرهێنێك پڕۆژەکەی پێشووی لە نیوەی بەجێهێشتبێت و بڵێت پارەم نەماوە، یان بچێت هەر پارچەیەکی کاری پڕۆژەکە بداتە بەڵێندەرێکی دیکە. سەبارەت بە تەوەرێکی دیکەی پرسیارەکە کە تایبەتە بە سنووری جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە، هەموو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەگرێتەوە، بەپێی ڕێژەی دانیشتووان ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون دابەش دەکرێت، ئێستا گفتوگۆ و دانیشتنەکان لەگەڵ شارەوانی دەستی پێ کردووە بۆ دابینکردنی پارچە زەویی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە لە سەنتەری پارێزگاکان و قەزاکاندا.

*** باس لەوە دەکرێت ئەوانەی سوودمەند دەبن لەم پڕۆژەیە پێشەکی نادەن بە کۆمپانیاکە، دواتریش بە قیستی کەم و درێژخایەن پارەیان لێ وەردەگیرێتەوە، وردەکاریی ئەم شێوازە چۆنە؟**

- لە ئێستادا لە دیراسەتکردن و گفتوگۆداین بۆ ئەوەی نرخی شوقەکە و پارەی قیستەکان دیاری بکەین، کە بە شێوەیەکە ئەگەر کەسێك کەمدەرامەت و کرێچی بێت، بتوانێت ئەو قیستانە بدات و کاریگەریی لێ نەکات، هاوکات تیمێکی تەکنیکار لەسەر ئەم پرۆسەیە کار دەکات و لەم


**فۆرمێک ئامادە کراوە و بەم نزیکانە لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە بە سەر خەڵکدا دابەش دەکرێت، شوقەکانیش تەنیا بۆ ئەو کەسانە نین کە فەرمانبەری حکومەتن، بەڵکو بۆ هەموو کرێچی و کەمدەرامەتەکانن**

**مومکین نییە پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون کە سەرۆکی حکومەت بڕیاری لەسەر دابێت و لە نزیکەوە چاودێری و بەدواداچوونی بۆ بکات، هیچ کەموکورتییەکی تێدا بێت**

**بە هیچ شێوەیەک ڕێگا بە واستە و واستەکاری نادرێت و کەس جورئەتی ئەوەی تێدا نییە لەم پرۆژەیەی سەرۆکی حکومەتدا ئەو کارە نایاساییانە بکات**

نزیکانە شێواز و ڕێگای پڕکردنەوەی فۆرمەکە و مەرجەکان و پێداویستییەکانی بەڵگەنامەکان ڕادەگەیەنین.ئێمە پاڵپشتیی ئەوە دەکەین پڕکردنەوەی فۆرمەکە و ناردنەوەی بە ئۆنلاین بێت، چونکە پرۆسەکە خێراتر دەکات و لە ڕووی ڕێکوپێکی و کات و کەمکردنەوەی ڕۆتینەوە باشترە.

*** ئەوەی لە میدیا سەبارەت بە شێوازی دابەشکردنی ئەم یەکانە گوێبیستی بووین، باس لەوە دەکەن دەدرێتە خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشین، ئینجا پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە پێناسەی ئێوە بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشین چییە؟ ئایا هەموو کرێنشینان دەگرێتەوە، یان بۆ ئەمەش مەرجتان هەیە؟ بۆ نموونە باس لە سوودمەندبوون دەکەن، لەم**



**بارەیەوە ئەگەر فەرمانبەرێك ٢٠ ساڵ لەمەوپێش پارچەیەك زەوی وەرگرتبێت و ئێستا کرێنشین و کەمدەرامەت بێت، مافی لەم پڕۆژەیەدا نابێت؟**

- هەر کەسێك لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سوودمەند حیساب بکرێت لە زەوی و پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون و شوقەیەکدا، یان موڵکێکی بە ناوەوە بێت، ڕێگا نادەین سوودمەند بێت لەم پڕۆژەیە، چونکە کردنەوەی دەرگای ئەوەی پێشتر سوودمەند بووە و ئێستا کەمدەرامەتە کارێکی زۆر قورسە و بوار بۆ فرتوفێڵکردن دەکاتەوە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر تەئکیدی لەوە کردووەتەوە کە نابێت کەسی سوودمەند جارێکی دیکەش سوودمەند بێت و بە میکانیزمێکی ورد و چاودێرییەکی توند پێداچوونەوە بە ناوی ئەو کەسانەدا دەکرێت کە فۆرمەکان پڕ دەکەنەوە.

*** هەر سەبارەت بە پێناسەی خەڵکانی کەمدەرامەت و کرێنشین، ئایا ئەم پێناسەیە تەنیا فەرمانبەرانی حکومەت دەگرێتەوە، یان خەڵکی ئاساییش دەگرێتەوە؟**

- پێناسەی خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشینان تەنیا فەرمانبەرانی حکومەت ناگرێتەوە، بەڵکو خەڵکی ئاسایی و کەسانی کەمدەرامەت دەگرێتەوە، ئەوەی زۆر گرنگە لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە کە ئەمە پڕۆژەی نیشتەجێبوونە، بۆیە کەسانێك دەگرێتەوە کە هیچ موڵکێکی بەناو نەبێت و پێشتر لە هیچ خانوو زەوییەك سوودمەند نەبووبێت، دەڵێین پێشتر واتە ساڵ دیاری ناکرێت و گرنگیشە لە پارێزگاکانی دیکەش شتی بە ناوەوە نەبێت، ئێستا دونیا پێشکەوتووە و بە ئاسانی دەتوانین بزانین کەسەکان لە پارێزگا و شوێنەکانی دیکە سوودمەند بوون، یان نا، یان موڵك و خانووی بە ناوەوە نەبێت. بە هیچ شێوەیەك ڕێگا بە واستە و واستەکاری نادرێت و کەس جورئەتی ئەوەی تێدا نییە لەم پڕۆژەیەی سەرۆکی حکومەتدا ئەو کارە نایاساییانە بکات، داواکاریشم لە هاووڵاتیانی بەڕێز هەر کەسێك لە هەر پڕۆژەیەکی حکومەت سوودمەند بووە و موڵك و خانووی بە ناوەوە بووە، لە هەر شوێنێك بێت، فۆڕم پڕنەکاتەوە و خۆی نەخاتە بەردەم لێپرسینەوەی یاسایی، چونکە دڵنیام فۆرمەکان بە فلتەری زۆر توندا دەڕوات و ئاشکرا دەبێت.



**موسا ئەحمەد**

سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ گوڵان:

# لە هەر پارێزگا و شوێنێک گرفتی کەمئاوی هەبێت، دەزگاکەمان ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین دەکات

**بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی و ئەگەری دروستبوونی کەمئاوی لە ناو سەنتەری شاری هەولێر و دەوروبەری، دەزگای خێرخوازیی بارزانی هەوڵەکانی چڕ کردووەتەوە، بۆ ئەوەی بە هانای هاووڵاتیانەوە بچێت و، کار و ئەرکە خزمەتگوزارییەکانی لەم ڕووەوە دەست پێ بکات، هاووڵاتیانی شاری هەولێریش هەروەکو چۆن لە کارەساتی لافاو و زیانلێکەوتندا ڕۆڵ و ئەرکی ئەم دەزگایەیان بینی، بە هەمان شێوە چاوەڕوانن لەم وەرزی گەرما و وشکەساڵییەدا بە هانایانەوە بچێت. گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکیدا لەگەڵ موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی چەند پرسیارێکی ئاراستەی کرد، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

**● لە ساڵێکدا زیاد لە یەک ملیۆن خێزان لە خزمەتگوزارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی سوودمەند بوون**

دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ساڵی ڕابردوودا لە ١١ سێکتەری کارکردن و خزمەتگوزاری زۆرترین خزمەتی پێشکەشی پەنابەر و ئاوارە و هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستان کردووە، لەم ڕووەوە ١٠٤ پرۆژەی جێبەجێ کردووە، کە یەک ملیۆن ١٦٠ هەزار و ٦١٩ خێزان سوودمەند بوون و لە ٤,٣١١ چالاکی و پرۆژەی جۆراوجۆری دیکەشدا کە پێشکەش بە خەڵکی کەمدەرامەت و لێقەوماو کراوە، زیاتر لە شەش ملیۆن و ٣٧٠ هەزار کەس سوودمەند بوون، بەپێی ئەرشیفی کارەکانیان ئەم دەزگایە وەکو دەزگایەکی نیشتمانی و نێودەوڵەتی کار دەکات و لە سەرجەم بوارەکانی (پەروەردە، تەندروستی، ئیدارەدانی کەمپ، ژیانەوانی، خۆراک، پەناگە، ئاو و ئاوەڕۆ) پرۆژە تایبەتەکانی بۆ خاوەن پێداویستیی تایبەت و بێ باوکان بە ناوی پرۆژەی (ئازیزان) ڕۆڵی گرنگیان هەبووە. لەم بارەیەوە موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی سەبارەت بە کاروچالاکییەکانی دەزگاکەیان گوتی: «دەزگای خێرخوازیی بارزانی یەکێکە لەو دەزگایانەی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان، زۆرترین خزمەتگوزاریی پێشکەش بە ئاوارە و پەناهەندە و خەڵکی خۆجێیی کوردستان کردووە و، بەپێی ئەو ئامار و داتایانەی لە بەردەستدایە، بە هەزارەها کەسی لێقەوماو و کەمدەرامەت سوودمەند بوون لە خزمەتگوزارییەکانی دەزگاکە و، ڕۆڵمان لە کەمکردنەوەی ئازار و مەینەتییەکانی خەڵکی لێقەوماو هەبووە، لە ١١ سێکتەردا خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر پێشکەش دەکەین، بەتایبەتی لە کاتی لێقەومان و کارەساتەکاندا تیمە ماندوویینەناسەکانی دەزگاکەمان لە خزمەتی هاووڵاتیانی کوردستاندا بوون، بەبێ جیاوازی لە هەر شوێن و ناوچەیەك ڕووداو و کارەساتێك هەبێت بە خێرایی فریایان کەوتووین. ئێمە هەرگیز نەمانگوتووە هاوکاری و بەخشین، بەڵکو هەموو کارەکانمان ناو لێ ناوە خزمەتگوزاری، هەموو ئەم کارانەش لە ژێر ڕۆشنایی پەیامی بارزانیی نەمر بووە کە دەفەرموێت: «شانازییە مرۆڤ خزمەتگوزاری میللەتی خۆی بێت». کاری مرۆیی و خزمەتگوزارییەکانی دەزگاکەمان بۆ سەرجەم هاووڵاتیان بە بێ جیاوازی، وای کردووە لەلایەن ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە فەرمی دانی پێدا بنرێت، بەم شێوەیە دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هۆی چالاکییە فراوان و بەردەوامەکانی بەردەوام چاوی خەڵکی کوردستانی لەسەرە و لێقەوماو و کەمدەرامەت و خەڵکی ئاوارە و پەناهەندە بە گرنگییەوە دەڕواننە پێگە و ڕۆڵی ئەو دەزگایە، تەنانەت دەزگای خێرخوازیی بارزانی وەکو سەنتەر و ناوەندێکی لێهاتووە کە پردێکی بەهێزە لە نێوان ڕێکخراوە خێرخوازەکان و خێرمەندان و خەڵکی کەمدەرامەت و ئاوارە و پەناهەندە و لێقەوماوەکاندا».

**ئێمە هەرگیز نەمانگوتووە هاوکاری و بەخشین، بەڵکو هەموو کارەکانمان ناو لێ ناوە خزمەتگوزاری، هەموو ئەم کارانەش لە ژێر ڕۆشنایی پەیامی بارزانیی نەمر بووە کە دەفەرموێت: «شانازییە مرۆڤ خزمەتگوزاری میللەتی خۆی بێت»**

**● لە ڕێگەی تەنکەرەوە ئاوی پاکی خواردنەوە بۆ ئەو گەڕەك و شوێنانە دابین**




**لە ٤،٣١١ چالاکی و پرۆژەی جۆراوجۆری دیکەشدا کە پێشکەش بە خەڵکی کەمدەرامەت و لێقەوماو کراوە، زیاتر لە شەش ملیۆن و ٣٧٠ هەزار کەس سوودمەند بوون**

**دەزگای خێرخوازیی بارزانی یەکێکە لەو دەزگایانەی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان، زۆرترین خزمەتگوزاریی پێشکەش بە ئاوارە و پەناهەندە و خەڵکی خۆجێیی کوردستان کردووە**

## دەکەین کە دوچاری گرفتی کەمئاوی ببنەوە

سەبارەت بە ئەگەری کەمبوونەوەی ئاوی خواردنەوە و دروستبوونی گرفتی کەمیی ئاوی خواردنەوە لە گەڕەك و ناوچە جیاجیاکانی پارێزگاکانی کوردستان، سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی گوتی: «کاریگەرییەکانی کەشوهەوا و گۆڕانکارییە ژینگەییەکان بارودۆخێکی وای خوڵقاندووە، کە شێوازی بارانبارین گۆڕانکاریی خراپی بە سەردا هاتووە، هەروەکو چۆن بینیمان لە زستانی ئەمساڵدا بارانی بەخوڕ لافاوی لێ کەوتەوە و قوربانی و زیانی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا، ئێستاش کە بەرەو وەرزی گەرما دەڕۆین و ئاستی ئاوی ژێرزەوی کەمی کردووە و، پێداویستییەکانی هاووڵاتیان لە بەکارهێنانی ئاودا زۆر زیاد بووە، ئەگەری دەرکەوتنی گرفتی کەمئاوی لە ژمارەیەك گەڕەك و ناوچەی دەوروبەری هەولێر و پارێزگاکە و تەنانەت زۆر شوێنی دیکەی هەرێمی کوردستان هەیە، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگار و یەکە ئیدارییەکان زۆر هەوڵی جددی دراوە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی کەمئاوی بکرێت، بەلام وێڕای هەوڵەکانی حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی، لە ناوەندی شارە گەورەکان کە لە ڕووبەرێکی کەمی زەویدا ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵکی تێدا نیشتەجێیە و چڕیی دانیشتووانی تێدا بەرزە، ئەگەری دەرکەوتنی ئەم گرفتە هەیە، بۆیە دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئامادەیی خۆی دەربڕیوە، بەتایبەتی لەگەڵ پارێزگاری هەولێر (ئومێد خۆشناو) تا بە تانکەر ئاوی خواردنەوەی پاك بۆ خێزانەکانی ئەو گەڕەکانە دابین بکات، کە ئەگەری گرفتی کەمئاوییان زۆرە، ئەمەش لە ڕێگەی تەرخانکردنی ژمارەیەکی زۆری تەنکەری ئاوەوە، ئێمە لەسەر داوای پارێزگاری هەولێر بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەمان کرد کە بۆ خۆئامادەکردن لە ئەگەری دەرکەوتنی گرفتی کەمئاوی لە ژمارەیەك لەگەڕەکەکانی هەولێر ڕێك خرابوو، ئێمە خوازیارین ئەم کێشەیە ڕوو نەدات، بەلام دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی و زۆری و چڕیی کۆبوونەوەی دانیشتووان لە ناو سەنتەری شار و، هەڵکشانی ژمارەی دانیشتووان و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، هەمووی کۆمەڵێك نیشانەن بەوەی پێش ڕوودانی گرفتی کەمئاوی ئامادەکاریی پێویست بکرێت و، بەپێی تواناکانی بەردەست و پێداویستیەکانی ئەوان ئاویان بۆ دابین بکەین.»




### • بێ جیاوازی لە هەر شوێنێك داوامان لێ بکرێت و گرفتی کەم ئاوی هەبێت دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هانیانەوە دەچێت

موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئامادەیی دەزگاکەی نیشان دا بۆ ئەوەی لە هەر پارێزگا و شوێنێکی دیکەی کوردستان گرفتی کەمئاوی هەبێت، لە ڕێگەی تەنکەرەوە ئاوی خاوێن بۆ هاووڵاتیان دابین بکەن، لەم بارەیەشەوە گوتی: «ئەرشیفی کارەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی سەلمێنەری ئەوەیە کە بێ جیاوازی لە نێوان ناوچەکان و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکاندا، خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش کردووە، لێرەشەوە ڕایدەگەیەنم لە هەر پارێزگا و شوێنێکدا گرفتی کەمئاوی سەرهەڵبدات، دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئامادەیە لە ڕێگەی تەنکەرەوە ئاوی خواردنەوە دابین بکات، ڕاستە ئەم چارەسەرە زۆر سەرەتاییە، بەڵام ڕاکێشان و جێبەجێکردنی پڕۆژەی گەورەی ئاوی خواردنەوەش بودجە و کاتێکی زۆری پێویستە، تا چارەسەری بنەڕەتی دەکرێت، ئێمە ئامادەی پێشکەشکردنی هەموو خزمەتگوزارییەکین، دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بە شێوەی تەنکەر چارەسەرێکی سەرەتاییە، بەڵام دەبێت بۆ چارەسەرە سەرەکییەکە و ڕاکێشان و فراوانکردنی پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە کاری گەورە و جددی بکرێت».

### • دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئەزموونی باشی هەیە بۆ فریاکەوتنی ئەو گەڕەکانەی کەمئاوی دەیانگرێتەوە

لە ساڵانی ڕابردوودا دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە فریاکەوتنی خەڵکی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەمیی ئاوی خواردنەوە و دەرکەوتنی گرفتی کەمئاوی کاری باشی ئەنجام داوە، لەم بارەیەوە موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی گوتی: «دەزگاکەمان لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەزموونی کاری باشی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەبووە، بەوەی لە ڕێگەی تەنکەرەوە ئاوی خواردنەوەی بۆ هاووڵاتیانی ئەو شوێن و ناوچانە دابین کرد کە دوچاری گرفتی کەمئاوی ببوونەوە، ئەوە بوو لە شاری هەولێر و دەربەندیخان و ناوچەکانی دیکە کە پێویست بوو، یان داوایان کردبێت، بە پێی توانا هەوڵمان داوە و بە تەنکەر ئاوی خواردنەوەمان گەیاندووەتە هاووڵاتیان، دوو سێ ساڵ لەمەوبەریش لە سلێمانی کێشەی کەمئاوی دروست بوو، ئامادەییمان دەربڕی، بەڵام دواتر خودی شارەوانی کێشەکەی چارەسەر کرد، لە ئەمساڵیشدا ئامادەکاریی باشمان کردووە بۆ بەهاناوەچوونی هاووڵاتیان لە کاتی دەرکەوتنی کێشەی کەمئاوی».

**کاری مرۆیی و خزمەتگوزارییەکانی دەزگاکەمان بۆ سەرجەم هاووڵاتیان بە بێ جیاوازی، وای کردووە لەلایەن ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە فەرمی ددانی پێدا بنرێت**

**دەزگای خێرخوازیی بارزانی وەکو سەنتەر و ناوەندێکی لێهاتووە کە پردێکی بەهێزە لە نێوان ڕێکخراوە خێرخوازەکان و خێرمەندان و خەڵکی کەمدەرامەت و ئاوارە و پەناهەندە و لێقەوماوەکاندا**



لە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی بەبیابانبووندا:

# چۆن ئاسەوارەکانی وشکەساڵی کەم بکەینەوە؟





**عەبدولڕەحمان سدیق**

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ١٧ی حوزەیرانی هەموو ساڵێکی کردووەتە ڕۆژی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەبیابانبوون، بە مەبەستی خستنەڕووی مەترسییەکانی دیاردەی بەبیابانبوون و ئاسەوارە ترسناکەکانی وشکەساڵی.

وشکەساڵی وەك دیاردەیەك بە نزیکەی هەر ١٠ ساڵ جارێك ڕووی لە ناوچەی ئێمە کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەکاریی باشی لە بەرامبەردا نەکراوە بۆ ڕێگەگرتن لە ئاسەوارە مەترسیدارەکانی، بەڵام کە لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستاندا وشکەساڵی ڕاگەیەنرا، لە ساڵی پاریشەوە (بۆردی ڕووبەڕووبونەوەی وشکەساڵی ) لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێك هێنرا، کە وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و سەرۆکی دەستەی ژینگە و پارێزگارەکان و سەرپەرشتیارانی ئیدارە سەربەخۆکان و بەڕێوەبەری فەرمانگەی کەشناسی و نوێنەری وەزارەتی شارەوانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان تێیدا بەشدار بوون، بۆ خستنەڕووی پێداویستییەکانی هەر سێکتەرێك بە پێی ناوچە و پارێزگاکانی هەرێم و، میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبونەوەی وشکەساڵی و، گرتنەبەری ڕێکاری پێویست، بۆ ڕێگری لە بەفیڕۆدانی ئاو لە هەرێمی کوردستان.

زۆر گرنگە بۆ ئێمە وەك هەرێمی کوردستان وەك کێشەیەکی گشتگیری جیهانی تەواوی سەر گۆی زەوی بڕوانینە گرفتە ژینگەییەکان، چونکە زەوی و سیستمە ئیکۆلۆژییەکەی، سەرچاوەی سەرەکیی ژیان و بژێویی گشت دانیشتووان و گیانلەبەرانە و، ئەمەش داوای زیاتر تەبایی و کۆکبوونمان لێ دەکات لەگەڵ سرووشت و زەویدا، لە پێناو دابینکردنی هاوسەنگییەکی دادپەروەرانە لە نێوان پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نەوەکانی ئێستا و داهاتوودا، چونکە ئەو کاتەی کە

**وشکەساڵی وەک دیاردەیەک بە نزیکەی هەر ١٠ ساڵ جارێک ڕووی لە ناوچەی ئێمە کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەکاریی باشی لە بەرامبەردا نەکراوە بۆ ڕێگەگرتن لە ئاسەوارە مەترسیدارەکانی**

هەسارەکەمان لە لایەن ئێمەی مرۆڤەوە ڕووبەڕووی مەترسیی گۆڕانی کەشوهەوا و خراپ بەکاربردنی دەرامەتەکان و زۆر کێشەی دیکە دەبێتەوە، هەر ئەو کاتە خۆمان دەبینە هەڕەشە لەسەر هەسارەکەمان و، هەر خۆشمان ئەم تەنیاماڵەی خۆمان دەڕووخێنین.

دیاردەی بەبیابانبوون و وشکەساڵی هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و چۆڵکردنی گوندو لادێکان و، کەمبوونەوەی دەرامەتە سرووشتییەکان لەبەردەستدا، وایان کردووە کە ئەمڕۆ نیوەی زیاتری دانیشتووانی جیهان لە نێو شارەکاندا بژین، بۆیە لەگەڵ زیادبوونی دانیشتووان و ئاسەوارەکانی گۆڕانی کەشوهەوادا، پێویستە ستایلی ژیانیش بگۆڕدرێن بە ئاراستەی برەودان بە چەمکی سەوزکردن، بۆیە ژینگەپارێزان کۆکن لەسەر ئەوەی کەئێستا کاتی وەبەرهێنانە لە بواری وزە نوێبووەوەکان و، دووبارە بونیادنانەوەی ژینگەییانەی شارەکان و، دەستکردن بە چارەسەرکردنی کێشەی کەشوهەوا، بۆ ئەوەی لەماوەیەکی کورتدا و بە جووڵەیەکی خێرا، ئاسەواری باشی ئەم گۆڕانکارییە دەربکەوێت، لەڕێگەی: بەخۆداچوونەوە بەو شێوازە هەڵەیەی ژیانکردن کە زۆرێك لە مرۆڤەکان ئالوودەی بوون، هەروەها گرنگیی گەڕانەوە بۆ نێو سرووشت و، هەڵسوکەوتی هاوڕێیانەی مرۆڤ لەگەڵ سرووشتدا و، پەرەپێدان بە کولتووری سەوزکردن و کەم بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبێل و بایەخدان بە پیادەڕۆیی و، چاوخشاندنەوە بەدیزاینی شارەکان و، وەبەرهێنان لە بواری ژینگەدا و، ئامادەکردنی تاك و کۆمەڵگەی بەرپرسیار لە ڕێگەی هۆشیاری و یاساپارێزییەوە.

بۆ ڕێگرتن لە دیاردەی وشکەساڵی و بەبیابانبوون، پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی یەکێك لە سەرەکیترین پێکهێنەرەکانی ژینگە بدەین، کە ئەویش ئاوە، لێرەوە کاراکردنی ئەنجومەنێکی نیشتمانی بۆ ئاو، ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە ئامادەکردنی توێژینەوەی پەیوەست بە سیاسەتەکانی ئاو و کشتوکاڵ و ژینگە و، هەوڵدان بۆ زیادکردنی توانای گلدانەوەی ئاو لە بەنداوەکاندا و، هەوڵدان بۆ بنیاتنانی بەنداوێکی نوێ و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی ئاوی عێراق لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەردا، چونکە ئاو وێڕای ئەوەی پێداویستییەکی هەرە سەرەکیی ڕۆژانەی مرۆڤە، لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵی ئاو لە زۆر بواری دیکەشدا دیار و بەرچاوە، وەك لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبووندا، چونکە کورد دەڵێت: ئاو و ئاوەدانی.

هەروەها ئاو ڕۆڵی هەبووە و هەیە لە سەرهەڵدانی شارستانیەتەکاندا، وەك بینراوە شارستانیەتی دۆڵی دوو ڕووبار، یان میزۆپۆتامیا، بە هۆکاری هەر دوو ڕووبارەکەیەوە بووە، بۆیە هەر بەو ناوەشەوە ناوی لێ نراوە، یان وڵاتی میسر کە بە دۆڵی نیل ناسراوە، ئەمانە و چەندەها نموونەی دیکە.

ناشکرێت ڕۆڵی ئاو لە پەرەسەندنی کولتووردا نەبینرێت، چونکە ئاو وەك بنچینەی ژیان و فاکتەرێکی هاوبەشی نێوان زۆربەی ئایینەکان لە پرۆسەی خۆشتن و خۆپاککردنەوە و دەستنوێژ و شوشتنی مردوو، یان خۆ لەئاو هەڵکێشان، هەموو ئەمانە وایان کردووە کە سرووتە ئایینییەکان ببنە بەشێك لە کولتووری گەلان و، ئاو لەشیعر و پەخشان و پەند و فۆلکلۆریشدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەمە جگە لەوەی کە ئاو ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە ناساندنی گەلان بەیەکدی لە ڕێگەی ئەو ڕووبارانەی کە بە زیاتر لە یەك وڵاتدا تیپەڕ بوون و، بووەنەتە هۆکاری گواستنەوەی سەرەتاییانە کە وەك کەشتی لە ڕێگەی ڕووبارەکانەوە بازرگانییان کردووە و بە یەك گەیشتوون و، یەکدییان ناسیوە.

بۆیە ئەمڕۆ بەهۆی گۆڕانکارییە نەرێنییەکانی کەشوهەواوە جێگەی خۆیەتی ئێمەش وەك وڵاتانی دیکە لە خەمی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاودا بین و، بەگرنگتر لە سامانی نەوتی بزانین، چونکە وەك گوتراوە: مرۆڤایەتی ساڵانێکی زۆر بە بێ نەوت ژیاوە، بەڵام نەیتوانیوە و ناتوانێت بە بێ ئاو بژی.

لەم پێناوەشدا ئەوەی زۆر گرنگە، هەبوونی ئیرادەیە بۆ کۆکردنەوەی ئاو و، هەبوونی ئیدارەشە بۆ چۆنێتیی بەکارهێنان و دابەشکردنەوەی ئاو، بە سوودوەرگرتن لە ئاوی سەر زەوی و، بایەخدان بە ئاو وەك بڕو وەك جۆر، لە پێناوی پاراستنی هەمەجۆریی زیندەوەران و (بایۆدایڤیرسیتی) و، باش ڕاگرتنی هاوسەنگیی ژینگەیی و، سەرخستنی ئاوی نێو ڕووبارە قووڵەکان، بۆ ئاستی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە ڕێگەی ترومپاو پەمپی تایبەتەوە، سەرپۆشکردنی ڕووبارەکان بە پانێڵی بەرهەمهێنەری وزە لە تیشکی خۆر زۆر پێویستە و، هەروەها ناوپۆشکردنی ڕووبارە لاوەکییەکانیش بە ماددەی تایبەت و، گۆڕینی کاری کشتیاری لە شێوازی کۆنەوە بەرەو شێوازی زیرەکی کشتوکاڵکردن

**ئەو کاتەی کە هەسارەکەمان لە لایەن ئێمەی مرۆڤەوە ڕووبەڕووی مەترسیی گۆڕانی کەشوهەوا و خراپ بەکاربردنی دەرامەتەکان و زۆر کێشەی دیکە دەبێتەوە، هەر ئەو کاتە خۆمان دەبینە هەڕەشە لەسەر هەسارەکەمان و، هەر خۆشمان ئەم تەنیا ماڵەی خۆمان دەڕووخێنین**

**لەگەڵ زیادبوونی دانیشتووان و ئاسەوارەکانی گۆڕانی کەشوهەوادا، پێویستە ستایلی ژیانیش بگۆڕدرێن بە ئاراستەی برەودان بە چەمکی سەوزکردن**

و، کۆتاییهێنان بە شێوازیی کلاسیکییانەی ئاودان و ئاودێری و، دابەشکردنی عادیلانەی ئاو لە نێوان وڵاتان و یەکە ئیدارییەکاندا و، دوورکەوتنەوە لە چەمکی ترساندنی ژینگەیی و، قەدەغەکردنی بەکارهێنانی پێکهێنەرەکانی ژینگە لە جەنگدا بە گشتی و ئاو بەتایبەتی.

لێرەدا و هاوکات لەگەڵ باسکردن لە ڕۆڵی ئاو لە کۆتاییهێنان بە وشەکەساڵی، گرنگە ئاماژە بە ڕۆڵی کشتوکاڵ و دارستانەکان و نەمامگەکان بدەین لە بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی وشکەساڵی و بەبیابانبووندا، لە ڕێگەی کاراکردن و کارکردن و یاسای پاراستنی دارستانەکان و پاراستنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و، پۆلێنکردنی نەمامگەکان لە ڕووی ژمارە و سوودمەندبوون لێیان و، چارەسەرکردنی پاشماوە کشتوکاڵییەکان، بە سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای سەردەم و، چارەسەرکردنی بەنداوە کۆنەکان و، دیزاینکردنی بەنداوە پێشنیارکراوەکان و، کەمکردنەوەی هەڵکەندنی بیری نوێ و پاراستنی ئاوی ژێر زەوی.

لە دواجاردا لەبەر ئەوەی وشکەساڵی و بەبیابانبوون و گرفتە ژینگەییەکان سنووری سیاسی و ئیداری ناناسن و سنوور بڕن، بۆیە گرنگە لە ڕووانگەی دەستووری هەمیشەیی عێراقیشەوە هەوڵ بدەین ڕێگەچارەی گونجاو بدۆزینەوە، چونکە ماددەی ١١٤ لە دەستووری عێراق لە حەوت بواردا دەسەڵاتی هاوبەشی دیاری کردووە لەنێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و دەسەڵاتی هەرێمەکاندا، کە لە خاڵی (سێیەم)دا دەڵێت دانانی سیاسەتی ژینگەیی بۆ زامنکردنی پاراستنی ژینگە لە پیسبوون و، پارێزگاریکردن لە خاوێنیی ژینگە، بە هاوکاری لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی کە خۆیان لە هەرێمێکدا ڕێك نەخستووە.

بەم پێیە کاتێك پەرلەمانی عێراق ڕەزامەندی نیشان دا بۆ چوونە نێو ڕێککەوتننامەی پاریس بۆ کەشوهەوا، ئەم هەنگاوە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، ئێستا لە عێراقدا لیژنەیەکی باڵای تایبەت بە گۆڕانکاریی کەشوهەوا هەیە، کە نوێنەری دەستەی ژینگەش ئەندامە تیایدا، هەر ئەویش سەرۆکی لیژنەی گۆڕانکاریی کەشوهەوایە لە هەرێمی کوردستان، کە ئەو لیژنەیەی هەرێمیش بە سەرۆکایەتیی نوێنەری دەستەی ژینگە و بە ئەندامێتیی نوێنەری ئەم لایەنانەیە:

یەکەم: نوێنەری هەر یەك لە وەزارەتەکانی (کارەبا، شارەوانیی، کشتوکاڵ، بازرگانی، پلاندانان، ناوخۆ، تەندروستی، گواستنەوە، سامانە سرووشتییەکان، ڕۆشنبیری و لاوان، خوێندنی باڵا، پەروەردە، ئەوقاف، دەستەی وەبەرهێنان).

دووەم: نوێنەرانی کەرتی تایبەت لە هەریەك لە ژووری بازرگانیی هەولێر، ژووری بازرگانیی سلێمانی، ژووری بازرگانیی دهۆك، ژووری بازرگانیی هەڵەبجە.

سێیەم: بەڕێوەبەرانی فەرمانگەی ژینگە لە هەر یەك لە فەرمانگەی ژینگەی هەولێر، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، فەرمانگەی ژینگەی دهۆك، فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، فەرمانگەی ژینگەی ڕاپەڕین.

ئەم لیژنەیەی هەرێم ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی دەداتە لیژنەی کەشوهەوای عێراق لە ڕێگەی نوێنەری دەستەی ژینگەوە و، کۆبوونەوەی خولییان هەیە لە بەغداو هەولێر و، کاردەکەن بۆ هاندانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پابەندبوون بە گشت ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی تایبەت بە پاراستنی ژینگە، کە کۆماری عێراق واژۆی لەسەر کردووە و پابەندبوونی خۆی پێیانەوە ڕاگەیاندووە، هەر لەم ڕوانگەیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێك بە ئەرکەکانی خۆی هەڵدەستێت، داوای ئەو مافانەشی دەکات کە ئەو ڕێکەوتننامانە دابینیان دەکەن.

ئێستا لیژنەی گۆڕانکاریی کەشوهەوا لە هەرێم لە ڕێگەی: یاداشتنامەی لەیەکگەیشتن لەگەڵ ژینگەی عێراق و، کردنەوەی بەشی گۆڕانکاریی کەشوهەوا لە فەرمانگەی هونەریی دەستەی ژینگە و، سازدانی وۆرکشۆپی هاوبەش لەگەڵ ژینگەی عێراق و هەماهەنگی بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی گازەکانی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن و میسان، لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە یارمەتییەکانی ڕێکخراوەکانی تایبەتمەندی نەتەوە یەکگرتووەکان و، گۆڕینەوەی داتاو زانیاری لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانییەکان و، هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە ژینگەییە لۆکاڵییەکان، لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بۆ گۆڕینی ستایلی بەکاربردن و مامەڵەی تەندروست لەگەڵ ژینگە.

**ئاو ڕۆڵی هەبووە و هەیە لە سەرهەڵدانی شارستانیەتەکاندا، وەک بینراوە شارستانیەتی دۆڵی دوو ڕووبار، یان میزۆپۆتامیا، بە هۆکاری هەر دوو ڕووبارەکەیەوە بووە، بۆیە هەر بەو ناوەشەوە ناوی لێ نراوە**

**بەهۆی گۆڕانکارییە نەرێنییەکانی کەشوهەواوە جێگەی خۆیەتی ئێمەش وەک وڵاتانی دیکە لە خەمی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاودا بین و، بەگرنگتر لە سامانی نەوتی بزانین**

**کاتێک پەرلەمانی عێراق ڕەزامەندی نیشان دا بۆ چوونە نێو ڕێککەوتننامەی پاریس بۆ کەشوهەوا، ئەم هەنگاوە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە**



# ئیدانەی کوشتنی ئافرەتان و داوای بنبڕکردنی ئەو تاوانە دەکرێت

وێڕای هەوڵەکانی حکومەت و ڕێکخراوە مافپارێزەکان و ڕێکخراوەکانی خانمان و کۆمەڵی مەدەنی، کەچی حاڵەتەکانی ژنکوشتن بە بیانووی جۆراوجۆر لە هەڵکشانێکی مەترسیداردایە و بووەتە هەواڵی ڕۆژانەی میدیای کوردی، ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە دێرزەمانەوە سەنگ و پێگە و ڕۆڵی بەرچاوی لە گشت جومگەکانی ژیاندا هەبووە. بۆیە لە ئێستادا چالاکانی مەدەنی و سیاسی و ڕۆشنبیران داوای گەڕانەوەی ئەو شکۆمەندییەی ئافرەتی کورد و بنبڕکردنی ئەو تاوانە گەورەیە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



هەرمن ئەحمەد چالاکی مەدەنییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «کۆمەڵگەی کوردستانی هەموو گۆڕانکارییە ئابووری و تەکنۆلۆژییەکانیان بە ئاسایی وەرگرتووە و ئاوێتەی بوون، بەڵام هیچ لەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانەیان پێ قبووڵ نییە کە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و تەکنۆلۆژییەدا هاتوونەتە ئارا، لە ڕووی ئابووری و بژێوییەوە، دەیانەوێ مۆدێرن بژین، کەچی لە ژیانی کۆمەڵایەتیماندا، بە عەقڵی چەند سەدەیەك لەمەوبەر، تەماشای مافی ژن دەکەن. لەم بەینەدا، ئەوانەی خۆیان بە ڕۆشنگەر دەزانن، مات و مەلوول و بێدەنگ و بێ هەڵوێستی جددیین، یان دەنگیان زۆر کزە، چەپەکان لە وتاری پۆپۆلیستی بترازێ، هیچ هەنگاوێکی پراکتیکیان لێ نابینین، ڕۆڵی فیمینزمەکان دیار نییە». هاوکات دەڵێت: «من نە ژنسالاریم پێ پەسەندە و نە پیاوسالاری، بەڵکوو دەبێ کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤسالار بێت و مرۆڤە باشەکان چ ژن بن چ پیاو، ڕۆڵی باڵایان هەبێت. ژنی کورد نابێ نە خۆی وەك کاڵایەك بۆ چێژبەخشین تەماشا بکات، نە ڕێگەش بدات پیاو وەك کاڵای چێژبەخشین تەماشای بکات». گوتیشی: «دەزانم لە هەرێمی کوردستان یاساگەلێکی باش بۆ ئەم پرسە دەرچوون، دەشزانم هیچ حکومەتێکی کوردستان نەیویستووە کۆمەڵگەکەی بە کۆمەڵگەیەکی ژنکوژ بناسرێت و هەنگاوی بۆ نەهێشتنی ئەم جۆرە تاوانە قێزەونانە ناوە، بەڵام هێشتا پێویستمان بە یاسای زیاتر و بەهێزتر و دەستکراوەتر هەیە. کە سەیری سۆشیال میدیا کوردی دەکەین، ڕۆژانە ژن نەك هەر جەستەی، بەڵکوو دەروون و کەسایەتیی تیرۆر دەکرێ، بەڵام کوا سزادانی ئەو تیرۆریستانەی نێو سۆشیال میدیا؟ کوا سزادانی ئەوانەی گەورەترین سووکایەتی بە باشترین ژنی ئەم کۆمەڵگەیە دەکەن؟ کوا سزادانی ئەو کەناڵ و سۆشیال میدیایانەی دەیانەوێ کۆمەڵگە بەو ئاراستەیە بەرن کە ژن تەنیا سەرچاوەی چێژبەخشیی سێکسییە؟ کوا سزادانی ئەوانەی بە حیسابی خۆیان، شەرەفی یەك بنەماڵە بە کوشتنی ژنێك پاك دەکەنەوە؟».

د. چەواس حەسەن دکتۆرا لە یاسای گشتی ڕای وایە: «دیاردەی ژنکوژی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕەگ داکوتاوی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی بە تێڕوانینێکی قووڵ و سەرەکیی پیاو بۆ پێگە و بوون و وەزیفەی ژن لە کۆمەڵگەدا هەیە، پەیوەندی بە هاوسەنگیی پەیوەندیی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە کۆمەڵگەدا هەیە، تا بەلای پیاوەوە ئافرەت وەك ناموس، یان وەك مرۆڤێکی پلە خوارتر لەخۆی سەیر بکرێت، یان وەك بوونەوەرێکی کەم عەقڵ، یان بێ دەسەڵات کە وەزیفەی دابینکردنی خۆشگوزەرانیی پیاو بێت، بەو تێڕوانینە لەهەر لادانێکی ئافرەت لەو وەزیفەیە، یان لەو پێگەیە، یان هەوڵدانی بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ تەرازووی لاسەنگی پەیوەندیی نێوانیان، بێگومان بە هەڵگەڕانەوەیەکی گەورە لەلای بەشێکی فراوانی کۆمەڵگەوە هەژمار دەکرێت، بە شێوەیەك کە پێویستە نزیکترین پیاوی ئەو ئافرەتە ئەو لادان و هەڵگەڕانەوەیە کۆتایی پێ بهێنێت، ئەگەرنا ئەوە شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ ئەو پیاوە و هەموو پیاوەکانی دیکەی نزیك لەو ئافرەتە، شەرمەزارییەك کە پیاو بۆی قبووڵ نەکرێت و تووشی پەرچەکردارێکی توند ببێتەوە لە هەمبەر ئافرەتەکە، نەك کۆمەڵگە خۆی. هەندێك جار ئەو دەستتێوەردانەی کۆمەڵگە تەنانەت لە بچووکترین پەیوەندیی نێوان پیاو و ئافرەتدا ڕوو دەدات، بە نموونەی لاقرتێ بەو پیاوانەی کە بە قسەی خێزانەکانیان دەکەن، یان

**لە ڕووی ئابووری و بژێوییەوە، دەیانەوێ مۆدێرن بژین، کەچی لە ژیانی کۆمەڵایەتیماندا، بە عەقڵی چەند سەدەیەک لەمەوبەر، تەماشای مافی ژن دەکەن**

**نە ژنسالاریم پێ پەسەندە و نە پیاوسالاری، بەڵکوو دەبێ کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤسالار بێت**

**هەوڵەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە بۆ بنبڕکردنی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەت سوود و کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێت تا تێڕوانینی کۆمەڵگە لەخوارەوە بۆ سەرەوە، واتا لە ڕەگەوە نەگۆڕدرێت**

**تاک زۆرجار لە ڕووی تێرکردنی غەریزەکانیەوە بیر لە دروستکردنی خێزان دەکاتەوە، نەک وەکو پێداویستییەکی مەعنەوی و وەرچەرخان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە**

**هەوڵەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە بۆ بنبڕکردنی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەت سوود و کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێت تا تێڕوانینی کۆمەڵگە لەخوارەوە بۆ سەرەوە، واتا لە ڕەگەوە نەگۆڕدرێت**

**یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی کێشەی ژنکوژی لە هەرێمی کوردستاندا نەبوونی پەروەردەیەکی دروستی تاکە، کە بیکاتە مرۆڤێکی ژیاندۆست و مرۆڤدۆست**

توندوتیژ نین بەرامبەریان، ئەوەش بە ناو و ناتۆرە لێنان لە پیاوەکە بەوەی سەرژنانییە، یان ترسنۆکە، لەوەوە بڕۆ بۆ هەندێك مامەڵەی زبر و توندی دیکەش کە کەم پیاو دەتوانێت بەرگەیان بگرێت، بەتایبەت لە کۆمەڵگە بچووك و داخراوەکاندا. کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هەوڵەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە بۆ بنبڕکردنی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەت سوود و کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێت تا تێڕوانینی کۆمەڵگە لەخوارەوە بۆ سەرەوە، واتا لە ڕەگەوە نەگۆڕدرێت، بەوەی کە دەبێت کۆمەڵگە ئافرەت بە مرۆڤ بزانێت، پاشان بە یەکسانی بزانێت لەگەڵ پیاودا، ئەوسا بیر لەوە بکاتەوە کە بە ڕێگەی یاساکانەوە گەرەنتیی ئەو مرۆڤبوون و یەکسانییە بکات لە هەمبەر ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە ساتەوەختێکدا ئەو مرۆڤبوون و یەکسانییە پێشێل بکەن، بێگومان دەبێت ئەو کەسانەش کەمینیەك بن و کۆمەڵگە بە لاڕێداچوو و لادەریان لە قەڵەم بدات، نەك بە پاڵەوان وەك لە ئێستادا بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگە سەیری ئەو جۆرە تاوان و پیاوانە دەکات».

دهۆك بەرۆژی بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە ئەنجومەنی سۆران (ی.ئا.ك) سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی کێشەی ژنکوژی لە هەرێمی کوردستاندا نەبوونی پەروەردەیەکی دروستی تاکە، کە بیکاتە مرۆڤێکی ژیاندۆست و مرۆڤدۆست. مرۆڤێك وشیار بێت لە ئاستی کێشەکانیدا پەنا بۆ ڕێگەی نادروست و لادانی کارەسات ئامێز نەبات. تاکی کوردی نە لە نێو خێزان و نە لە قوتابخانە و نە لە نێو کۆمەڵگە و شوێنە دینییەکانیشدا پەروەردەیەکی دروست دەکرێت. ئەوەی تاکی کوردی بەرەو سەرگەردانی و بێئامانجی و لادانی ترسناك بردووە، بە پلەی یەکەم نەبوونی پەروەردەیەکی دروست و شیاوە، چونکە پەروەردە دەتوانێت مرۆڤ بونیاد بنێت». گوتیشی: «من لەوە دڵنیام کە تاوان لە هەموو کۆمەڵگە و ژینگەیەکدا هەیە و لە هەموو کۆمەڵگە و کولتوورێکدا کەسانێك هەن، کە بە هۆی دۆخی تایبەتییەوە تووشی لادان دەبن و تاوان ئەنجام دەدەن، بەڵام لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا نییە ژنکوژی دیاردە بێت و هەواڵی بەردەوامی میدیاکان بێت.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان نەبوونی وشیاریی دروستکردنی خێزان و منداڵخستنەوەیە، کە بێگومان ئەمەش دیسان لە هەناوی هۆکاری یەکەمەوە دێتە دەرێ. کاتێك سیستمی پەروەردە ناتوانێت تاك پەروەردە بکات، ئیدی لێکەوتەی زۆری لێ دەکەوێتەوە و یەکێك لە لێکەوتەکانیشی لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەریدا خۆی دەبینێتەوە، کە تاك زۆرجار لە ڕووی تێرکردنی غەریزەکانیەوە بیر لە دروستکردنی خێزان دەکاتەوە، نەك وەکو پێداویستییەکی مەعنەوی و وەرچەرخان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە. لێرەوە قۆناغی وەرگرتنی بەرپرسیارێتی خێزانی دێتە سەرشانی تاك، کە پێویستە ئەم تاکە لە ڕووی جەستەیی و عەقڵییەوە ئامادەکاری تەواوی بۆ ئەو پرۆسەیە تێدا بێت. قۆناغی دواتریش قۆناغی بیرکردنەوەیە لە دروستکردنی منداڵ، کە بە دڵنیاییەوە ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە ویستگە چارەنووسسازەکان و هەردوو ڕەگەز لە نێو ژیانی هاوسەرێتیدا پێویستە بە وردی بیر لە دروستکردنی منداڵ بکەنەوە. هێنانە دونیای منداڵ تەنیا کردەیەکی سادە نییە، بەڵکو دروستکردن و پێشکەشکردنی مرۆڤێکی نوێیە بە کۆمەڵگە».

دهۆك بەرۆژی جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەوەی لە تاوانی ژنکوژی بەرپرسیارە بە تەنیا یەك مرۆڤ نییە، کە تۆمەتبارە بە ئەنجامدانی تاوانەکە، بەڵکو هەموو کۆمەڵگە و سیستمی پەروەردە لێی بەرپرسیارن. ئەمە بێجگە لەوەی کە کولتووری پاشکەوتووی کوردیش بەرپرسیارە، کە توانای خۆنوێکردنەوە و خۆگونجاندنی لەگەڵ سەردەمدا نییە». هاوکات دەڵێت: «هەمووان بەرپرسیارین کە ناتوانین نەوەکانمان باش پەروەردە بکەین و لە کاتی کێشەکانیشیاندا هاوکار و چارەسەرساز بین. بۆ ئەوەی ژنکوژی بوەستێت، دەبێت دەستکاری سیستمی پەروەردە بکەین و ڕوانینی کۆنمان بۆ پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ بگۆڕین و هاوکاتیش بەرپرسیارێتی ئەو ئەرکە هەڵبگرین کە دەکەوێتە سەرشانمان و لە هەر مەوقیعێکداین، دەبێت بەرپرسیارانە مامەڵە بکەین».






# یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دیداری هەولێر بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانە ڕێکدەخات

**یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بە هاوبەشیی سەنتەری ڕۆشنبیریی زین و بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی خزمەتکاری پیرۆز بۆ نەهێشتنی هەژاری، بە بەشداریی پسپۆڕ و مامۆستایانی زانکۆکانی عێراق لە ڕێکەوتی ٦ ی حوزەیران (دیداری هەولێر بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانە)ی ڕێکخست.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بەڕێوەچوونی دیداری هەولێر بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانە بە ئامادەبوونی دکتۆر جەبار قادر بەرپرسی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، بارزان ئەکرەم بەرپرسی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ئامادەبوونی نوێنەرانی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان، خانم مەیان خەیری بەگ، یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، ناوەندی ڕۆشنبیریی زین و ڕێکخراوی خزمەتکاری پیرۆز بۆ نەهێشتنی هەژاری ساز درا.

سەرەتای دیدارەکە د. ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد و لە وتەکەیدا خۆشحاڵی خۆی بە دیدارەکە دەربڕی و ئاماژەی بە گرنگیی ئەو جۆرە کۆبوونەوانە کرد، کە ئامانج لێی بەهێزکردنی بنەما و ڕایەڵەکانی پێکەوە ژیانە لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە کوردستان و عێراق، هاوکات گوتی: «پێویستە پەیامی پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵکردن لە لایەن هەر تاکێکی کۆمەڵگە ڕەنگ بداتەوە، ئەو شێوازی یەکتر قبووڵکردنەش بە شێوازێکی مۆدێرن کاری لەسەر بکرێت. ئەو پێگەیەی کە هەرێمی کوردستانی پێ ناسراوە سەبارەت بە پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکان پتەوتر بکرێت و هەرێمی کوردستان ببێتە نموونەی بەرزی پێکەوە ژیان و یەکتر قبولکردن، یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان گرنگییەکی زۆر بە مەسەلەی پێکهاتە و ئایینە جیاوازەکان و نەتەوە جیاوازەکان دەدات، هەر لەم ڕۆئیایەوە ئەو دیدارەمان ساز کرد».

هەروەها دکتۆر پەرێز یاسین سەرۆکی ڕێکخراوی خزمەتکاری پیرۆز بۆ نەهێشتنی هەژاری وتارێکی پێشکەش کرد.

پانێڵێك و بڕگەیەکی هونەری و ڕێزلێنانی پانێڵستان بڕگەکانی دیدارەکە بوون.

خەنسا مەجید:

# زۆر جار شکاومەتەوە، بەڵام هەر شکانەوەیەک بۆ من هەستانەوەیەک بووە



کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، ئەگەرچی لە ڕووی جەستەوە گرفتیان هەیە، بەڵام زۆربەیان خاوەن ئیرادەیەکی پۆڵایینن و لە گشت قۆناغەکانی ژیاندا سەرکەوتوو بوون. خەنسا مەجید یەکێك لەو کەسانەیە و لەم دیمانەیەیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەمی ژیانی و چۆنیەتی زاڵبوون بە سەریاندا دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

خەنسا مەجید ناسراو بە «خەندە»، لە دایکبووی ١٩٩٠/٧/٢٨ و وەك خۆیشی باسی کرد، خاوەن پێداویستیی تایبەتە لە جۆری شەلەل، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بروانامەی فریاکەوتنی خێرای هەیە، هەروەها خاوەنی نەمامگەی گوڵی سرووشتییە، هاوکات کارمەندی گرێبەستی ڕێکخراوی «Giz»ی ئەڵمانییە.

خەندە دانیشتووی هەڵەبجەی شەهیدە و بەمجۆرە باسی ژیانی خۆی دەکات: «من بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل شەلەل بووم. منداڵ بووم، تەمەنم پێنج ساڵ بوو کە دەچوومە خوێندن، بەڵام هەمیشە ناچار بووم داوای مۆڵەت بکەم، بە حوکمی ئەوەی پێویستم بە چارەسەری پزیشکی هەبوو. قۆناغی سەرەتایی بۆ من زۆر سەخت بوو، کە چوومە چواری سەرەتایی سەردانی ڕاهێنانی منداڵانی سلێمانیم دەکرد. دکتۆرەکەم خۆی دەهاتە قوتابخانەکەم و لە بارودۆخی منی دەپرسی. بۆ من خوێندن زۆر ئاسان بوو، تاوەکو شەشی سەرەتایی کەسێکی زۆر سەرکەوتوو بووم، هەرچەندە زۆر جار کەسانی دەوروبەرم دەیانوت تۆ خوێندنت بۆ چییە، خۆ تۆ خاوەن پێداویستیی تایبەتی. بەڵام من گوێم بەو شتانە نەدا، چونکە خەونی گەورەم ئەوە بوو، خوێندن تەواو بکەم».

ئەو خاتوونە لە درێژەی وتەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە هەر لە منداڵییەوە خولیای فێربوونی شتی تازە بووە. هەر لەو بارەیەوە گوتی: «لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە لە یەکەم منداڵەکانی خوێندنگەکانی کوردستان بووم لە کاری شێوەکاری، کە ساڵانە لەلایەن خوێندنگەکان و (هاندی کاپ)ـەوە دەکرایەوە، تا سێی ناوەندی هەموو ساڵێك بەشدار دەبووم و شوکر بۆ خوای گەورە بە پلەی یەکەم سەردەکەوتم».

کاتێك پەیامنێری گوڵان لە خەندە دەپرسێت چ بیرەوەرییەکی ناخۆش و تاڵ لە ژیانتدا ئازاری داوی؟ گوتی: «لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم، قسەی مامۆستایەکم زۆر ڕووخاندمی، چونکە دارشەقم پێ بوو، کە دەچوومە سەر تەختە، زۆر جار دەیوت شەلەل ئاخر تۆ خوێندنت بۆ چییە؟ ئەوە وای لێکردم، حەزم لە خوێندن نەما، چونکە لەناو هاوپۆلەکانم دەیشکاندمەوە. بەڵام دواتر من لە پشووەکان دەمخوێند و کۆڵم نەدا. هەمیشە هەوڵم دەدا بۆ فێربوون، لە چواری بنەڕەتی بروانامەی دروومانم بە پلەی یەکەم بە دەست هێنا، ئەوە جێی سەرسوڕمانی ستافی خولەکە بوو، بەوەی کە بە تەمەنێکی بچووك و بە کەمئەندامییەکەم سەرکەوتووش بووم. من یەکەم بچووك و کەم تەمەنی ناو خولەکە بووم. لە پێنجی بنەڕەتییەوە دیسان بە هۆی نەشتەرگەری لە خوێندن دابڕام، ساڵێك لەسەر جێگا بووم، لە خوێندن دابڕام، بەڵام لە چالاکییەکانی دیکەم دانەبڕام، لەسەر جێگاکەم کاری دەستیی زەنگیانە و مووروو دەکرد.

دوای ساڵێك گەڕامەوە بۆ خوێندن تاوەکو سێی ناوەندی، بەڵام دیسان نەشتەرگەریم بۆ کرا. دایکم زۆر هاوکارم بوو مۆڵەتی ساڵێکی لە پەروەردە بۆ وەرگرتم. نارەحەتیی زۆرم بەسەر هاتووە، زۆر جار شکاومەتەوە، بەڵام هەر شکانەوەیەك بۆ من هەستانەوەیەك بووە. زۆر جار هاوڕێکانم یارییان لەگەڵ نەدەکردم، دەیانوت تۆ شەلەلی، یان هەموو منداڵێك ئاواتی دەرسی وەرزش بوو، من دوژمنم بوو، چونکە تەنیا من نەمدەتوانی یاری بکەم. بەدەر لەناو هاوڕێکان، لەناو خزم و کەسیش دەشکامەوە و پێیان دەگوتم شەل و شێت، بەڵام بەو هەموو موعاناتەمەوە لەسەر پێی خۆم وەستام و هەمیشە هەوڵم داوە خزمەتی کۆمەڵگە و دەوروبەرەکەم بکەم. کەسێکی زۆر چالاك بووم. تەندوورم لە گڵ دروست کردووە. نانم کردووە بۆ ماڵان و کاری شیرینی و خواردن دروستکردنیشم کردووە و وازم لە خوێندنیش نەهێناوە.»

هەر سەبارەت بە چالاکییەکانی خەندە دەڵێت: «لە سێی ناوەندییەوە لە ڕێکخراوی ئەهلی خوێندوومە و شەهادەی نێودەوڵەتیم لە فریاکەوتنی خێرا هەیە. ئەندامی کارام لە ڕێکخراوی هیوای کەمئەندامانی کوردستان، هاوکات کاری گوڵفرۆشی دەکەم، کاری هەڵپاچین و دیزانی باخچە دەکەم. سوپاسنامە و دەستخۆشیی سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجەم بۆ هاتووەتەوە. بۆ ماوی ٦٠ ڕۆژ وەك سەرپەرشتیاری سەربە ڕێکخراوی (Giz) لە خوێندنگەکانی هەڵەبجە کارم کردووە. بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ کرێکاری (ڕیچ) بووم لە باخچەکانی هەڵەبجەی شەهید و دیزاین و هەڵپاچینی باخچەکانم کرد، ماوەی ٨٠ ڕۆژیشە کرێکاری ٥٠٠٠ زەیتوونەکەی هەڵەبجەی شەهیدم و لە لایەن ڕێکخراوی ڕیچەوە دووبارە بانگهێشت کراوم بۆ کاری ئاودان و دیزان و هەڵپاچینی باخچەکان.»

خەندە لە بەشێك لە وتەکانیدا بەرامبەر بە کاری گوڵفرۆشییەکی دڵخۆشیی خۆی بەمجۆرە دەخاتەڕوو: «شوکر بۆ خوا حەوشەکەمان گەورەیە و گوڵی جۆراوجۆری تێدا دەچێنم و بە ئۆنلاین دەیفرۆشم. هەندێك لە نەمامگەکانی هەولێر و مووسڵیش لای من گوڵ دەبەن. لە هۆڵەنداوە گوڵ دێنم و گوڵیشم ڕۆیشتووەتەوە بۆ هۆڵەندا کە ئەو وڵاتە زۆرترین ڕێژەی گوڵی تێدایە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە بۆ داهاتوو چ پرۆژە، یان خەونێکت هەیە؟ خەندە گوتی: «یەکەم: ئێستا لە هەوڵدام کار بکەم بۆ کچان و کوڕانی خاوەن پێداویستیی تایبەت کە لە ماڵەوە نەمێننەوە و بتوانن ئەوانیش کار و داهاتی خۆیان هەبێت، هەروەها، خۆیان بە شتێکی بەسوودەوە سەرقاڵ بکەن. دووەم: زۆر حەزم لە خوێندنە و خوای گەورە دەرفەتم بدات، دەست بە خوێندن بکەمەوە. سێیەم: نەمامگەی گەورەم هەبێت، کە ببێتە هۆی ڕەخساندنی کار بۆ کەسانی دیکە و بەرهەمهێنی گەورە بین».

**دکتۆرەکەم خۆی دەهاتە قوتابخانەکەم و لە بارودۆخی منی دەپرسی**

**زۆر جار کەسانی دەوروبەرم دەیانوت تۆ خوێندنت بۆ چییە، خۆ تۆ خاوەن پێداویستیی تایبەتی. بەڵام من گوێم بەو شتانە نەدا، چونکە خەونی گەورەم ئەوە بوو، خوێندن تەواو بکەم**

**لە چواری بنەڕەتی بروانامەی دروومانم بە پلەی یەکەم بە دەست هێنا، ئەوە جێی سەرسوڕمانی ستافی خولەکە بوو**

سۆنیا هیوا:

# لە پێناو کاری هونەر و شانۆدا ئامادەم هەموو رۆڵێک بەرجەستە بکەم بە مەرجێک لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا بگونجێت



یەکێك لە ئەکتەرە دیار و بەرچاوەکانی ئەمڕۆی شانۆ لە هەولێر (سۆنیا هیوا) یە، کە وەك ئەکتەرێکی خاوەن ئەزموون لە شانۆگەریی (ئافرەت لە دۆزەخ)دا دەرکەوت و، بە رۆڵە جوانەکەی ژان و ئازاری ئافرەتی کوردی لەسەر تەختی شانۆدا نیشانی بینەر دا، پاشان بەشداربوو لە چەندین کاری دیکەی شانۆییدا و، ئێستاش بە شێوەیەکی ئەکادیمی کار بۆ چەند بەرهەمێکی دیکە دەکات، لەم دیمانەیەشدا راشکاوانە پەنجە دەخاتە سەر ئاستەنگەکانی بەردەم ئافرەت لە نێو شانۆ و هونەر، هاوکات ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە دوای دابڕانێکی کورت لە شانۆ، ئێستا سەرگەرمی خۆئامادەکردنە بۆ چەند پرۆژەیەکی نوێ و، دەیەوێت بە سوپرایز بێتەوە سەر تەختەی شانۆی هەولێر.

*** بۆچی ماوەیەکە دابڕاویت لە کاری شانۆیی و لە هیچ بەرهەمێکدا نابینرێیت؟**

- ماوەی دوو ساڵە بەهۆی چەند گرفتێك و سەرقاڵ بوون بە کارێکی تایبەتەوە، وچانێکم لە شانۆ و هونەر وەرگرت و پاشان گەڕامەوە نێو باوەشی هونەرەکەم، ئیتر بە تەواوەتی بۆ هونەرەکەم دەژیم و خۆم بۆ چەند کارێکی نوێی شانۆیی ئامادە کردووە.

*** شانۆگەریی ئافرەت لە دۆزەخ یەکێك بوو لەو بەرهەمانەی تێیدا بەشداربوویت، ئەم بەرهەمە چ ئەزموونێکی نوێی خستە پاڵ کارە هونەرییەکانت؟**

- ئەزموونێکی نوێ و بەرهەمێکی گەورە و بەپێز بوو، کە ژانی ئافرەتی کوردی لەسەر تەختەی شانۆدا گەیاند بە خەڵك، لەو بەرهەمەشدا من وەك کچە ئەکتەرێك بە تەواوەتی چووبوومەوە نێو قووڵایی کارە شانۆییەکە و، هەستم بە ئازارەکانی ژنانی کورد دەکرد، هەر ئەو بەرهەمەش وای لێ کردم، کە بکەومە داوی عەشقێکی گەورە لەگەڵ شانۆدا و، لە دوای ئەویش چەند بەرهەمێکی دیکەمان لەگەڵ گرووپی ئافرەتانی دۆزەخ پێشکەش کرد، دیارترینیشیان کارەساتی هەڵەبجە بوو کە لە نێو باغی شاردا نمایشمان کرد.

*** ئاستەنگەکانی ئافرەت لەسەر تەختی شانۆدا چین، ئایا هیچ کات رووبەڕووی تانە و توانج بوویتەوە؟**

- بێگومان، دەیان جار تووشی تانە و توانج بوومەتەوە، بەڵام من هەرگیز گوێیان پێ نادەم و بگرە وای لێ کردووم کە بەهێزبم و زیاتر پشت بە تواناکانی خۆم ببەستم و، پێیان بڵێم من هونەرەکەم بە قسەی رووت ناگۆڕمەوە، ئەگەر بەراوردێکیش بکەین لە چاو جاران، ئێستا تا رادەیەك توانج و ناوزڕاندنی ئافرەتی شانۆکار کەمتر بووەتەوە، هیوادارم ئەو خەڵکە بیریان کراوەبێت و لە نرخی ماندووبوونی ئافرەتانی شانۆ کەم نەکەنەوە.

*** بە کام لە ژنە شانۆکارەکانی کوردستان سەرسامیت؟**

- ناتوانم بە یەك ناو وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، چونکە من سەرسامم بە هەریەك لە هونەرمەندان (گەزیزە عومەر، تەلار هیرانی، سوهام حەسەن، شیلان عەبدوڵا) ئەوانە پێشەنگی ئافرەتانی کوردن لە بواری شانۆدا و، هەمیشە بە رۆڵ و کارە هونەرییەکانیان سەرسامم.

*** هونەری شانۆ لای تۆ چ مانایەك بە ژیان دەگەیەنێت؟**

- هونەر، یان شانۆ بەتایبەتی، لای من عەشقێکی بێ سنوورە، دەتوانم بڵێم وەك جەرگ و منداڵی خۆم تێکەڵی خۆشەویستیی هونەر بووم و، ئێستایش لەگەڵ ئەو عەشقە بەردەوامم، بەڕای منیش گەر هونەر نەبێت ژیان هیچ مانایەکی ئەوتۆی بۆ نامێنێتەوە.

*** چی لە هونەری هیوا سوعادی دەرهێنەرەوە فێربوویت و چ کاریگەرییەکی بەسەر ژیانتەوە هەیە؟**

- هیوا سوعاد لای من بە هیچ شتێك پێناسە ناکرێت، چونکە هەم باوکە بۆ من هەم دەرهێنەر و هەم مامۆستای شانۆییم، هەمیشەش پاڵپشت و پشتیوانی کارەکانمە بۆ ئەوەی داهاتوویەکی گەش بۆ من و تەواوی شانۆکارانی دیکە بنیاد بنێت.

*** ئایا شانۆ بووەتە دەروازەیەك بۆ دۆزینەوەی رێگەی بەختەوەریت لە ژیاندا؟**

- هەموو خۆشییەکانی ژیانم پەیوەستن بە کارە شانۆییەکانم، تەنانەت ئەو رۆژانەی کە دەچمە سەر تەختەی شانۆ و دەستلەملانێی بەرهەمێکی شانۆیی نوێ دەبم، چاوەکانم پڕ دەبن لە فرمێسکی شادی، چونکە توانا و هێز و بوێریی ئافرەت تەنیا لەسەر ئەو سەکۆیەدا دەردەکەوێت و گڕوتینێك بە منی شانۆکار دەدات، کە لەبەردەم ئاستەنگەکانی ژیاندا چۆك دانەدەم و هەمیشە بەهێز دەربکەوم.

*** ماچی ناودەم ئێستا لە نێو شانۆ و سینەمای کوردی دا دەبینرێت، ئایا ئێوە بە نوێگەریی لە فۆرمی کاری شانۆیی دا دەبینن، یان چاولێکەرییە؟**

- من پێموایە گەر بمانەوێت هەنگاوی نوێ بنێین و شانۆ بە فۆرمێکی نوێ کار بکات، با ئەو ماچەش هەبێت، بەڵام زێدەڕۆیی تێدا نەکرێت و نەبێت بە مەسەلەیەك بۆ راکێشانی بینەری شانۆ و پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی لاوازیی کارە هونەرییەکان.

*** ئامادەیت رۆڵێکی وروژێنەر بەرجەستە بکەیت؟**

- هەر رۆڵێك کە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی کوردی دا بگونجێت ئامادەم، لە پێناو شانۆشدا رەنگە ئامادەییم تێدابێت بۆ بەرجەستە کردنی هەموو جۆرە رۆڵێك.

*** جوانی و جووڵەی جەستە نەبووەتە خەسڵەتێك بۆ راکێشانی بینەر و دەرهێنەران؟**

- شانۆ خۆی هەست و دەنگ و قوڕگێکی پڕی پێویستە تا بتوانێت سەرنجی بینەری پێ رابکێشێت، یان تواناکانی خۆتی وەك ئەکتەر پێ دەربخەیت.



# هونەری شانۆ

(١-٢)



پێم وایە شانۆکاران پێیان خۆشە، ئێمە بەم جۆرە پەسنی هونەری شانۆ بدەین، کە سەرچاوە و چاوگی هونەرەکانە، هەر لە سەردەمی گریك و ڕۆمەوە، ئەم هونەرە پێشەنگ و سەرقافڵەیە. ئامێز بۆ چەندین ڕەگەز و توخمی هونەر دەکاتەوە، لانەی هونەرمەندان و هەواری نمایش کردنی هونەرە. ئێمەی کورد، لە سەدەی بیستەمدا، بە سایەی کرد و کۆششی دەیان شانۆکار لە هەمەجۆر بواری شانۆدا، لە پارچەکانی کوردستانی مەزندا، بە هونەری شانۆ ئاشنا بووین. ئێستا یەك سەدە مێژووی شانۆی کوردیمان هەیە.

تاریق کارێزی


لەم هونەرەدا چەندین زاراوەی وەك (شانۆ، شانۆگەری، شانۆنامە، شانۆکار، ئەکتەر، دەقی شانۆیی، سینۆگرافیا، تەختەی شانۆ، پەردە، نمایش. هتد) باون، بەڵام هێشتا ئەو زاراوانە، گردەبڕ یەکلایی نەکراونەتەوە، تا رادەیەك گفتوگۆ هەڵدەگرن و پێویستیان بە یەکلایی کردنەوە هەیە. هەندێك زاراوەی وەك (رووناکی، دەنگ، دیکۆر، پەردەی شانۆ، هۆڵی شانۆ. هتد) بۆ جەماوەر و شانۆکارانیش روون و ئاشکران. وێڕای ئەوە، هێشتا لە رووی زاراوەوە سووکە کێشەمان هەیە، بۆیە گرنگە پسپۆرانی بواری شانۆ، بە راوێژ لەگەڵ پسپۆرانی زمانی کوردی، زاراوەکانی هونەری شانۆ بە یەکجاری و گردەبڕ، یەکلایی بکەنەوە. لە بواری زمان و وێژە و زانست و هونەردا، زۆر جار فەرهەنگی هەمەجۆر، لە بەدەستەوە دانی واتای بێ مشتومڕ بۆ وشە یان زاراوەیەك، قسەی کۆتایی ناکەن، لە بە یەکجاری دیاری کردنی واتادا، کورت دەهێنن.


شانۆ، ناوی هونەرەکەیە، شانۆکار هەر کەسێکە لە بواری هونەری شانۆدا کار دەکات، شانۆگەری نمایشی شانۆییە، شانۆنامە دەقی شانۆییە، تەختەی شانۆ ئەو شوێنەیە نمایشی شانۆی تێدا پێشکەش دەکرێت، سینۆگرافیا واتە شوێن و ژینگەی نمایشی شانۆ، تێکرای ئەو رەگەز و توخمانەی دەبن بە بەشێك لە تەکنیك و دیزاینی هونەریانەی نمایش، هەر لە دیکۆر، جل و بەرگ، رووناکی، هەمەجۆر کاریگەری و فاکتەری تایبەت، بە تێکرای ئەمانە دەگوترێت سینۆگرافیا. روونتر بڵێین، سینۆگرافیا تەواوی ئەو کەرەستانە دەگرێتەوە کە کەش و فەزای نمایش دەسازێنن، شوێنێك گەڵاڵە دەکەن کە لە رێی دراماوە، ئەو شوێنە ژیان بۆ زەینی بینەر وێنا دەکات، هۆش و بیر و سەرنجی، لە چوارچێوەی شوێنێکی سێ مەودای بەرجەستەدا، رادەکێشێت، قووڵاییەك بە دیمەنەکانی نمایش دەدات.

شانۆ لە بۆتەی ژیاندا چیرۆك بە زار و جووڵە، بە زمان و جەستە دەگێڕێتەوە. هونەرێکە راستەوخۆ لە نێو هۆڵدا پیشانی بینەر دەدرێت، لە رێی کامێراشەوە دەچێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن. نەریتی شانۆ وایە، لە هۆڵدا نمایش دەکرێت، هۆڵی شانۆش لە رووی دیزاین و دابەش بوون و دانیشتنی بینەرانەوە، هەمەجۆرە، هیچ رێگرییەکیش لەوەدا نییە، لە دەر و دەشت و شەقامیشدا، شانۆ نمایش بکرێت. لە هەر بستە خاکێکدا بینەر هەبێت، ئەکتەر دەتوانێت شانۆ پێشکەش بکات. شانۆ چەندین جۆر و چەشنی هەیە.

شانۆ لە کرۆکدا نواندنە. ئەگەر نواندن وێنا کردنەوەی ژیان و خەیاڵ و ئەندێشە بێت بە دەنگ و جووڵە، ئەوا هونەری شانۆ لە کرۆکی کردەی نواندندایە. هونەری نواندن و وێنا کردنی ژیان و ئەندێشەی مرۆڤ، لە فۆرم و شێوەی جۆراجۆردا لە لای زۆربەی گەلاندا هەبووە، بەڵام شانۆ بەو فۆرم و رێکارە باوەی ئێستای، ریشەی بۆ گریك و رۆم دەگەڕێتەوە. رەگی هونەری دراما، بە نووسین و نواندن، بۆ گریك (باپیرانی یۆنان) دەگەڕێتەوە. سەرەتا شانۆ لە سەماوە سەرچاوەی گرت، تاك پاڵەوان بوو، پاشان ئەسخیلۆس ئەکتەرێکی دیکەشی خستە پاڵ، بە دەستی سۆفۆکلیس و یۆرپیدیس، کە دوو شاعیری تراژیدین و میراتێکی دەوڵەمەندیان لە بواری دەقی شانۆدا جێ هێشتووە، تا ئێستاش دەقەکانی سۆفۆکلیس لەسەر ئاستی جیهاندا دەخوێندرێن و نمایش دەکرێن، شانۆ زیاتر گەشەی کرد. پاشان شای کۆمیدیا ئەرستۆفانس پەیدا دەبێت، چەندین دەقی ئەم بلیمەتە، دوای تێپەڕ بوونی پتر لە ٢٤ سەدە، بە زیندوویی بە ئێمە گەیشتوون.









# کامیرۆن دیاز: بیرم لە دایکایەتی کردووەتەوە

زۆر لە ئەکتەرە جیهانییەکان لە دایکایەتی بێبەشن هەندێکیان پێیان وایە تەمەن رێگرە و ئیدی فریای شەمەندەفەرەکە ناکەون و لێی بەجێ ماون، هەندێکی دیکەشیان کە دەتوانن فریای شەمەندەفەرەکە بکەون، بەڵام حەز لە ژیانێکی ئازاد و بێ بەرپرسیارێتی دەکەن، لە هەردوو حاڵەتیشدا بێبەش بوون لە دایکایەتی و پەشیمانیش نین.

ئۆپێرا وینڤری کە تا ئێستا شووی نەکردووە، هەرچەندە لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵ بێزنسمانێك لە ساڵی ١٩٨٦ـەوە، بەڵام رایگەیاندووە کە پەشیمان نییە لەوەی کە تا ئێستا دایك نەبووە، چونکە ناتوانێت کاتی خۆی لە نێوان کاروباری خێزانی و کاری راگەیاندندا رێك بخات و، پێی وایە ئەگەر منداڵی هەبێت رقیان لێی دەبێتەوە.

کامیرۆن دیازی ئەستێرەی سینەمایی کە پێشتر سەبارەت بە دایکایەتی دەیگوت: «من هیچ کاتێك نیازم نەبووە منداڵم هەبێت و بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە خۆم بە دایك ببینم، من پێ موایە ئافرەت لە تەمەنی ٤٠ ساڵییەوە بە تەواوی پێدەگات، بە جۆرێك کە گرنگی بە رای پیاوان نادەن»، کامیرۆن زیاتر دەڵێت: «دایکایەتی بەرپرسیارێتییەکی زۆر زەحمەتە، بەتایبەتی ئەگەر لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بیت و ببیت بە دایك، بۆ من نەبوونی منداڵ ژیان ئاسان دەکات و هیچ کاتێك نەمویستووە کە ببم بە دایك، بەڵام دوور نییە ببم بە دایك»، لەلایەکی دیکەوە جنیڤەر ئەنیستۆن کە ئەویش منداڵی نییە، دەڵێت: «بیرم لە دایکایەتی کردووەتەوە، بەڵام هونەر ئەو دەرفەتەی پێ نەدام و لەو خەونەی دوور خستمەوە، ئێستاش بە تەواوی بیری لێ دەکەمەوە و دوور نییە هەوڵیشی بۆ بدەم».

# شەمس: کەسانی دڵ پڕ لە قین زۆرن

شەمسی کوێتی یەکێکە لەو گۆرانیبێژە عەرەبانەی بەوە ناسراوە کە هەمیشە مشتومڕی زۆر لە ناوەندە هونەرییەکان و لە نێو کۆمەڵگای کوێتیدا، بەتایبەتی و عەرەبی بە گشتی دەنێتەوە، جا بە جلوبەرگەورووژێنەرەکانی بێت، یان بە لێدوانەکانی کە دەگاتە ئاستێك کەسانێك داوای کوشتنی بکەن.

شەمس بە هۆی ئەم هەڵوێستانەی دوچاری رەخنەی زۆر بووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە بە دەیان جار هەواڵی سەیر دژی بڵاودەکەنەوە، لەم بارەوە شەمس دەڵێت: «من بە ئازادی لە دایکبووم و بە ئازادییش دەژیم، بۆیە هەر چییەك بڕوام پێی هەبێت، گویێ بە کەس نادەم و ئەنجامی دەدەم، و هەر شتێکیش پێویست بکات قسەی دەربارەی بکەم بە هەمان شێوە دەری دەبڕم، ئەم قسانەی من دەبنە هۆی تووڕەبوونی کەسانێکی دواکەوتوو و جێماوەکان لە ژیان».

شەمس دەربارەی پڕوپاگەندەکانیش دەڵێت: «ئەم کەسە دۆڕاو و ئاست نزمانە چونکە دڵیان پڕ لە قینە و هەست دەکەن لە پێشکەوتن جێماون، هەڵدەستن پڕوپاگەندەی نا درووست و نارەوا دژی کەسانی وەك من بڵاو دەکەنەوە لە نێو کۆمەڵگەدا، بەڵام با دڵنیا بن هەر خۆیان سووك و ریسوا دەبن و بۆ دواوە دەگەڕێنەوە، چونکە من هەرچییەکم هەبێت، بە ئاشکرا دەیڵێم، لە هەمان کاتدا هەرچیم بوێت و قەناعەتم پێی هەبێت، بێ ترس و دڵەڕاوکێ ئەنجامی دەدەم، ئەوانیش با بۆ خۆیان بەردەوام بن لە پڕوپاگەندە بێ بنەماکانیان».






**عەبدوڵڵا بەختیار:**
**یاریزانی وشوکۆنگ فۆ و بروسلییەکەی چوارقوڕنە**

# دەمەوێت لە رووی وەرزشییەوە وڵاتەکەم بەرەوپێش ببەم

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی وشو کۆنگ فۆ چۆن دەبینی لە شارەکانی کوردستان؟**

- من بە شێوەیەکی باشی دەبینم لە چاو ئەوەی کە هیچ پشتگیرییەکی وا لەو کەسانە ناکرێت کە یاریی کۆنگ فۆ دەکەن، ئەمەش وا دەکات کە بەرەوپێشچوون لەم یارییەدا کەم بێتەوە، و خەڵك کەمتر ڕوو لەم یارییە بکات.

***ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

-بە تەئکید کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر یاریزان، چونکە بە ڕاستی گەر پاڵەوانێتی نەبێت کە یاریزان توانای خۆی تێدا دەربخات ئەوا وا دەکات کە یاریزان سارد بێتەوە، بۆیە بەم هۆکارەش خەڵکی کەمتر ڕوو لە کۆنگ فۆ دەکەن.

*** پێت باشە چیۍ بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریی وشوکۆنگ فۆ بەرەوپێش بچێت لە کوردستان؟**

-سەرەتا پێم باشە کە بەرپرسی وەرزشی لە کوردستان هەوڵی بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە بدەن، واتا یارمەتیی ئەو فێرگانە بدەن کە ئەم هونەرەی تێدا دەکرێت، هەروەها پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیش بکرێتەوە بۆ زیاتر

**یاریی وشو کۆنگ فۆ یەکێکە لەو یارییە بەرگرییانەی کە لە کوردستاندا وەکو پێویست گرنگیی پێ نەدراوە، بگرە ساڵانە خول و پاڵەوانێتیی بەکەمی کراوەتەوە، بەڵام لە ئێستادا ژمارەیەك گەنج و لاوی شارەکانی کوردستان ڕوویان لەم یارییە کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن ئەم یارییە ببەنە قۆناغێکی دیکە و گرنگیی زۆر بەم یارییە دەدەن لە ریگەی فێرگەکان، چەندین یاریزانی ئاست بەرزیش لەم فێرگانە هەن، کە داهاتوویەکی پڕشنگدار چاوەڕانیان دەکات، یەکێك لەم یاریزانانەش (عەبدوڵلا بەختیار)ـە، کە یاریزانی تیپی فێرگەی وشوکۆنگ فۆی حەمە ڕەش-ە لە شارۆچکەی چوارقوڕنەی سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ی چوارقوڕنەیە، قوتابی قۆناغی ئامادەییە، گۆڤاری گوڵانیش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە.

***گرفتی یارییە بەرگرییەکان لە چیدا دەبینیت؟**

- گرفتەکە ئەوەیە کە خەڵکی بە چاوێکی کەم سەیری ئەم یارییە دەکەن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەمتر بایەخی پێ دراوە لە کوردستان.

***بۆچی کوڕان بەکەمی دێنە نێو ئەم وەرزشە لە چاو وەرزشەکانی دیکەدا؟**

- لە بەر ئەوەی لە کوردستان هیچ داهاتوویەك لە وەرزشدا نییە، بەداخەوە خەڵکەکەی ئێمەش بۆ تەندروستیی خۆی وەرزش ناکات، واتا وا دەزانێت کە وەرزشی ئەنجامدا، داهاتوویەکی دەبێت، وەرزش بۆ داهاتوو و بۆ تەندروستیش گرینگە.

***بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت؟**

**-لە داهاتوودا زیاتر خەڵك هان بدەم بە** مەبەستی ئەنجامدانی ئەو یارییە و، دەمەوێت لە رووی وەرزشییەوە وڵاتەکەم بەرەوپێش ببەم.

***هەندێك جار نمایشی دار و ئاسن ئەنجام دەدەیت، هۆکاری چیە؟**

- بەهۆی حەز و خولیام بۆ ئەم یارییە و هونەرە.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- هیوادارم گەنجان بێنە ناو ئەم وەرزشە و هەلیان بۆ بڕەخسێنن بۆ ئەوەی پەرە بە بەهرەکانی خۆیان بدەن.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو یاریزانێك؟**

-خەونی من ئەوەیە خەڵکانی دیکەش وەك خۆم فێری ئەو هونەرە بکەم.

*** بە بروسلی کوردی ناوت دەبەن بەم نازناوە دڵخۆشیت؟**

- بەڕاستی حەزم لێی نییە لە بەر ئەوەی بروسلی کەسێکە و منیش کەسێکی دیکەم، نامەوێت لاسایی کەس بکەمەوە، ناڵێم دەتوانم باشتر بم، بەڵام دەمەوێت خۆم بم.

*** لە چوار قوڕنە تا چەند گرنگی بەم یارییە دەدرێت؟**

- لە چوارقوڕنە گرنگیی زۆری بەم یارییە دەدرێت ئەمەش بۆخەڵکەکەی دەگەڕێتەوە کە وەرزشدۆستن.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- لە رووی کۆنفۆ بروسلی و لە ڕووی بۆکسێنەوە محەمەد عەلی کلای، لە ڕووی UFCوە حەبیب.

***گرێبەستت پێشکەش کراوە لە یانەکانی دیکە؟**

- نەخێر، چونکە لەم یارییەدا تازە دەرکەوتووم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، بۆ خزمەتی وەرزشکارانی ناوخۆ لە شارەکانی کوردستان بە بەردەوامی، سوپاسی ڕاهێنەرەکەم و خانەوادەکەم دەکەم بۆ ئەو پشتگیرییە بەردەوامە، بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بە تواناکانی خۆم بدەم.

# دی ماریا نهێنییەکانی پاریس ئاشکرا دەکات

ئەنخێل دی ماریا، ئەستێرەی ئەرژەنتینی یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی ئاشکرای کرد، یانەی پاریس بەنیازە ماوریسیۆ پۆچێتینۆی راهێنەری ئەرژەنتینی لە پۆستەکەی دووربخاتەوە، ئەوەش دوای ئەوەی وەرزی رابردوو نەیتوانی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەدەستبهێنێت.

دی ماریا دوای تەواوبوونی گرێبەستەکەی بە فەرمی ریزەکانی یانەی پاریس سانت جێرمانی جێهێشت، ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی هەنگاوێکی نوێ لە نێو ئەورووپادا بنێت پێش ئەوەی بگەڕێتەوە ئەرژەنتین.

دی ماریا لە لێدوانێکی نوێدا، گوتی: جگە لە من یاریزانی دیکەش هەن، کە بەدڵنیاییەوە لە پاریس دەڕۆن ئەوە ئاسانترین رێگا بوو، چونکە ناچارنەبوون گرێبەستەکەم نوێ بکەنەوە.

ئەستێرەی ئەرژەنتینی ئاماژەی بەوەشکرد لە ئاهەنگێکی زۆر تایبەتدا رۆیشتم، شەوێکی لەبیرنەکراو بوو، یاریزانی ئەرژەنتینی لە وڵاتێکی دیکەدا بەو شێوەیە ماڵئاواییان لێناکرێت، وەک ئەوەی هاندەرانی پاریس سانت جێرمان ماڵئاواییان لێکردم.

ئاماژەی بەوەشکرد پێدەچێت ئەوانیش بیانەوێت راهێنەرەکە جێبهێڵن، گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە روودەدات، بەڵام پێموایە مێسی ئەوە دەزانێت، ئەوەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی وەرزی داهاتوو زۆر باشتربێت، چونکە لەوە تێگەیشت کە لە یانەکەدا چی روودەدات.

یاریزانی ئەرژەنتینی جەختی لەوەش کردەوە، کە لە وەرزی نوێدا، میسی زۆر باش دەستپێدەکات، چونکە لە کۆتاییدا گۆڵی تۆمارکرد و ئاسیستی کرد، هەست بە ئاسوودەیی دەکات و لە کۆتاییدا زیاتر و زیاتر خۆی دەگونجێنێت.

# بەرشلۆنە لە پێکانی ئامانجەکەی نزیکە

رافینیای بەرازیلی ئەستێرەی لیدز یونایتد لە پێناو خەونی پۆشینی درێسی بەرشلۆنە، لیڤەرپوول رەتدەکاتەوە.

رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی بڵاویکردەوە، رافینیای بەرازیلی، ئەستێرەی یانەی لیدز یونایتد، پێشنیاری لیڤەرپوولی رەتکردووە و سوورە لەسەر پەیوەندیکردنی بە یانەی بەرشلۆنە.

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە لیڤەرپوول چووەتە کێبڕکێی گواستنەوەی رافینیا دوای ئەوەی یورگن کلۆپی ئەڵمانی گرنگییەکی زۆری بۆ بەدەستهێنانی رافینیا نیشانداوە، بەڵام رۆژنامەکە ئاماژەی بەوە کردووە، کە رافینیا بە لیڤەرپوولی گوتووە نەخێر، چونکە خوازیاری پۆشینی درێسی بەرشلۆنەیە لە وەرزی نوێدا.

بەرشلۆنە بەنیازە دانوستانەکانی لەگەڵ کارگێری لیدز یونایتد چڕتر بکاتەوە بۆ ئەوەی پێشوەختە گرێبەستەکە یەکلایی بکاتەوە، ئەوەش دوای ئەوەی پێشتر بەرشلۆنە لەگەڵ خودی یاریزانەکە گەیشتووەتە رێککەوتن لەسەر مەرجەکانی گرێبەستەکە.

گرێبەستی رافینیا لەگەڵ لیدز یونایتد لە هاوینی ٢٠٢٤ تەواو دەبێت، کە ئەم یاریزانە لە وەرزی رابردوودا بەشداری لە ٣٦ یاریدا کردووە و ١١ گۆڵی تۆمارکردووە و ٣ گۆڵیشی دروست کردووە.



# سەرۆکی بایرن میونیخ دوا بڕیاری یانەکەی دەربارەی لیڤاندۆڤسکی ئاشکراکرد

هێربێرت هاینەر، سەرۆکی یانەی بایرن میونیخ، سووربوونی خۆی لەسەر مانەوەی رۆبێرت لیڤاندۆڤسکی هێرشبەری پۆڵەندی، لە ریزەکانی یانە دووپاتکردەوە و گوتی: لیڤاندۆڤسکی تا کۆتایی گرێبەستەکەی لە هاوینی ٢٠٢٣ لە بایرن دەمێنێتەوە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو یاریزانە ئارەزووی رۆیشتنی لە هاوینی ئەمساڵدا هەیە، هەروەها هەواڵی رێککەوتنی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە لە میدیاکاندا زۆر بڵاوبووەتەوە.

هاینەر گوتی:کەمێک سەرم سوڕماوە، کە رۆبێرت ئەم رێگەیەی هەڵبژاردووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێمە، ئەگەر لە شوێنی ئەو بوومایە، ئەوەم نەدەکرد.

ئاماژەی بەوەشکرد، ماوەیەکی زۆر لە بایرن بووە، چەندین نازناوی بەدەستهێناوە، دووجار بووەتە باشترین یاریزانی جیهان، هەمیشە گوتوومانە لیڤاندۆڤسکی تا ٣٠ـی حوزەیرانی ٢٠٢٣ گرێبەستی لەگەڵ یانەکەمان هەیە، گرێبەست گرێبەستە.

سەرۆکی یانەکە ئەوەشی خستەڕوو:ئەگەر یاریزانەکە توانی گرێبەستەکەی هەڵبوەشێنێتەوە، لەکاتێکدا ئێمە وەک یانەیەک دەبێت تا دوارۆژ مووچەکەی بدەین، ئەمە نادادپەروەرییە، شتەکان ناتوانن بەم شێوەیە بەڕێوەبچن، یاریزانەکە و بەڕێوەبەری کارەکانی دەزانن پیشەگەرێتی لە تۆپی پێدا چۆنە؟.

لە درێژەی قسەکانیدا هاینەر گوتی: لیڤاندۆڤسکی زۆر باش باروودۆخی بایرن دەزانێت، ئێمە یانەیەکین، کە زۆر بە باشی مامەڵە لەگەڵ یاریزانەکانمان دەکەین، هەروەها هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ ئەوەی لە یاریگەدا ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و پێزانینی ئەو بۆ ئێمە، ناتوانێت وەک کەسێک بێت، کە یەک رۆژی لێرە بەسەربردووە.

سەبارەت بە ئەگەری تووڕەبوونی لیڤاندۆڤسکی بەهۆی ناچارکردنی بە مانەوە، هاینەر گوتی: نیگەران نیم لەو بارەیەوە، رۆبێرت کەسێکی تەواو پیشەگەرە، ئەو دەیەوێت یاری تۆپی پێ بکات.

لە کۆتاییدا سەرۆکی بایرن میونیخ دووپاتیکردەوە:خۆشبەختانە پێویستمان بە پارە نییە، دەمانەوێت باشترین یاریزانمان هەبێت، رۆبێرتیش یەکێکە لە باشترینەکان، بۆیە زۆر بڕوام بەوە هەیە، کە وەرزی داهاتوو لەگەڵمان یاری دەکات.



# ماراسۆنێک بۆ منداڵانی هەولێر ئەنجام درا

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان، وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی منداڵانی شاری هەولێر، شاری یاریی سمایلاند بۆ گرنگیدانی زیاتر بە وەرزشی منداڵانی ئاستەکانی تەمەن، بە ئامانجی زیاتر بەرەوپێشبردنی وەرزش، بە بەشداریی زیاتر لە ٣٠٠منداڵی کوڕ و کچی هەولێری پایتەخت، بە درێژایی (١کم) ماراسۆنێك بەڕێوە چوو، لە ماراسۆنەکە چەندین کوڕو کچی شاری هەولێر کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوە، لە بارەی ئەنجامدانی ئەم ماراسۆنەش حاجی ئاغا سەرپەرشتیاری ماراسۆنەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامانجمان لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییانە خزمەتکردنی بەردەوامی منداڵانی شاری هەولێرە، ڕۆژی جیهانیی منداڵانیش ڕۆژێکی گرنگە بۆ منداڵانی کوردستان و، ئامانجمان ئەوە بووە لەم ڕۆژەدا منداڵان و خانەوادەکانیان کۆ بکەینەوە و خزمەتیان بکەین، چونکە منداڵانی هەولێر لەم ڕۆژە گرنگە بەشداریی چەندین چالاکیی جۆراوجۆریان کردووە، ئێمەش هەرچی لە توانامانداا بێت بۆ منداڵە چاوگەشەکان کەمتەرخەم نابین و، لە ماوەی داهاتوو بە ئەنجامدانی چەندین چالاکیی جۆراوجۆر بۆ منداڵانی سەرجەم ناوچەکانی کوردستان بەردەوام دەبین». لە کۆتاییشدا بە ئامادەبوونی چەندین بەرپرسی حزبی و حکومی و خانەوادەی بەشداربووان، خەڵات و ڕێزلێنان و دیاری دەبەشکرا بە سەر منداڵان و مامۆستایانی بەشداربوو لە ماراسۆنەکەدا.

ئەنجامی ماراسۆنەکەش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

**ئاستی کچان:**

١-دالیا ڕێبوار

٢- فریشتە ئەیوب

٣-ژیا سۆران

**ئاستی کوڕان:**

١-بلند لاوەند

٢-ڕها ڕەهێل

٣-هێدی کەیفی




# محەمەد عەبدولخالق لە بەغدا داواکراوە

یانەکانی شاری بەغداد لە یاریی باسکەدا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان بتوانن باشترینەکانی کوردستان بۆ یانەکانیان پەلکێش بکەن، محەمەد عەبدولخالق ئەستێرەی شاری هەولێر و کوردستان و عێراق یەکێك لە باشترینەکانی عێراق، کە ئەمساڵ بە پێی گرێبەستێك یاری بۆ یانەی غازی شیمال لە خولی باسکەی عێراقی دەکات، بەڵام بۆ وەرزی داهاتووی خولی نایابی باسکەی عێراقی چەندین گرێبەستی پێشکەش کراوە، لە بارەی دیاریکردنی چارەنووسی وەرزی داهاتووشی (محەمەد عەبدولخالق) یاریزانی باسکەی هەڵبژاردەی عێراق تایبەت بە گۆڤاری گوڵان گوتی: ئەمساڵ خولی باسکەی عێراقی خولێکی بەهێز بوو، یانەکان هەموویان کێبڕکێیان دەکرد لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی خولەکە، من وەکو یاریزانی یانەی نەفتی شیمال ئەوەی لە توانام بووە کەمتەرخەمیم نەکردووە، لە هەر یانەیەك یاری بکەم، دەمەوێ ئەوپەڕی توانای خۆم تەرخان بکەم بۆ یانەکەم»، بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆشیی بۆ وەرزی داهاتوو، محەمەد عەبدولخالق گوتی: «تاکو ئێستا خۆم یەکلانەکردووەتەوە و دەمەوێت بۆ وەرزی نوێ روو لە شاری بەغداد بکەم، لە هەریەك لە یانەکانی دجلە و حەشد گرێبەستم پێشکەش کراوە، بەڵام جارێ ماوە و قسەی کۆتاییم لەسەر چارەنووسی خۆم نەکردووە، ئێستا بەردەوامم لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقی و دەمەوێ بگەڕێمەوە شاری بەغدا، بۆ ئەوەی بتوانم گرێبەست لەگەڵ یانەکەی ئەو شارە مۆربکەم، لە داهاتوو بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆم دەدەکەم بۆ ئەوەی بچمە یەکێك لە یانە باشەکان، تا بتوانم بەردەوام بم لە پێشکەشکردنی ئاستی بەرز و، گرنگی بە تواناکانی خۆم بدەم وەکو یاریزانێکی کورد و یاریزانی شاری هەولێر، بۆ ئەوەی یەکێك بم لە ئەستێرەکانی خولی باسکەی عێراقی شان بە شانی یاریزانە پیشەگەرەکانی خولی عێراقی، ئەوەی لە توانام بێت بۆ خزمەتکردنی یاری باسکەی لە کوردستان و عێراق بەردەوام دەبم و، ئەو یارییە بۆمن یارییەکی چێژ بەخشە و بەهیوای ئەوەم درێژە بەم یارییە بدەم لە داهاتووش.






# ڤیستیڤاڵی وەرزشیی گۆڕەپان و مەیدانی ئاوارەکان بەڕێوە چوو

بە سەرپەرشتیی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و بە هاوکاریی بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وەرزش و دیدەوانیی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە یەکەمین ڤیستیڤاڵی وەرزشیی گۆڕەپان و مەیدان بۆمنداڵانی ئاوارەی کەمپەکانی پەنابەران بەڕێوە چوو، پاڵەوانێتییەکە لە یاریگای شەهید فرانسۆ هەریری بە بەشداریی ٣٢کەمپی شارەکانی کوردستان و زیاتر لە ٣٢٠منداڵی کەمپی پەنابەران ئەنجام درا، لە پاڵەوانێتییەکەدا چەندین کوڕوکچە یاریزان بەشداربوون، لەسەرجەم یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان کێبڕکێ بەهێزیان هەبوو لە نێوان کچ و کوڕی کەمپەکان، بۆ بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوە، لە بارەی ئەنجامدانی ئەو ڤیستیڤاڵەش بێجان ئیبراهیم ئەندامی لیژنەی باڵای ڤیستیڤاڵەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «چالاکییەکی زۆر گرنگ بوو بۆ منداڵانی کەمپەکان و ڕێژەیەکی زۆر بەشدار بوون، کە زیاتر لە ٣٢٠منداڵی کوڕ و کچ بوون، ئاستی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەرز بوو، یاریزانانی بەشداربوو توانییان کێبڕکێی بەهێز بکەن لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، دەستخۆشی لە دەزگای خێرخوازیی بارزانیش دەکەم بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییانە، هیوادارم بەردەوام بن لە چالاکییە جۆراوجۆرە وەرزشییەکان، سوپاسی سەرجەم مامۆستایانی بەشداربووش دەکەین، کە ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە بەڕێوەچوونی یارییەکانی پاڵەوانێتییەکە، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

**ئاستی کچان:**

١-کەمپی ئیسیان
٢-کەمپی بێرسیڤی
٣- کەمپی شێخان

**ئاستی کوڕان:**

١-کەمپی کەنداڵان
٢-کەمپی دەرگار
٣-کەمپی کەبەرتو/٢

# هۆکارەکانی زوو بیرچوونەوە

زوو بیرچوونەوە Forgetfulness حاڵەتێکی باوە، لەوانەیە دوچاری هەر کەسێك بێت، ئەگەرچی حاڵەتیکی گران نییە، بەڵام پێویست بە بەدواداچوون دەکات، بەتایبەتی کە لە رادەبەدەر بوو، یان هاوکات بوو لەگەڵ هەندێك نیشانەی دیکەی وەکو شێوان، لێڵبوونی مێشك Brain fog یان گرفت لە بیرکردنەوەدا، ناڕەحەتیی دەروونی، نەمانی هەستی بۆنکردن کە لەوانەیە نیشانە بن بۆ نەخۆشیی ئەلزهایمەر. هۆکارەکانی زوو بیرچوونەوە: بەساڵاچوون، نەخۆشیی ئەلزهایمەر، سترێس، زەبری کۆن یان نوێ بۆ ناوچەی سەر، زیانی لابەلای دەرمان بەتایبەتی دەرمانی خەوێنەر و دژەخەمۆکی و دەرمانی کۆنترۆڵکردنی پەرکەم، گرفتەکانی خەو، کەمیی سەرنج لە ئەنجامی پەستی یان خەمۆکی، راهاتن لەسەر خواردنەوە ئەلکهولییەکان، گرفتی کەمیی سەرنج ADD، کەمی ڤیتامین B12، سستبوونی گلاندی دەرەقی -Hypothyroidism، بوونی گرێ لە مێشکدا، هەوکردنی پەردەکانی مێشك Meningitis، نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەکو نەخۆشیی شەکرە و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن. هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە زوو بیرچوونەوە: ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، مەشقی تایبەت بە مێشك ئەنجام بدە وەکو شیکارکردنی وشە یەکتربڕەکان، یان ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقی، تێکەڵبوون و هێشتنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گرنگیدان بە خۆراك و خەوێکی دروست، خواردنەوی ئاو، دوورکەوتنەوە لە سەرقاڵکردنی مێشك بە بیری زۆر لە یەك کاتدا.







## کریستال چییە؟

میتئەمفیتامین Methamphetamine یان کریستال مێت Crystal Meth کە بە کریستال ناسراوە، ماددەیەکی هاندەری کۆئەندامی دەماری مەرکەزییە، سرووشتی نییە و لە دەستکردی مرۆڤە، لە کلاسی کۆکائینە Cocaine، ماددەیەکی کیمیایی مەترسیدار و ژەهراوییە، بەرە بەرە لەش تێك دەدات، بەتایبەتی مێشك و دڵ، ئەمە سەرەڕای لەدەستدانی کار و پیشە و خێزان، هەروەها بەکارهێنانی بە نائاسایی دادەنرێت، بە شێوەی پاودەری کریستاڵی سپی دروست دەکرێت، بە رێگەی هەڵکێشان(هەناسە) یان دەرزی، یان تەنانەت بە رێگەی دەم بەکار دەهێنرێت. ئەم دەرمانە هەستێکی خۆشی گەندە و پڕوزەیی پەیدا دەکات و ماددەیەکی بەهێزە بۆ راهاتن هەر لە یەکەم بەکارهێنانەوە. هەروەها کریستال دەبێتە ئەگەری کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، بۆیە هەندێك جار بۆ دابەزاندنی کێشی لەش بە رێنمایی نزیکی دکتۆر بەکاردەهێنرێت. کاریگەریی کریساڵ لە لەشدا بۆ ماوەی ٦-٨ کاتژمێر بەردەوام دەبێت، لەوانەشە بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر بمێنێتەوە، کاریگەرییەکانی دیکەی بەکارهێنانی کریستال: بەرزبوونەوی توندی پلەی گەرمیی لەش کە لەوانەیە ببێتە ئەگەری مردن، پەستی، زوو تووڕەبوون، شێوان، رەفتاری توندوتیژ، هەڵبەزین و دابەزینی مەزاج، تێکچوونی خەو و نەنووستن بۆ ماوەی چەند رۆژێك، یان هەتا بۆ ماوەی یەك هەفتە، گۆڕانێکی بەرچاوی روخسار، وشکبوونی دەم، تێکچوونی ددانەکان، هەلوەسە، دابەزینی کێش، جووڵاندنەوەی خێرای چاوەکان، زیاد قسەکردن.

# ڤیتامین D و
# نەخۆشیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان

ئەمە زانراوە کە ڤیتامین D گرنگە بۆ تەندروستیی باشە و کەمیی ئەم ڤیتامینە دەبێتە هۆی چەند گرفتێکی تەندروستی، بەڵام بەم دواییە لە لێکۆڵینەوەیەکدا هاتووە کە کەمیی ڤیتامین D هۆکارە بۆ تووشبوون بە نەخۆشی لە کۆئەندامی دڵ و سووڕاندا. توێژەرانی زانکۆی باشووری ئوسترالیا جەختیان لەم ئەنجامە زانستییە نوێیە کردووەتەوە. ئاماژە بەمەش کراوە کە کەمیی ڤیتامین D ئەگەری تووشبوون بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و نەخۆشیی دڵ تا دوو هێندە زیاد دەکات، هەروەها پەککەوتنی درێژخایەنی دڵ پەیوەندی بە کەمیی ڤیتامین D یەوە هەیە، بۆنموونە کەمیی ڤیتامین D دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری مردن لە تووشبووان بە پەککەوتنی دڵ. ئەمەش باسکراوە کە ئەو کەسانەی ڕۆژانە بڕی تەواوی ڤیتامین D وەردەگرن، ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان تا ڕێژەی ٤,٤٪ کەم دەبێتەوە، لە پوختەی لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە کە ڤیتامین D ڕۆڵی بەرچاوی هەیە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، بەتایبەتی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و نەخۆشیی دڵ و جەڵتە، هەروەها خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، کە بە دەوری خۆی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان زیاتر دەکات.

# چۆن کەشی گەرم باری دەروونی تێک دەدات؟




لە لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی جیۆرجیای ئەمریکیدا هاتووە کە کەشی گەرم پەیوەندیی بە خراپبوونی باری دەروونییەوە هەیە، لە ڕۆژە گەرمەکاندا گرفتە دەروونییەکان زیاد دەبن، کە لەوانەیە پەیوەندییان بە ئاستی ماددەی سیرۆتۆنین Serotonin لە لەشدا هەبێت، کە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە بۆ ڕێکخستنی مەزاج، خەو، توانای مەعریفی، فێربوون لەگەڵ توانای بیرهاتنەوە. لە لێکۆڵینەوەکەدا باسی ئەمەش کراوە کە کەشی گەرم هۆکارە بۆ گرفتی تەندروستیی دیکەی وەکو: هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، زیادبوونی ئەگەری توندوتیژی Violence نێوان تاکەکان تا ڕێژەی ٤٪-١٠٪، تێکچوونی مەزاج، خەمۆکی، کەمبوونەوەی توانای مەعریفی Cognition، هەروەها گەرما هاندەرە بۆ خەوزڕان، بەتایبەتی کە هاوکات بێت لەگەڵ ئاستی بەرزی شێداریدا، خەوزڕان بە دەوری خۆی کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر مەزاج و توانای مەعریفی، ئاماژە بەمەش کراوە کە ئەو کەسانەی گرفتی دەروونییان هەیە، لە کەشی گەرمدا حاڵەتەکانیان سەختتر دەبێت و زیاتر ڕووبەڕووی خۆربردن و گرفتەکانی دیکەی پەیوەست بە گەرما دەبنەوە، لە لایەکی دیکەوە، ئەو دەرمانانەی کە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە دەروونییەکان بەکاردەهێنرێن، وەك: دەرمانی دژەخەمۆکی و ئارامبەخشەکان، توانای لەش بۆ ڕێکخستنی پلەی گەرمی تێك دەدەن، بەتایبەتی کات و ڕێژەی ئارەقەکردن و زیادبوونی ئەگەری کەمبوونەوەی شلەی لەش De-hydration کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاستی ماددەی کیمیایی پێکهاتەی ئەم دەرمانانە، ئەمەش کاریگەریی نێگەتیڤی بۆ لەش دەبێت.




# شلەمەنییە شیرینکراوەکان کۆلیستیرۆڵ بەرز دەکەنەوە

خواردنەوە شیرینکراوەکان Sweet drinks هەموو ئەو شلەمەنییانە دەگرێتەوە کە شەکری زیادکراو، یان ماددەی شیرینکاری دەستکرد Sweeteners لەخۆ دەگرن، بۆنموونە: سۆدا، خواردنەوە کاربۆکراو، یان گازدارەکانی وەکو بیبسی و کۆلا، سپۆرت درینك، شەربەتی دەستکردی میوە، چای شیرین، قاوەی شیرین...تاد. بە پێی توێژینەوەیەکی کۆمەڵەی ئەمریکیی نەخۆشییەکانی دڵ، خواردنەوەی زیاتر لە ٣٥٥ میللیلیتر رۆژانە لە هەر جۆرێکی شلەمەنییە شیرینکراوەکان، پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵ و چەوریی گلیسریدە سیانییەکان TG کە بە چەوریی ژێر پێست ناسراوە، ئەمەش هۆکارێکی هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك. ئاماژە بەمەش کراوە کە خواردنەوەکانی وەکو سۆدا، سپۆرت درینك، شەربەتی بە چێژی میوە، سەرچاوەی گەورەن بۆ شەکرە زیادکراوەکان Added sugars، لە لایەکی دیکەوە، توێژەرانی زانکۆی بۆستنی ئەمریکی جەختیان کردووەتەوە کە کەمکردنەوەی،یان دوورکەوتنەوە لە خواردنەوەی ئەم جۆرە شلەمەنییانە، یەکێکە لە هەنگاوە دروست و کاریگەرەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاستی کۆلیستیرۆڵ و چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا و، خۆپاراستنە لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، هەروەها توێژەرەکان ئاو بە باشترین خواردنەوەی تەندروست هەژمار دەکەن.

# نیشانە زووەکانی نەخۆشیی شەکرە



شەکرە Diabetes نەخۆشییەکی درێژخایەنە و پەیوەستە بە ئاستی بەرزی نائاسایی شەکری گلوکۆز لە خوێندا، لە ئەنجامی کەمیی هۆرمۆنی ئینسولین Insulin یان نەبوونی توانای لەش بۆ بەکارهێنانی دروست و سوود وەرگرتن لە ئینسولین. فاکتەرە هاندەرەکانی تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە: کێشی زیاد و قەڵەوی، تەمەڵی و کەمیی جووڵە، بوونی مەیلی بۆماوەیی، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، جگەرەکێشان، فرەکیسیی هێلکەدان PCOS، تەمەن. نیشانە زووەکانی نەخۆشیی شەکرە جۆری یەکەم یان دووەم: زیاد میزکردن، زیاد تینووبوون، کەمبوونەوەی کێشی لەش، زوو برسیبوون، هەستکردن بە ماندووبوون، گرفت لە پێستدا بە شێوەی خورشت، یان هەوکردن بە بەکتریا، دواکەوتنی چاکبوونەوەی برین، هەوکردن بە کەڕوو Yeast لە بەشی جیاوازی لەشدا، بۆنموونە لە کەلێنی پەنجەکانی دەست وپێدا، هەستکردن بە تەزین، یان سڕبوون لە پێیەکان، یان پەنجەی پێیەکاندا. نیشانەکانی دیکەی نەخۆشیی شەکرەی جۆری یەکەم یان دووەم کە پەیوەستن بە بەردەوام بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن و دەردانی شەکر لەگەڵ میزدا، بریتین لە: زیادبوونی ئەگەری زوو تووشبوون بە هەوکردنی جیاواز لە لەشدا، هێڵنج یان رشانەوە، لێڵبوونی بینین، کەمبوونەوەی شلەی لەش، وشکبوونی دەم.



# ئامێرێک بۆ کەمکردنەوەی ژان و ئازاری جیوب

ئازاری جیوب واتە بۆشەڵەکانی دەوری لووت کە بریتین لە چوار جووتە بۆشایی و بە هەوا پڕبوونەتەوەو دەوری لووت دەدەن، بە زۆر هۆکارەوە تووشی وەرەم دەبن و ئازاریان هەیە. زۆرجار ئازارەکان بە جۆرێکە کە پەنا بۆ نەشتەرگەریش دەبرێت.

حەب و دەرمانی تایبەت بە ئازاری جیوب هەیە، تەکنەلۆژیای نوێش ڕێگا چارەی خۆی هەیە، یەکێك لەوانە بەکارهێنانی ئامێری جۆری ClearUPە. ئەم ئامێرە بەهۆی لەرینەوە و دروستکردنی شەپۆلی مایکرۆ ئازارەکە کەم دەکاتەوە. ئامێرەکە لەلایەن تەندروستی جیهانییەوە بەئامێرێکی باش ناسراوە و ڕێی پێدراوە.

ئامێری ناوبراو ئازار کەم دەکاتەوە بە سروشتی و بەبێ بەکارهێنانی دەرمان. چارەسەری لە ٥ خولەکەوە هەتا شەش کاتژمێریش دەخایەنێ. شەحن دەکرێتەوە و جارێکی دیکەش بەکار دێتەوە. لە ڕۆژدا ئەگەر چوار جار بەکاری بهێنێ وزەکەی بەشی هەفتەیەك هەتا دوو هەفتە دەکات. زۆربەی ئەوانەی ئامێرەکەیان بەکارهێناوە لێی ڕازین.

## داتاشۆی زیرەک ب

لەم سەردەمەدا فۆرماتی 8K گەورەترین کوالیتی بەرزی نیشاندانە. کۆمپانیای لینۆڤۆ داتاشۆی زیرەکی جۆری Yoga 7000ی بەرهەمهێناوە کە بە کوالیتی 8K فیلم بڵاودەکاتەوە. لینۆڤۆ ڕادەگەیەنێ داتاشۆیەکەیان بۆیە بەرهەم هێناوە گۆڕانکاری زۆر لە جیهانی داتاشۆیەدا پێکبێنێ. داتاشۆیەکە لە ئەلۆمینۆمی پلەیەك دروستکراوە. پرۆژکتەری زیرەکی yoga 7000 لە زۆمی ئیپتیکال سوود وەردەگرێ بەو مانایە کە هەرچەند گەورەی بکەیەوە کێشەی بۆ نیشاندان نایەتە پێش.

لە بواری دەنگدا لە سیستەمی دەنگی سینەمایی

## کامێراوانێکی پی

مۆبایلە زیرەکە پێشکەوتووەکان کامێرای زۆر بەهێزیان هەیە، جگە لەوەش کامێرای بەهێزی تایبەتی پیشەیی هەن دەتوانن جوانترین وێنە بە بەرزترین کوالیتی بگرن. بەڵام کامێراوانی پیشەییتان بیستووە، یان بەبێ ئەوەی مرۆڤ کامێرا بەکار بێنێت، ئامێرێك ئەرکی گرتنی وێنە ئەنجام بدات. بەڵێ ئامێری یا ستاندی Pivo Pod Red بۆ گرتنی وێنە بۆخۆی ستودیۆیەکە. ئەو لەگەڵ دیمەنەکان ڕێکدەخرێت، بۆ نموونە ئەگەر دیمەنەکە شتێکی گیاندار بێت، بۆ هەرلایەك شتە گیاندارەکە وەك مرۆ یان



## ـــــــــۆ نیشاندانی 8K



VIFA سوود وەردەگرێ. داتاشۆیەکە دوو بڵندگۆی سەربەخۆی دە واتی هەیە. دەکرێت وەك بڵندگۆی بلوتۆسیش سوودی لێوەربگیرێ. لەگەڵ ئەوەشدا داتاشۆی ناوبراو لە سیستەمی وردبوونەوەی زیرەك، فۆکسی لەیزەری خۆکار، خۆپارێزی لە لەمپەرەکان، رێکخستنی شاشە...تاد. سوود وەردەگرێ.



## پرینتەری لەیزەر پۆرتێبڵ

پرینتەری لەیزەری تایبەت بە هەڵکۆڵین لەسەر دار، بەرد، ئاسن، قایش..تاد لەم سەردەدا گرنگی خۆی هەیە. پرینتەرە لەیزەرییەکان تایبەت بە هەڵکۆڵین قەبارەیان گەورەیە و هەڵگرتنیان ئاسان نییە، بەڵام پرینتەری لەیزەری جۆری LaserPecker Pro هەم بچووکەو هەم ئەو ئەرکانەی پرینتەرێکی هەڵکۆڵینی لەیزەری ئەنجامی دەدا، ئەویش دەتوانێت بیکات.

پرینتەرەکە، لەسەر تەختە، پارچە، دار، چەرم، قوماش و تەنانەت لەسەر میوەش هەڵدەکۆڵێت. پرینتەرەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و بەهۆی ئاپێکی تایبەت بەخۆی، هەر دیمەنێك لەسەر ئاپەکە بێت دەتواندرێ بەرێ بکرێ بۆ هەڵکۆڵین. پرینتەرەکە لە فۆرماتەکانی JPG-BMP-PNG پشتیوانی دەکات. دەکرێت زیاتر لە دە هەزار جار کاری هەڵکۆڵینی پێبکرێت، پرینتەرەکە شەحن دەبێتەوە. خاوەنی لەیزەری شینی وەنەوشی ٤٠٥ نانۆمەترییە.



## ـــــــــشەیی زیرەک

گیانداری دیکە بجولێت، ئامێرەکە خۆی بۆ لای ئەوێ دەسوورێنێت. ستاندەکە بۆ هەموو جۆرە مۆبایلێك و هەموو جۆرە سیستەمێك دەگونجێت.

ئەگەر پەیوەندی ڤیدیۆیی واتە لایڤ یا پەخشێکی راستەوخۆ لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبکەیەوە، ستاندەکە زۆر گونجاوە. لەگەڵ زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگونجێت. بەپێی ویستی بەکارهێنەر، وێنەی پیشەیی یا وێنەی پانۆرامایی دەگرێت.



# لاپتۆپی حەوت شاشە

رەنگە قەت بەزەینیشتاندا نەهاتبێت لاپتۆپێك بەرهەم بێت حەوت شاشەی هەبێ! بەڵێ لاپتۆپی حەوت شاشە.

کۆمپانیای Expanscape لاپتۆپێکی نوێی بەرهەمهێناوە کە حەوت شاشەی هەیە. لاپتۆپەکە بە جۆری Aurora 7 ناسراوە. رەنگە زۆرتان پێشووتر لاپتۆپی جۆری Valerie دیبێ کە خاوەنی سێ شاشەی ١٧ ئینجی بوو. بەڵام لاپتۆپی ٧ شاشە شتێکی دیکەیە.

لاپتۆپەکە پێکهاتووە لە چوار مۆنتیۆری ١٧,٣ ئینجی کە دوو دانەیان بەشێوەی ئاسۆیین و دووشیان بەشێوەی ستوونی. هەروەها سێ شاشەی ٧ ئینجی بە کوالیتی فوول ئیچ دی. گشت ئەو شاشانە بەشێکن لە لاپتۆپەکە و بە کێبڵ بە لاپتۆپەکە پەیوەند نەدراون. سەرەڕای ئەو حەوت شاشەیە، شاشەیەکی بچووکیش هەیە کە ئەرکی چاودێری بەسەر پارچەکانی لاپتۆپەکەی دا هەیە.

کارکردی گرنگی لاپتۆپەکە بەرای کۆمپانیای بەرهەمهێن زیاتر بۆ بواری ئەمنییەتی، بەرهەمهێنان و ئەندازیارییە. لە بواری سەختە ئامرازیشەوە لاپتۆپەکە گرنگیی خۆی هەیە لاپتۆپەکە CPUی جۆری core i9ی لەسەرە و ٦٤ گیگابایت رامەکەیەتی. دوو میمۆری کارتی SSd دەخوێنێتەوە هەروەها هاردێکی ٢ ترابایتی لەسەرە. لاپتۆپەکە مایکرۆ کۆنترۆڵی لە جۆری Arduino لەسەر دانراوە کە تا ئێستا ئەم مایکرۆیە لەسەر هاوشێوەکانی خۆی نییە.

رەنگە پرسیارێك بێتە پێش لاپتۆپێکی وا بەهێز بەو حەوت شاشەوە وزەی پێویستی لە کوێ بەدەست دێنێ؟ لاپتۆپەکە باترییەکی ٨٢ واتی تێدایە کە وزەی پێویست دابین دەکات. باترییەکی دیکەی ١٤٨ واتی تێدایە کە وزەی پێویست بۆ شاشەکان دابین دەکات. لەگەڵ ئەوەیدا دوو باتری بەهێزی تێدایە بەڵام وزەی تەنیا بایی دوو کاتژمێر و نیو دەکات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئایا پرۆگرامەکان لە بەشی Programs and Features بەتەواوی دەسڕدرێنەوە؟ بە چ شێوازێکی دیکەش پرۆگرام بەتەواوی دەسڕدرێنەوە.**

خوێنەری بەڕێز زۆر شێواز هەن بۆ سڕینەوەی پرۆگرامێك بە تەواوی. رەنگە ئاسانترین شێوە بۆ سڕینەوەی پرۆگرامێك ئەوە بێ دوگمەی start دابگرە و پاشان ئەو پرۆگرامەی نیازتە بیسڕیەوە کلیکلی لای راستی لەسەر بکە و دواتر فەرمانی Uninstall دابگرە. شێوازێکی دیکە ئەوەیە کە لە رێگای Settingsی ویندۆزە ئەم کارە دەکرێ، پاشکردنەوەی ئەو بەشە Apps & features هەڵبژێرە و دواتر ئەو پرۆگرامەی مەبەستە کلیك بکە و Uninstall دابگرە. بەڵام باشترین شێوە ئەوەیە پرۆگرامی Revo Uninstaller دابەزێنی بەم پرۆگرامە هەموو شتێك بەتەواوی دەسڕدرێتەوە.

# مۆبایلێک
# بە دیزانێکی سەرنج راکێش

گشت مۆبایلەکان لە دیزایندا وەك یەك دەچن، واتە هەموویان ئەندازەیەکی لاکێشەییان هەیە، جار هەیە هەندێك لە کۆمپانیاکان مۆبایلێکی ناوازە بە ستایلێکی جیا بەرهەم دێنن، بۆ نموونە مۆبایلی جۆری Cyrcle Phone کە شێوازەکەی هێلکەییە. رێك وەك ئاوێنەیەکی کلاسیك دەچێت. مۆبایلی ئاماژە پێکراو سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە. دوو سیم کارت دەخوێنێتەوە. کامێراکەی ١٣ میگاپیسکلە. یەکەم مۆبایلیشە سیستەمی گەرمی پێوی لەگەڵ دابێت. یەکەم مۆبایلە سیستەمی freeform تێدایە، واتە دەکرێت بە ویستی خۆت سایزی ئایکۆنەکانی بچووك و گەورە بکەی. جگە لەوەی کە ستایلی مۆبایلەکە جیاوازە، هیچ جیاوازییەکی دیکەی لەگەڵ مۆبایلەکانی دیکەدا نییە. باترییەکەی شێوەی ئاسایی هەیە و لاکێشەییە و هەتا ٢٤ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت.





# کیبۆردێک هاوشێوەی ئامێری کلاسیکی تایب

ئامێری تایبعە کلاسیکیەکان هێشتاش وەك ئامێرێکی نوستالۆژی لە زەینی نەوەی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ماوە. لەبەر دەرگای دادگاکان و لە بەردەم دادنووسەکان و زۆر شوێنی دیکە ئەو ئامێرانە دەبینـدران.

بۆ بیرخستنەوەی ئامێری تایبعە (Typewriter) کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نویێ، کیبۆردێکی هاوچەشنی تایبعە بەناوی (RYMEK Typewriter Style) بەرهەم هێناوە. دوگمەی کیبۆردەکە ستایلێکی ناوازەیان هەیە لە زینی ئەسب دەچن. کاتێك تایبێست بەکاری دێنیێ وەك ئەوە وایە ئامێرێکی کۆنی تایبعە بەکار بێنیێ. هەر ئەرکێك بە کیبۆردێکی ئاسایی ئەنجام بدرێت بەو کیبۆردە کلاسیکییە ئەنجام دەدرێت. لە رێگای سیستەمی بلوتوسەوە لەگەڵ ئامێرەکانی دیکەی وەك تەبلێت، لاپتۆپ و مۆبایلی هەیە. شوێنی دانانی ئەو ئامێرانەش لەسەرەوە هەیە. دوگمەکانی رووناکیان لە ژێرەوەیە هەیە و کە بە پێنج رەنگ دەگۆڕدرێن.




## لە پێستی مرۆڤ کەلوپەل دروست دەکەن

مرۆ دەست بۆ بەدەستهێنانی سەرمایە دەست بۆ هەموو بەهایەك دەبا! پێست و مووی گیانلەبەران بۆ دروستکردنی کەلوپەلی وەك جانتا، جلوبەرگی ژنانە و پێڵاو و قایش...تاد کەم بوو! ئەمجارە پێستی مرۆڤیشی هاتە سەر! بەڵێ دروستکردنی کەلوپەل بە پێستی مرۆڤ! ماڵپەڕی hu-manleather.co.uk بەریتانی تایبەتە بەو بەرهەمانەی لە پێستی مرۆڤ دروستکراون. کۆمپانیاکە تەواو یاساییە و بەپێی رای کۆمپانیایەکە ئەو کەسانە بەر لە مردن ئەندامانی خۆیان بە کۆمپانیا جا بە پارە بێ یا بە خۆڕایی بەخشیوە. وەك لەماڵپەڕەکەدا هاتووە پێستی پشت و زگ باشترین پێستە بۆ بەرهەمەکانی وەك، قایشی پانتۆر، پێڵاو و جزدانی پارە..

# پرۆگرامێک بۆ دانانی کتێبخانەی ئەلکترۆنی

لە جیهانی ئەم سەردەمەدا هەموو شتێك گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەتایبەتی دونیای خوێندنەوە و نووسین. رەنگە داهاتووی خوێندن و نووسینیش ببێتە دیجیتالی و خوێندنەوە لەسەر کاغەز نەمێنێت.

پرۆگرام گەلێکی زۆر بۆ خوێندنەوەی کتێبە دیجیتالییەکان بەرهەمهاتوون، هەروەها بۆ دروستکردنی کتێبخانەیەکی دیجیتالی. یەکێك لەو پرۆگرامە گرنگانە **Alfa eBooks Manager**ە. پرۆگرامێکی زۆر گرنگ بۆ کتێبخانە و ئەوانەی کتێبێکی زۆریان لەسەر مۆبایلەکەیان هەیە. کتێبەکان لە پرۆگرامەکەدا وەك جیهانی واقیعی وان و دەکرێت هەروەك کتێبێکی ئاسایی لاپەڕەکان هەڵبدەیەوە. دانان و ریزکردنی کتێبەکان بە ویستی بەکارهێنەر، نیشاندانی وێنە و زانیاری سەرەتای کتێبەکان. توانای وەرگرتنی زانیاری لە ماڵپەڕی کتێبخانەکان. توانای سکانکردنی کتێب و نیشاندانی کتێبەکان بەشێوەی سێ دەوری. گوێدان بە کتێبە دەنگییەکان و دەیان خزمەتگوزاری دیکە بەشێکن لەتایبەتمەندی پرۆگرامی ناوبراو.



# جلی سپی بۆ کەشی گەرما

وەکو دەگوترێت، ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش، بەڵام لێرەدا ئەو پەندە ناگونجێت، بەڵکو جلی سپی بۆ ڕۆژی گەرما گونجاوە، بەهۆی ئەوەی جلی سپی ڕەنگدانەوەی گەرمایە و ناهێڵێت پلەی گەرمیی جەستە بەرز ببێتەوە، بەمەش هەستێکی خۆش بە خانمان دەدات کاتێك لە کەشی گەرمادا جلی سپی دەپۆشن، جگە لە جوانییەکەی و هەروەها گونجاندنی لەگەڵ هەموو ڕەنگێکی دیکەی جلوبەرگ و کەرەستە و پێڵاوەکان، جلی سپی مۆدێکی ناسکە، جلی سپی بە هەموو جۆرەکانیەوە سەرنجڕاکێشە، کراسی درێژ بۆ بۆنە و یادەکان، کراسی کورت لەگەڵ جینز و پانتۆڵ و تەنوورە بۆ دەرچوون و گەشت، بەدی و تیشێرتی سپی بۆ سەردانی و گەڕان، پانتۆڵ و تەنوورەی سپی، مۆدێکی نایاب بۆ بازاڕکردن و ئاهەنگەکان، هەروەها پێڵاوی سپی لەگەڵ زۆربەی جلەکاندا دەگونجێت، ئەگەرچی جلەکەت تەسکیش بێت، بەڵام کە لە ڕەنگی سپی بوو، نابێتە هۆکاری گەرما بوون و ئارەقەکردنت، بۆیە تا دەتوانی لەو وەرزەدا جلوبەرگی سپی بپۆشە، ئەگەرچی زوو پیس دەبێت، بەڵام شووشتن و وشکردنەوەشی کاتێکی کەمی پێویستە، گرنگە جلی فراوان لەو وەرزەدا بپۆشیت بەهۆی ئەوەی ڕەنگێکی سەرنجڕاکێشە و نایابە.








# خشڵ و ئێکسسوارەکان لە شێوەی گوڵەگەنم

خشڵ و ئێکسسوارەکانی جوانکاری، هەر یەکە بە جۆرێکن، کە شایەنی گرنگیدان و جوانکردنی سەر و سیما و دەست و مەچەکن، خشڵەکانی ئەم سەردەمە پێویستە لەو پەڕی ناسکی و ڕازاوەییدا بن، بە تایبەت ئەوانەی لە ڕەنگێکی باون، هەروەها گوزارشت لە کەشوهەوا و بابەتێکی سەردەم دەکەن، ئێستا وەرزی پووشپەڕ و جۆزەردانە، لەم ماوەیەدا دەغڵودان دروێنە دەکرێت، بەرهەمەکان زیاد دەبن، پسپۆڕانی جوانکاری پێیان وایە پێویستە لە کەرەستە و خشڵەکانی جوانکاریدا ڕەنگدانەوەی ئەو کاتە هەبێت کە خشڵەکە لەبەر دەکرێت و وەرزی بێت. لە دواترین مۆدەکانی خشڵەکاندا شێوەی گوڵەگەنمە لەسەر نەخشی ئێکسسوارەکان، یەکێك لەو مارکانەی کە ئەو کارەی کردووە، بریتییە لە مارکەی شۆمێ Chaumet کە ئەنگوستیلەکانی سەر بە نەخشی گەنمی بۆ خانمان ئامادە کردووە، کە ناسك و ڕازاوەیە، مارکەی تیڤانی ئەند کۆ Tiffany&Co کۆمەڵێك ملوانکەی شێوەی خواروخێچ لە شێوەی گەڵای گەنمی ئامادە کردووە، مۆدێکی ڕازاوەیە بۆ کاتی بۆنە و یادەکان، مارکەی لازوردی Lazurde گوارەی لە شێوەی گوڵەگەنمی بۆ دەرچوون و گەشت ئامادە کردووە.






# چۆن لە سۆشیال میدیادا ڕۆڵت دەبێت



وەك هەر خانمێکی ماڵ، یان هەر تاکێکی ئاسایی با جێگەت لە نێو سۆشیال میدیا دیار بێت، بەوپێیەی لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت مامەڵە دەکەیت، کە کەسانی وەك هاوڕێ و سەر کار و خزم و دەوروبەرن، دەتوانیت لە چەند ئاپێکەوە ڕۆڵی خۆت و کارەکانت دیاری بکەیت و بڵاوی بکەیتەوە، یان ئەو بیرۆکانەی کە پێویستە دابنرێن و بە خەڵکی بگەیەنیت، سەرەڕای ئەوەی دەتوانیت وێنە و یادگاریی ڕۆژانەت تۆمار بکەیت و بە کەسانی نزیکتی بگەیەنیت. سۆشیاڵ میدیا گرنگییەکی زۆری لە ژیاندا هەیە، هەوڵ بدە چەند هاوڕێیەکی نزیکت هەبێت، کە جێگەی متمانە بن لە هەردوو ڕەگەز، ڕۆژانە چەند کاتژمێرێك تەرخان بکە، بە قسەکردن و شت ناردنی جوان و یادگاری و وێنەکان بگۆڕنەوە، ڕەنگە تووشی کێشە و گرفتیش ببیتەوە، بەڵام پێویستە پەیڕەوی ئەتەکێت و ڕێنماییەکانی نێو تۆڕەکان بکەیت، سەرەتا پێویستە هێمن و قسەخۆش بیت، نابێ ڕق و کینە و جوێندانت پێوە دیار بێت، لە کۆمێنێت شتی بێ مانا و قسەی گاڵتەجاڕی مەکە، کەسێکی سادە بە کە گوزارشت لە کەسایەتیی خۆت بکات بێ ئەوەی نواندن بکەیت، چونکە سۆشیال میدیا وەك کتێبێکی کراوەیە، هەموو کات بەردەستە و خەڵك دەیبینێت، بۆیە ئاگادار بە کەسێکی سادە بە و قسە و کۆمێنت و پۆستەکانت گوزارشت لە بابەتی جوان و کراوە و کەسێکی ڕۆشنبیر بکات.



# وەزیری دەرەوە گیتار دەژەنێت




کەسایەتییە ناوداری سیاسییەکانی جیهان، جگە لەوەی کاری سیاسیەت دەکەن و ڕۆژانە سەرقاڵی جیهانن و، لە ژیانی ڕۆژانەدا کەسانی ئاسایی و سادەن و چەندین بەهرەی جۆراوجۆریان هەیە، دوای ئەوەی ئەنتۆنی بلیکن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وەك میوانێك لە بەرنامەی لەیت شۆی کەناڵی سی بی ئێسی ئەمریکی و لەلایەن پێشکەشکاری ناوداری ئەمریکی ستیڤن کۆڵبێرت پێشکەش دەکرێت، بلیکنی دوای چەندین گفتوگۆی سادە و پڕ لە پێکەنین کە خۆی لە زۆربەی وتارەکانیدا کەسێکی توڕە و توند دیارە، بەڵام لەو بەرنامەیەدا تەواو پێچەوانەی وتارە سیاسیەکانی بوو، جگە لەوەش لە کۆتایی بەرنامەدا خۆی لە تیمی میوزیکی بەرنامەکەدا نزیك کردەوە و گیتارێکی گرتە دەست، چەند پارچە میوزێکی بە بەهرەی خۆی لە گیتار ژەنیندا پێشکەشی میوانان کرد، وەزیری دەرەوە هەر لە بەرنامەکەدا ئاماژەی بەوەدا کە شەڕی ئۆکرانیا ڕەنگە سەرقاڵمان بکات، بەڵام هەستەکانمان ناکوژێت.

## گیراوەی لیمۆ و خوێ بۆ چارەسەری کۆرۆنا و تای بەهێز


کۆریای باکوور، جگە لەوەی وڵاتێکی دوورەپەرێزە، هەروەها یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە دواوەی جیهانەوە هەنگاو دەنێن، تەنانەت لە تووشبوون بە کۆرۆنا، بەم دواییە ئەو پەتایە لەو وڵاتەدا بڵاوبۆتەوە و خەڵکێکی زۆر تووشبوون، خەڵکی کۆریای باکوور کە ژمارەیان (٢٥) ملیۆن کەسە بە سەرۆکایەتی کیم جۆن ئۆنی کوڕ، بە سیستمێکی دیکتاتۆری توند ژیان دەگوزەرێنن، تەنانەت بەم دواییە دەردێکی دیکە ئەو وڵاتەی گیرۆدە کردووە ئەویش تای بەهێزە، پسپۆڕانی ئەو وڵاتە گیراوەیەکیان ئامادە کردووە کە بە بڕوای خۆیان چارەسەری کۆرۆنا و تای بەهێزەکە دەکات، گیراوەکەش بریتییە (لە ئاو و لیمۆ و خوێ تێکەڵ بکە و بە نەخۆشەکانی بدە) بەهۆی ئەوەی خەڵکی ئەو وڵاتە ئاگاداری جیهان نین، تەنانەت زانیارییان لە بارەی چۆنێتیی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا و نەخۆشییە هاوتاکانی نییە، بۆیە لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەو وڵاتەدا ڕێنمایی دوورکەوتنەوە بە خەڵك دەگوترێت و، هەروەها خواردنەوەی ئاو و لیمۆ و خوێ، بە چارەسەر بۆ نەخۆشییەکانی کۆرۆنا و تای بەهێزیان دانراوە.











# نمایشی جلوبەرگی هاوینە لە کوردستان بەڕێوە چوو

لە سەردەمی کۆرۆنادا نمایشی جلوبەرگ تا ماوەیەك وەستێندرا، دواتر بە شێوەیەکی کز لە شارە بەناوبانگەکانی جیهانی مۆدە وەك: میلانۆی ئیتاڵیا، پاریسی فەڕەنسا، پراگی چیك، دەستیان بە کاری نمایشی جلوبەرگ کردەوە، لە ئێستادا نمایشکاریی جلوبەرگ لە وڵاتانی جیهان بەردەوامە، لە کوردستانیش ساڵانە یان بەپێی وەرز و هەڵکەوتە لە مۆڵە گەورەکانی کوردستان نمایشی جلوبەرگی ساڵ دەکرێتەوە، دواجار لە شاری سلێمانی و لە فامڵی مۆڵ نمایشێکی کۆلێکشنی هاوینەی براندەکانی (ماکس فاشین و سەنتەر پۆینیت)، کرایەوە، نمایشەکە تایبەت بوو بە جلی هاوینە، کە بە بەشداریی (١٢) کچ و کوڕ جلوبەرگە ناسك و کراوەکانی هاوینە بۆ دەرچوون و ڕۆژانی گشت و بۆنە و یادەکان بەڕێوە چوو، نمایشەکە بە ئامادەبوونی خەڵك و میوانان و کەسانی پسپۆڕ لە بواری جلوبەرگ، لە ژێر ناوی (نمایشی جلوبەرگی سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٢٢) پێشکەش کرا و، ماوەی یەك کاتژمێر و نیو بەردەوامیی هەبوو، کۆلێکشنەکان بریتی بوون لە پانتۆڵ، کراسی درێژ، تیشێریت و قەمیس و کراسی بۆنە و یادەکان، هەروەها جلی دەرچوون لە نمایشەکە نمایشی ئامادەبووان و میدیا کرا، ساڵانە لە مۆڵەکاندا ئەو جۆرە نمایشە دەکرێتەوە کە لەسەر ستێجێکی کورت و بچووکدا بەڕێوەدەچێ، بەهۆی ئەوەی شوێنێکی تایبەتی نمایشکاری جلوبەرگ لە کوردستان نییە.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە خەڵکی ئۆکرانیا دەکات، کە وڵاتەکەیان خاپوور بووە و ئاڵای سەرکەوتن بەرز دەکەنەوە، سەیری خاکی ژێر قاچیان ناکەن.



## میوزیک

**لە ناسینم ڕاهاتووی**

**Used to Know Me**

یەکێکە لە تراکە بە جۆشەکانی کچە گۆرانیبێژی ئاوداری ئینگلیز ( چارلی ئێکس سی ئێکس) کە لە ئەلبومی Crashی ئەمساڵ بڵاوی کردووەتەوە، لە جۆری Pop music ـە، بە یەکێك لە گۆرانییە تازە و خۆشەکانی ئەمساڵ دادەنرێت، باس لە ناسینی خۆشەویست، یان کەسێکە بۆ کەسێکی دیکە دەکات.

# یاسا




**ئەگەر خانوویەك تاپۆی نەبێت حیجز دەکرێت**

بەپێی مادده ٨٦ لە یاسای جیبەجیکرنی ژمارە ٤٥ ساڵی ١٩٨٠، هەرخانوویەك حیجز کرا، دەبێت دائیرەی تاپۆی لێ ئاگادار بکرێت، واتە دەبێت خانووەکە تاپۆی هەبێت، کەواتە گەر بە یاسا بێت، خانووی بێ تاپۆ (هەوایی، ڕەقەمی شارەوانی و تەوزیعات نوێ) نابێت حیجزی بخرێتە سەر، هەرچەند هۆکار بن بۆ قەرزەکەش، بەڵام بە پشتبەستن بە قەراراتی تەمیزی دەتوانرێت بۆ گەڕاندنەوەی مافەکانت خانوویەك حیجزبکەیت، هەرچەند تاپۆشی نەبێت، لەوانەش قەراری تەمیزی لە دادگای تەمیزی کوردستان ژ (١٧/ دەستەی شارستانی یەکەم / ٢٠٠٣) کە دەڵێت گەر خانوو (عقار ) تاپۆی نەبوو، ئەوە لە کاروباری یاساییدا حیسابی ماڵی گوازراوە (منقول)ی بۆ دەکرێت)، هەروەها لە مادده ١١٥٨ ی یاسایی شارستانیدا هاتووە کە ئەگەر خانوو، یان زەوییەك تاپۆی نەبوو، کەسێك بەنییەت باشی دەستی کەوتبێت ئەوە دوای پێنج ساڵ واحیساب دەکرێت کە مۆڵکی خۆیەتی حیجز دەکرێت.



## فیلم

## چاودێری ساڵ Senior Year




یەکێکە لە فیلمە کۆمەڵایەتیی و سەرکێشیەکانی نێو قوتابخانەیەك، باس لە کچێك دەکات کە سەرکەوتوو نابێت لە خوێندن و چاودێریکردنی قوتابخانە، دوای ٢٠ ساڵ لە دابڕان دەگەڕێتەوە قوتابخانە و دەبێتە شاژنی ڕۆژی دەرچوون و، قوتابخانەکەش بە تەواوی کۆنتڕۆڵ دەکات، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٥١) خولەکە، لە دەرهێنانی ئەلێکس هاردکاسڵ، لە نووسینی براندۆن سکۆت جۆنز، لە نواندنی (ڕێبێل ویلسۆن، ئەنگۆر رایس، ئەلیسیا سیلڤێستر، جۆشوا کۆلی، ئەڤانتیکا ڤاندایو و جەستن هێرتلی )یە.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ڕووی پیشەییەوە هەندێك لێکۆڵینەوەی نوێ لە کارەکەت توشی کرژی و بێتاقەتیی کردوویت، لە پەیوەندیی سۆزداریتدا هەست بە پشوودرێژی و ئارامی دەکەیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، دەروونی خۆت ماندو مەکە بە بیرکردنەوەی خراپەوە.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

پێویست بە سەرنجی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی باشتر کارەکانت جێبەجێ بکەیت و لە کێشە گەورەکان ڕزگاربێت، خۆشەویستەکەت بە قۆناغێکی قورسدا تێدەپەڕێت، هەربۆیە پێویستە زۆر ئاگاداری بیت و هەستی ڕابگریت، ڕەنگە بەهۆی کەمخەوییەوە توشی ئازار و خەمۆکی ببیت.



### جمك ٥/٢١ - ٦/٢٠

ڕەنگە پرۆژەی نوێ و گەورە وەربگریت، بەڵام دەبێت ئامادەییت تێدابێت، بۆ ئەوەی هەندێك قوربانی بدەیت، دەبێت پەیوەندیت لەگەڵ خێزانی خۆشەویستەکەت، یان هاوسەرەکەت جێگیر و پتەو بکەیت، کە ڕەنگە ئەمە قورس بێت لەسەرەتاوە، لە هەمو ئەو شتانە دووربکەوەرەوە کە زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بەرپرسیارێتییەکی زۆر لەسەر شانت دروست دەبێت لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێکی باش، هەوڵ مەدە ڕەخنە لە خۆشەویستەکەت بگریت، چونکە تووشی کێشە دەبیت و پەیوەندیتان تێك دەچێت، هەست بە بێتاقەتی و خەم دەکەیت، باشترە لەپێناو تەندووستیت پشوو بدەیت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ڕەنگە ئەمڕۆ ماندو ببیت و هەوڵ بدەیت باشترین پێشکەش بکەیت، بۆ ئەوەی بگەیت بە ئامانجی سەرەکی لە ڕووی پیشەییەوە، کاتێکی زۆرت پێویستە بۆ ئەوەی نزیك بیتەوە لە خۆشەویستەکەت کەڕەنگە کەمێك قورس بێت، لە ڕووی تەندروستییەوە ڕێنمایی پزیشك لە یادمەکە.




### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

زۆر کاری گرنگ جێبەجێ دەکەیت و پرۆژەی نوێ بنیاد دەنێیت، پەیوەندییەکانت زۆر باشە و سەرکەوتن لەڕێگاتە، دەرگای ژیانت لەسەر خۆشەویستەکەت دامەخە، لەروی تەندروستییەوە ئاگاداری خواردنی شیرینی بە، پێش ئەوەی کێشت زۆر زیاد بکات.

بۆ زانیاریت

## عەصای تەبەختر




عەصای تەبەختر دار عەصایەکە درێژییەکەی (٦٠ سم)ـە سێ بەشی هەیە کە بەدەن ناوەندی عەصاکەیە، بەشی (ئەکرە)بەشە خڕەکەی و بەشی (زج) بەشی پێشەوەی عەصاکەیە ئەفسەرانی صەف «مامۆستایان»بەکاری دەهێنن لە دامەزراوە سەربازییە مەشقییەکاندا، هەروەها ئەفسەری ئێشکگر و رئیس عورفاء وەحدەش، کە دوو ڕەنگی هەیە: ڕەنگی سوور یان قاوەیی کە ئەفسەر بەکاری دەهێنێت، ڕەنگی ڕەش ئەفسەران و ئەفسەرانی صەف بەکاری دەهێنن لەکاتی مەشقکردن، بیرۆکە و مێژووی ئەم عەصایە دەگەڕێتەوە بۆ بەریتانیا، کە لە ساڵی ١٨٧٨ دایانهێنا بۆ ئەو کەسانەی کە نابینان، ڕەنگی دار عەصاکە سپی بوو بۆ ئەوەی جیاوازبن لە نێو هاووڵاتیاندا، ئەم دار عەصایە هاوکاریی نابینایانی دەکرد و ئاراستەی دەکردن، ئەوکات درێژیەکەی ١٠٠ سم یان کەمێك زیاتر بوو، ئەویش بە پێی باڵای کەسە نابیناکە.

لەوەوە بیرۆکەی دار عەصاکە هات و هێنرایە ناو فەصیلەکانی عەسکەری واتا انچباگی عەسکەری، ڕەنگی سپی بوو واتا ئەو سەربازە، یان ئەو ئەفسەرەی کە ئەم دار عەصایەی بە دەستەوەیە کەسێکە ڕێگەی پێ دراوە هەڵەکات ڕاست بکاتەوە و سزای هەڵەکاران و خراپەکارەکان بدات، بیرۆکەکە گوازرایەوە بۆ ئەفسەری مەشق و صەف، چونکە وانەی پراکتیکی و تیۆری دەڵێنەوە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و ئاراستەکردن بەرەو چارەسەری نموونەیی، چ تیۆری بێت یان پراکتیکی، بەڵام جیا کرایەوە لەبری سپی بە ڕەنگی قاوەریی یان سوور بۆ ئەفسەران و ڕەنگی ڕەش بۆ ئەفسەرانی صەف.

## نەخۆشی لاریی مل



ئەم نەخۆشییە یەکێکە لە نەخۆشییە دەگمەنەکانی جیهان، کە لە ملیۆنێك کەس کەسێك تووش دەبێت، ئەو نەخۆشییە لە ماسوولکەکانی مل و سەردا روو دەدەن، بەم هۆیەشەوە کەسەکە ناتوانێت کۆنترۆڵی ملی بکات، بەمەش سەر و ملی بۆ لایەك دەچەمێتەوە، نموونە ئەو کچە پاکستانییەیە، کە لاریی ملی دەگاتە (١٨٠) پلە، ئەو کچە ناوی (ئەفسین کەمبار) ە، تەمەنی نۆ ساڵە، لە ناوچەی (سینگ)ی پاکستانی دەژی، لە تەمەنی هەشت مانگیدا تووشی ئەو نەخۆشییە بووە، لەو کاتەی لەباوەشی دایکی بەربووەتەوە، سەرەتا وایانزانی کە سووڕانی ملی ئاساییە، بەڵام دواتر لەگەڵ گەورەبوونیدا نەخۆشییەکەی لێی دەرکەوت، باوکی دەڵێ: پشکنینی زۆرمان بۆی کردووە و ئەنجامەکانیش بێسوودن، هەر بۆیە تا ئێستا چارەسەرێکی گونجاوی بۆ نەدۆزراوەتەوە.



## پەند و وتە

هینری فۆرد، پیشەوەری ئەمریکی و دامەزرێنەری کۆمپانیای فۆرد، لە ساڵی ١٨٣٦ لە ویلایەتی میشیگانی ئەمریکی لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٤٧ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی سەرنەکەوتن دەڵێت: «سەرنەکەوتن لە هەندێ هەنگاودا، مانای وازهێنان و دەستەوەستان نییە، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی هەنگاوەکە بە ڕێگە و شێوەیەکی دیکە هەوڵی بۆ بدەیتەوە».




## یاریی وێنە

لەم وێنەیدا جگە لە دیمەنی کێوێك، هەروەها چەندین گیانداری گەورە هەن، هەوڵ بدە لە ماوەی یەك خولەکدا بیاندۆزیتەوە و شوێنەکانیان دیاری بکەیت.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەندێك لە هاوکارەکانت خۆیان بێدەنگ کردووە و دەیانەوێت بەربەست لەسەر ڕێگەی کارکردنت دروست بکەن، کەسایەتیت سەرنجی هەموان ڕادەکێشێت بەهۆی پەیوەندیت لەگەڵ کەسانی دیکەدا، لە هەمانکاتدا هەست بە ئارامیی دەروونی دەکەیت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کار کاتێکی زۆری لە ژیانت داگیرکردووە، هەربۆیە دەبێت بەشێوەیەکی چالاك و ورد کارەکانت بکەیت، بۆ ئەوەی باشترین پێشکەش بکەیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە پەیوەندیت لە ئێستادا رۆتینییە و هەوڵ بدە بەهۆی پڕۆژەی نوێیەوە ئەو رۆتینە مەهێڵە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەلایەنی پیشەیی و کارەوە،لە بەردەمتدا کارێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بگەیتە ئامانجی سەرەکی، خۆشەویستەکەت زۆر هەستیار و دڵ ناسکە، هەربۆیە بە قسەی ناخۆش هەستی بریندار مەکە و خۆشەویستیی خۆتی بۆ دەر ببڕە، ئەگەر تەندروستیت ناجێگیرە پێویستە سەردانی پزیشك بکەیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئاگاداری کارەکانت بە و زیاتر سەرنج بدەرە سەر شێوازی پلانی کار و چۆنێتیی جێبەجێکردنیان بە وردی، هەوڵ بدە پەیوەندیی سۆزدارییت بە یەکسانی ڕابگریت، بێبایەخی زیان بە پەیوەندییەکەتان دەگەیەنێت، لە رووی تیندروستییەوە کاتێك بۆ وەرزش تەرخان بکە.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کارە گرنگەکان جێبەجێ دەکەیت بەتایبەتی ئەوانەی لێت داواکراوە و سەرسامی بەرپرسەکانت بەدەست دەهێنیت، ڕاستگۆیی لە گفتوگۆدا بەرامبەر خۆشەویستەکەت، بنەمای سەرەکییە بۆ ئەوەی بەردەوام بن، تەندروستیت تا ڕادەیەکی باش جێگیرە.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

زۆر گرنگە بە وریاییەوە کارەکانت جێبەجێ بکەیت، بیرۆکەی باش و گونجاو هەیە بۆ ئەوەی ژیانی سۆزدارییت بەرەو پێشەوە بەریت و، پێگەیەکی نوێ بگریت، تەندروستیت پێویستی بە چاودێریی پزیشکی هەیە، دەبێت کەمێك بەئاگابیت و خۆت فەرامۆش نەکەیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media





www.gulanmedia.com

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626